University Of Halabja

# Halabja University Journal




# گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە

## گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە
## زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات

### HALABJA UNIVERSITY JOURNAL


Halabja University Journal (HUJ) is a quarterly academic journal published by the University of Halabja,, Kurdistan, Iraq. HUJ has a print-ISSN: 2412- 9607 and an electronic-ISSN: 2617-3360. HUJ is an international, multi-disciplinary, multi-language journal that publishes original research articles as well as review articles around the world.

١٤٤٣ کۆچی   2022 زاینی   ٢٧٢٢ کوردی



Website
www.huj.uoh.edu.iq

Email Address
huj@uoh.edu.iq

Kurdistan Region,Iraq
Halabja governorate
Ababayle

# ڕەوت و شێوەکانی گێڕانەوەی ڕووداوی سیاسی لە ڕۆمانەکانی (ماردین ئیبراهیم) دا

**ساکار دلشاد عثمان[١]، نەجم خالید ئەڵوەنی[٢]**
[١،٢] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین ، شاری هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: Sakar.othman@su.edu.krd

## پوخته:

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی ( ڕەوت و شێوەکانی گێڕانەوەی ڕووداوی سیاسی لە ڕۆمانەکانی (ماردین ئیبراهیم) )دایە، ئامانج لەم توێژینەوەیە باسکردنی تەکنیکەکانی گێڕانەوەیە، لەپاڵ تەکنیکەکانیشدا تیشک خراوەتە سەر دەرکەوتەی خراپی ڕووداوەسیاسییەکان لە سەر چارەنووسی گەلان، بەتایبەتی ئەوگەلانەی لە ڕۆمانەکانی سنووری باسەکەماندا ئاماژەیان پێدراوە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە ڕەوتەکانی زەمەنی گێڕانەوە وەکو( ڕەوتی هەڵکشاو، ڕەوتی داکشاو، ڕەوتی لولپێچ) و شێوەکانی گێڕانەوەی ڕووداوەسیاسییەکان وەکو( شێوەی تێکهەڵکێش، شێوەی نۆرەیی، شێوەی بازنەیی) بە وردی ڕوونبکرێتەوە. بە پێی ئەم توێژینەوەیە دەرکەوتووە ڕۆمانەکانی ماردین ئیبراهیم خاوەن بنیاتێکی بەهێز و کاریگەرن لە ڕووی چنینی ڕووداوەکان و گێڕانەوەیاندا. یەکێک لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی کەوا بەشێوەیەکی گشتی ڕەوتی داکشاو لە ڕەوتەکانی دیکە زیاتر بەکارهاتووە، و شێوەی تێکهەڵکێشیش بە ڕاددەیەکی فراوانتر لە شێوەکانی دیکە ڕۆمانەکانی پێ دەوڵەمەند کراوە.

**وشە کلیلییەکان:** ( ڕووداو، گێڕانەوە، سیاسەت )

## ملخص:

دراستنا هذه و الموسومة ب(مسارات واشكال سرد الأحداث السياسية في روايات ماردين ابراهيم). تتناول تقنيات السرد والتمظهرات السلبية للأحداث السياسية في مصير الشعوب، ولا سيما الشعوب التي اشارت إليها النماذج الروائية الواقعة في نطاق هذا البحث الذي تحاول فيه الباحثة ان توضح بدقة، مسارات زمن السرد مثل: ( المسار الصاعد، المسار الهابط و المسار الحلزوني). كما وضحت اشكال سرد الأحداث السياسية مثل: ( التداخل السردي، السرد التناوبي، والسرد الدائري).

اوضحت الدراسة أن روايات (ماردين ابراهيم) تمتلك بنية قوية ومؤثرة من حيث حبك الأحداث و سردها. وتوصلت في إحدى نتائجها إلى ان الروائي وظف المسار الهابط اكثر من المسارات الاخرى، وكذلك اثرى رواياته بالتداخل السردي اكثر من الأشكال السردية الأخرى.

**الكلمات المفتاحية:** الحدث، السرد، السياسة

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٧ ژمارە ١ ساڵی(٢٠٢٢) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢١/١٢/٤ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٢/٢ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٢/٣/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | Sakar.othman@su.edu.krd |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٢ ساکار دلشاد عثمان، پ. ی. د. نەجم خالید ئەڵوەنی، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## Abstract:

This research is entitled (The Routes and forms of Narrating Political Events in Mardin Ibrahim's Novels). The aim of this research is to discuss the narration techniques, alongside this, the political events bad consequences on the nations' destiny is highlighted, especially those nations referred to in the novels of our framework. In this research, it is attempted to accurately clarify the narration time trends like rising route, falling route and twisting route, as well as clarifying the narration forms of the political events, like amalgamating and blending form, turn taking form and circular form. According to this research, it is realized that Mardin Ibrahim's novels have strong and effective construction with reference to the events levels and their narrations. One of the findings of this research is that the falling route is generally used more than the other routes, and amalgamating and blending form is more broadly used than the other forms to enrich the novels.


**Key Words:** Event, Narration and Politics

## پێشەکی :

ڕووداو یەکێکە لەو توخمە گرنگانەی لە بنیاتی دەقی هەموو ڕۆمانێکدا ئامادەیە، وەکو کەرەستەیەکی سەرەکی گێڕانەوە بە هاوکاری لەگەڵ توخمەکانی دیکەدا بنیاتی هونەریی ڕۆمان پێکدەهێنن. گرنگی و بەهونەریکردنی ڕووداویش دەکەوێتە ئەستۆی گێڕانەوە، واتە هەر ڕووداوێک ئەگەر گێڕانەوەیەکی جوانی بۆ بکرێت، جوان دەردەکەوێت، دەکرێ ڕووداوێکی کاریگەر بەهۆی گێڕانەوەیەکی لاوازەوە فەرامۆش بکرێت، بەهەمان شێوە ڕووداوێکی ئاسایی بە گێڕانەوەیەکی کاریگەر ببێتە شاکارێک.

ئەم توێژینەوەیە کە لە ژێر ناونیشانی (ڕەوت وشێوەکانی گێڕانەوەی ڕووداوی سیاسی لە ڕۆمانەکانی (ماردین ئیبراهیم) ) دایە، هەوڵێکە بۆ شیکارکردنی ڕووداوە سیاسییەکانی ڕۆمانەکانی ماردین ئیبراهیم لەنێو ڕەوت و شێوەکانی گێڕانەوەدا، بۆ ئەم مەبەستەش پەیڕەوی ڕێبازی (ڕەخنەی بنیاتگەری پێکهاتەیی) کراوە، کە میتۆدێکە گرنگی بە لایەنە هونەرییەکانی ناوەوەو دەرەوەی دەق دەدات لە ڕووی شێوەو ناوەڕۆکەوە، هیچ کامێکیان فەرامۆش ناکات لە توێژینەوەی دەقی ئەدەبیدا، هەوڵ دەدات دەق لە بونیادە داخراوەکەی تێپەڕێنێت و بە سیاقە کۆمەڵایەتییەکەیەوە ببەستێتەوە.

گرنگی توێژینەوەکە، وردبوونەوەیە لە ڕەوت و شێوەکانی گێڕانەوەی ڕووداوە سیاسییەکانی نێو ڕۆمانەکان و خستنە ڕووی کۆمەڵێک وردەکاری گرنگ کە گێڕانەوەکانی جوانتر کردووە لە ڕووی ئێستاتیکاوە.

کەرەستەی توێژینەوەکە بریتییە لە ڕۆمانەکانی ( خەونی پیاوە ئێرانییەکان، کەوتنی بۆرە قەڵا لە حیکایەتێکی کۆندا، مەرگی مەیموون، دەفتەری پیرانی غەمناک).

پێکهاتەی توێژینەوەکە لە پوختەو پێشەکی و دووبەشی سەرەکی پێک دێت، بەشی یەکەم سێ تەوەر لە خۆی دەگرێت، لە تەوەری یەکەمدا باسی ڕەوتی هەڵکشاومان کردووە و لە تەوەری دووەم ڕەوتی داکشاو، و لە تەوەری سێیەمیشدا ڕەوتی لولپێچ کە نوێترین ڕەوتی گێڕانەوەیە لە چوارچێوەی گێڕانەوەی ڕووداوەسیاسییەکان باسکراون. بەشی دووەمیش لە سێ تەوەر پێکدێت، لەتەوەری یەکەم باسی شێوەی تێکهەڵکێش و لە تەوەری دووەم دا باسی شێوەی نۆرەیی،و تەوەری سێیەمیش کە دوا تەوەرە تایبەتکراوە بە شێوەی بازنەیی. لە کۆتاییشدا ئەنجامی توێژینەوەکەو لیستی سەرچاوەکان خراونەتە ڕوو.

## بەشی یەکەم:- ڕەوتی گێڕانەوەی ڕووداو:

ڕووداو یەکێکە لەو توخمە گرنگانەی گێڕانەوەی ڕۆمان کە بە هاوکاری لەگەڵ توخمەکانی دیکەدا بنیاتی ڕۆمان پێک دەهێنن، دەکرێ بڵێین ڕووداو بەنەفەسی گێڕانەوە دادەنرێت لەبەرئەوەی هەبوونی ڕووداو لە چیرۆک و ڕۆماندا مەودای گێڕانەوە فراوان دەکات و هەروەها هەموو توخمەکانی دیکەی وەکو کارەکتەرو شوێن و کات لەخۆیدا جێدەکاتەوە، (( کەواتە ڕووداو ئەو توخمەیە کە پرۆسەی گێڕانەوەی لەسەر بنیات دەنرێ لە ڕووبەڕووبوونەوەی کارەکتەرەکانی لە چوارچێوەی کات و شوێنێکی دیاریکراودا ئەم ڕوو بە ڕووبوونەوانەش لە ڕێی هۆو هۆکارەوە لە بەدواهاتنێکی ڕێک و پێکدا یاخود بەشێوەیەکی تێکشکێنراو بە پێی ڕەچاوکردنی هۆو هۆکار دەخرێنە ڕوو))(سعید، ٢٠١٣ ، ٢٢).

بایەخ و گرنگیی ڕووداو لە ڕۆماندا ناوەستێتە سەر گەورەیی یاخود سادەیی ڕووداوەکە، بەڵکو ئەوە شێوازی گێڕانەوەو چۆنیەتی مامەڵەکردنی ڕۆماننووسە لەگەڵ ڕووداو و توخمەپێکهێنەرەکانی بنیاتی ڕۆمان کە چۆن لە قالبێکی هونەریدا دایان دەڕێژێت، ((چونکە پەیوەندی نێوان توخمەکانی ڕۆمان ( کات، شوێن، کارەکتەر، ڕووداو) پەیوەندییەکی تەواوکارییە. جیاکردنەوەیان لە یەکتری کارێکی ئاسان نییە تەنیا لە ئاستی تیۆری دا نەبێت. کەواتە ڕووداو توخمیکی گرنگی بنیاتە، بەڵکو دەکرێ بڵێین بڕبڕەی پشتی هەریەک لە توخمەکانی کات-شوێن، کارەکتەرو زمانە، بەڵام چۆنیەتی ڕێکخستن لە گێڕانەوەی ئەم توخمانەو ئاوێتەکردنیان لەناو یەکتری بە پێی سەردەم دەگۆڕێت))( خاڵەدیوە، ٢٠١٠، ١٥).

ئەرستۆ بایەخێکی زۆری بە ڕووداو داوەو لەکتێبی(هونەری شیعر)دا لە بارەی ڕووداوەوە دەڵێت: ((لەهەموو توخمەکان گرنگتر چنینە، واتە ڕێکخستنی ڕووداوەکانە، چونکە بێگومان تراژیدیا لاساییکردنەوەی کەسەکان نییە، بەڵکو لاساییکردنەوەی کردەوەو ژیان و بەختەوەری و بەدبەختییە، بەختەوەری و بەدبەختی مرۆڤیش بە کردەوەوە بەستراوەتەوە.))(ئەرستۆ: ٢٩).

لەبارەی ڕووداوەوە ژیرارژینێت دەڵێت: )(ڕووداو پەیامێکە یان ئاماژەیەکە بۆ شتێک، وەکو نێردراوێکە شتێکمان بۆ دێنێت و شتێکمان پێدەڵێت() (Genette,1980,40 )

هەر لە بابەت گێڕانەوەی ڕووداوەوە ژیرارژینێت پێی وایە: ((ڕووداو لە هەر گێڕانەوە و باسکردنێکدا بێت، واتە، هاتنە ئارای گۆڕانکارییەک جا لە خودی پلۆتی کارەکە، یان لە دید و خوێندنەوە و تێگەیشتنی ئێمە بۆ کارەکتەرەکان. هەربۆیە پێکهێنەر و دروستکەری زنجیرەی چیرۆکەکە و کارەکەیە. بۆ نموونە، پێکهاتەی ڕۆمانێک دەکەوێتە سەر دروستکردن و ڕێکخستن و ڕیزکردن و بەیەکەوە بەستنەوەی ڕووداوەکانی)( Genette,1980,38 )

ئیڤان مارشاڵ دەڵێت: (ڕووداو واتە هێڵ و ڕێڕەوی چیرۆکەکە یان کارە ئەدەبیەکە، ڕووداو واتە ئەو بەسەرهاتە بایەخدارانەی کە بەسەر کارەکتەرەکان دادێن. بەگشتی، ڕووداو واتە، وەسفکردنی هەموو بارودۆخەکان و تەواوی ئەو شتانەی کە ڕوودەدەن. هەروەها دەڵێت: ڕووداو هەر شتێکی ئاسایی نییە کە ڕوودبدات، بەڵکو دەبێت گۆڕانکارییەک بێنێتە کایەوە و کاریگەرییەک لەسەر ئەو کارەکتەرەی پێوەی پەیوەستە جێبێڵێت) (Marshall,1998,148).کەواتە لە خستنەڕووی ئەو پێناسانەی سەرەوە دەکرێ بڵێین ڕووداو ئەو توخمە سەرەکییەی بنیاتی ڕۆمانە کە پرۆسەی گێڕانەوەی لەسەر بنیات دەنرێ و هۆکارێکە بۆ خستنەجووڵەو دروستکردنی ململانێ لە نێوان کارەکتەرەکان لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا.

لەبەر ئەوەی ڕووداو پەیوەندی بە زەمەنەوە هەیەو زەمەنیش لە ڕۆماندا لەسەر یەک هێڵی ڕاستەوخۆ ناجووڵێتەوە، بەڵکو چەند ئاراستەیەکی جیاواز وەردەگرێت، بۆیە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا بەگوێرەی بنیاتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکان ئەو جووڵەیەمان دابەشکردووە بەسەر سێ ڕەوتداو بۆ باسکردنی هەر ڕەوتێکیش تەوەرێکمان بەم جۆرەی خوارەوە تەرخان کردووە.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## تەوەری یەکەم: ڕەوتی هەڵکشاو:

لەم ڕەوتەدا هاوئاهەنگییەک لە نێوان زەمەنی نووسین و سەردەمی ڕۆمانەکەدا هەیە ڕووداوەکان هاوتەریب لەگەڵ جووڵەی نووسینەکەدا دەچنەپێش، لەم شێوەیاندا (( بەرەو ڕووی ڕووداوێکین کە لە ئێستا بەرەو داهاتوو دەڕوات، ڕۆماننووس جۆرێکی ڕێکخستووە کە زەمەن بەرەو هەڵکشانە. ئەمەش جۆرێکە کە هاوڕەوتی لە نێوان زەمەنی نووسین و زەمەنی ڕووداو هەیە، ڕووداوەکان لەم ڕەوتەدا یەک بە دوای یەکە لە ڕێکخستندا هەروەکو چۆن لە چیرۆکە کلاسیکییەکاندا بەرچاو دەکەوێت.))(بوراین، سلام، ٢٠١٦، ٨). واتا ڕووداوەکان بەشێوەیەک ڕێکخراون کە لە منداڵییەوە دەستپێدەکات تا لاوێتی و پیربوون ومردن، قۆناغەکانی ژیان وورده وورده دەچنەپێش. لە ڕەوتی هەڵکشاودا جووڵەی زەمەن بەرەو دواوە دەوەستێ و ڕوو لە ئایندە دەکات، کەواتە دەکرێ بگوترێ لەم ڕەوتەدا (( ڕووداوەکان لە خاڵێکی ئێستای گێڕانەوەوە دەستپێدەکەن و بەردەوام بەرەو ئایندە دەچن، بێ گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، ئەگەریش ئەم گەڕانەوەیەی تێدا هەبوو، تەنیا لە سنوورێکی تەسکدا ڕوودەدات))(العاني، ١٩٩٤، ٧٥-٧٦).

## - ڕەوتی هەڵکشاو لە ڕۆمانی( کەوتنی بۆرە قەلا لە حیکایەتێکی کۆندا):

لە ڕۆمانی (کەوتنی بۆرە قەلا لە حیکایەتێکی کۆندا) ڕۆماننووس بە شێوەیەکی سەیر لە ڕابردوویەکی دوورەوە دێتەوە بۆ ئێستا، ئەمەش بازدانێکە لە ڕووی کاتەوە بە مەودای پێنج سەدە. ئەم بازدانەش گەمەکردنێکی جوانە بەکات لە لایەن ڕۆماننووسەوە، وادەکات دەقەکە سەرنجڕاکێشتر دەربکەوێت و چێژێکی زیاتریش بەخوێنەر بدات. گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا تا ڕادەیەکی زۆر پشتی بە دیالۆگ و مۆنۆلۆگ و فلاشباک بەستووە، لە ڕێی ئەم سێ جۆرەی تەکنیکی گێڕانەوەوە کۆمەڵێک زانیاری لە بارەی کارەکتەرو ڕووداوەکانەوە پێشکەشی خوێنەر کراوە. بگێڕەوەی ئەم ڕۆمانە دابەشبووە بەسەر دووجۆردا، ئەوانیش بگێڕەوەی هەمووشتزان و بگێڕەوەی هەمان شتزانە، بەشێوەیەک لە گێڕانەوەی ڕووداوە هەڵکشاوەکاندا بگێڕەوە لە جۆری هەموو شتزانەو ئاگادارە لە هەموو ئەوشتانەی لەناو زەینی کارەکتەرەکەدا هەیە و بۆ خوێنەری دەگوازێتەوەو (( توانای ئەوەی هەیە کە هەموو شتێک دەربارەی کارەکتەرو ڕووداوەکان بزانێت لای ئەم حەکایەتخوانە کارەکتەر هیچ شتێکی شاراوەی نییەو تەنانەت ئەوەی کە دەبێ لەناو خۆیدا بیشارێتەوە، حەکایەتخوان ئاگای لێیەو بۆ خوێنەرانی ئاشکرا دەکات ))( ئەلوەنی، ٢٠١٥، ٢٠).

لە ساڵی (١٤٠٠) ی زایینی کاتێک دیمەشق لەلایەن مەغۆڵەکانەوە داگیردەکرێت، لە یەکێک لەو شەوانەی کەوا تەیمورلەنگ بە مەبەستی کەیف و سەفا، زاناو هونەرمەندان و حیکایەتخوانەکان کۆدەکاتەوە، لەوشەوەدا باوکی کارەکتەری سەرەکی کە پیشەی حیکایەتخوانییەو ئاماژە بەناوەکەی نەکراوە، لەلایەن تەیموورەوە داوای لێدەکرێت چیرۆکێکی نوێ بگێڕێتەوە کە لەوەو پێش نەبیسترابێت، هەروەک لە دەقەکەدا لە لاپەڕە ( ٢١٣) دا هاتووە: (( باوکم وتی: من ئەمشەو چیرۆکێکی ناوازەتان بۆ دەگێڕمەوە و بە پێچەوانەی هەموو ئەو چیرۆکانەی پێشتر دەربارەی ڕابردوو گێڕاومەتەوە، ئەمشەو چیرۆکێکە سەبارەت بە ئایندەیە.

تەیموور پرسی: ئەوەش پێشگۆییە؟

باوکم وتی: نەخێر ئەوە تەنیا چیرۆکێکە، کە باس لە ئایندە دەکات)).

لە کاتێکدا زەمەن لە کاتی خوێندنەوەی حیکایەتەکە لە سەدەی چواردەیە، بەڵام چیرۆکەکە باسی زەمەنێک دەکات کە دەکەوێتە سەدەی بیستەم، هەر وەک لە دەقەکەدا لە لاپەڕە (٢١٤)دا هاتووە: (( باوکم وتی: من ئەمشەو چیرۆکی پێنج پیاوتان بۆ دەگێڕمەوە، جەنگێک لە کۆتایی سەدەی بیستدا ژیان و چارەنووسیان بە شێوەیەکی ترسناک دەگۆڕێت)).

لێرەدا ئەو حیکایەتخوانە لە زەمەنی ئێستادا باسی ڕووداوێک دەکات کە لە ئایندەیەکی دووردا ڕوودەدات، ئەمەش هەڵکشانێکی جوانە لە ڕووی تەکنیکی گێڕانەوەوە هێڵێکی زەمەنی دوور دەبڕێت، ڕۆماننووس دەیەوێت لەڕێی باسکردنی ژیانی ئەو پێنج پیاوەوە باسی تراژیدیای

جەنگی عێراق و ئێرانمان بۆ بکات کە چۆن مەملەکەتێک وێران دەکات، چۆن وەک تاعوون بەردەبێتە گیانی نەتەوەیەک. دەچێتە ناو دیوە تاریکەکانی دونیای سیاسەتەوە کە هیچ بەڵگەنامەیەک زات ناکات لەخۆیدا جێگایان بکاتەوە. پێمان دەڵێت سیاسەت چ بۆگەنییەک بە دونیادا بڵاودەکاتەوە. بەرزی ئاستی هونەریی ئەم دەقە لەوەدا دەردەکەوێت کە ڕۆماننووس توانیویەتی دوو ڕووداوی واقیعی و مێژوویی جەنگ بگوازێتەوە نێو دونیای ئەدەب و بە تێکەڵکردنی لەگەڵ خەیاڵ دا دەقێکی هونەریی بەرزی لێ بخوڵقێنێت، بەجۆرێک لە هەناوی چیرۆکی یەکەمیانەوە دەچێتە ناو چیرۆکی دووەم، ئەمەش بەجۆرێکە کەوا هەریەک لە چیرۆکەکانی نێو دەق ڕۆمانەکە هەموو خاسیەتێکی بوون بە دەقێکی کامڵیان تێدایەو دەکرێ بە دەقێکی سەربەخۆش پێشکەش بکرێت. هەر لە ڕێگەی ئەم دەقەوە ڕۆماننووس کارەساتەکانی جەنگ و وێرانکاری و بەدڕندەبوونی مرۆڤی بەشێوەیەکی باڵا بەرجەستەکردووە.

لەم دەقەدا ڕۆماننووس لە ڕێی باسکردنی ژیانی پێنج پیاوەوە نەهامەتی میللەتێک دەنووسێتەوە کە بە هۆی جەنگەوە لەبار یەک دەترازێن. بە گوێرەی ئەوەی لە لاپەڕە (٢٢٣) دا هاتووە، ئەو پێنج پیاوە خەڵکی گوندی بۆرە قەڵان، کە گوندێکی دوورو لاتەریکی کوردستانە: (( ئەوێ دەمێ جەنگی ئێران و عێراق هەڵگیرسا، کەس نەیدەزانی هێندە توڵ دەکێشێ، لە فیکری کەسدا نەبوو ئەو هەموو کارێگەرییەی دەبێت بۆ سەر گوندێکی لاکەوتەو بێدەنگ و کپ و دوورە دەستی وەک بۆرە قەڵا)) ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ چارەنووسی هەموو ئەو گوندو شارو شارۆچکانەی کەوتبوونە نێو قەڵەمڕەوی ئەم حکومەتەوە.

ڕووداوەکانی نێو ئەم بەشەی ڕۆمانەکە کە دەکەوێتە خانەی هەڵکشاوەوە، بە جۆرێکە کە لە دەستپێکدا لە ئێستاوە بەرەو ئایندە دەڕوات، ئەگەر بۆ ڕابردووش بگەڕێتەوە لە سنوورێکی زۆر تەسکدا دەبێت، بە شێوەیەکە کار لە ڕەوتی گێڕانەوەکە ناکات.

سەرەتای ڕووداوەکان بە ڕێککەوتنێک دەستپێدەکات کە لە لایەن پێنج گەنجی ئەم گوندەوە دەکرێت. بە مەبەستی خۆ ناساندن بە بنکەکانی ناوتۆمارکردن و بوونە سەرباز و ناردنیان بۆ بەرەکانی جەنگ، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو بێزارییەی کە دووچاری ببوون بە هۆی خۆشاردنەوەیان لەو مەفرەزانەی بە وەخت و ناوەخت خۆیان دەکرد بە گوند دا بۆ دەستگیرکردنی ئەوگەنجانەی گەیشتبوونە تەمەنی سەربازی. ئەو پێنج گەنجەش بە ئومێدی ئەوەی ئەو جەنگە زۆر درێژە ناکێشێت و دەگەڕێنەوە. بەرەو ڕیزەکانی جەنگ ڕۆیشتن. کە دەق ڕێککەوتنەکە وەک لە لاپەڕە (٢٣٠) دا هاتووە بەم شێوەیە: (( بۆ خەڵکی خۆشەویستی بۆرە قەڵا، ئێمە ئەو کەسانەی لەخوارەوە ئیمزامان کردووە، ڕایدەگەیەنین کە دەڕۆین بۆ سەربازی. ئێمەش وەکو ئێوە ڕقمان لەم حکومەتەیەو هیوادارین بە زووترین کات بە هۆی ئەم جەنگەوە بڕوخێت. کەستان نییە نەزانێت کە ئێمە بە خۆشی خۆمان نییە مل بەو ڕێگە سەخت و نادیارەوە دەنێین، بەڵام پێمان بڵێن ئەی چیبکەین؟...ئەگەر نەچین بۆ سەربازی یان دەبێت بچینە ناو ئەو چەکدارانەی لە شاخ دژی ڕژێم دەجەنگن...ئێمەش بکەوینە تەک تاقمێک و دەست بکەین بە کوشتنی تاقمێکی تر...یاخوود ببینە جاش. پێتان خۆشە ببینە جاش؟)) هەر لەم ڕاگەیانراوەدا ئاماژە بە دوو دیاردەی سیاسی ناشیرن لەم سەردەمەدا کراوە، ئەوانیش ناکۆکی و بەربەرەکانی تاقم و حیزبە سیاسییەکانی کوردە و جاشایەتی و فرۆشتنی نەتەوەو میللەت، کەببوونە مایەی بێزاری و شەرمەزاری خەڵکی کوردستان.

ڕۆماننووس تەونی ڕووداوەکان بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ دەچنێ و لە ڕێی بگێڕەوەیەکی هەمووشتزانەوە بۆمانی دەگێڕێتەوە، بە جۆرێک بەر لە تەواوبوون و کۆتایی هەر ڕووداوێک دەچێتە ناو ڕووداوێکی دیکەوەو پێویستە خوێنەر ئەو ڕووداوە کەرتکراوانە لەیەک بداتەوە بۆ گەیشتن بە کۆتاییەکانیان، بێگومان ئەمەش چێژێکی تایبەت بەخوێنەر دەبەخشێت. یاخود لە زۆر شوێندا کۆتایی ڕووداوێکمان دەداتێ و پاشان لە لاپەڕەکانی دواتردا بەدرێژی باسی دەکات.

لەیەکێک لەو ڕووداوانەدا باسی هێرشی ئێرانییەکان بۆسەر بازگەیەکی عێراقی دەکات کە مەلیک کەیکاوسی بۆرە قەڵای تێدایە وەک لە لاپەڕە (٢٦١) دا هاتووە: (( گرمەی دنیا لەرزێنی ناپاڵمەکان و دواتر بێدەنگییەکی کپ. دوای ئەوەی فڕۆکەکان وەک لەو زەمانەدا دەیان ووت،


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

گەڕانەوە بنکەو بارەگاکانی خۆیان، لە موبەقەکەدا هەموو شتێک کۆتایی پێهاتبوو)).

هەروەها لە گێڕانەوەی ڕووداوێکی دیکەدا کە لە ئەنجامی هێرش و پەلاماری سوپای ئێران بۆسەر سەربازگەکانی عێراق، بەر لەوەی باسی چۆنیەتی پەلامارەکەو ڕووداوەکە بکات کە چۆن ڕوویداوە، یەکسەر دێتە کۆتایی و ئەو شوێنەی کەوا سیامەند لە نەخۆشخانە بە هۆش خۆی دێتەوە، وەک لە لاپەڕە (٢٦٤) دا باسکراوە: (( سیامەند هەستی بە کزانەوەیەک و ئازارێکی نیان کرد لە قاچی چەپیدا. خۆی جوڵاند و لەسەر قەرەوێڵەکەی دانیشت و ویستی دەست درێژ بکات بۆ ئەو شوێنەی ڕانی، کە ئازارەکەی لێوەدەهات، چاوی کەوتە سەر بۆشاییەک، بۆشاییەک کە لە لەفافەکەی ڕانییەوە بۆ خوار قەرەوێڵەکە درێژ دەبووەوە. سیامەند بۆی دەرکەوت قاچی بڕدراوەتەوە)).

لە لاپەڕە (٢٧٦) دا بگێڕەوە ڕووداوی کوشتنی سەرهەنگ عبدالجبارمان بۆ دەگێڕێتەوە کە بە دەستی لوقمانی حەکیم دەکوژرێ کاتێک سەرهەنگ عبدالجبار دەیەوێت دەستدرێژی سێکسی بکاتە سەری: (( سەعات یەک و سی و شەش دەقەی نیوەشەو لوقمانی حەکیم بە هەموو توانای خۆیەوە، چەقۆیەکی ڕاوەشاند و دای لەسەر دڵی سەرهەنگ عبدالجبار)).

هەروەها لە لاپەڕە (٢٩٢) دا تراژیدیای ئەنفالمان بەبیردێنێتەوە کاتێک ڕووداوی مردنی سورمەی کچی سیامەندمان بۆ دەگێڕێتەوە ئەوکاتەی لەبیرەکەدا دەری دەهێنن، کە دوو ساڵ لەمەوبەر سەربازێکی کوردی خەڵکی خانەقین لە سەروبەندی ئەنفال و ڕاگواستنی کوردەکان لە بیرێکدا دەیشارێتەوە بەو نیازەی دواتر ڕزگاری بکات: (( ئەوەی بینیيان لەناو بیرەکەدا، ئەوەبوو پەیکەرێکی ئێسقانی بچکۆلە لەسەر لاتەنیشتی چەپ، لەسەر پارچە کۆنکرێتە زلەکان پاڵکەوتبوو، وەک ئەوەی سەرخەوێک بشکێنێت، وەک ئەوەی منداڵێک بێت بە ئەنقەست خۆی کردبێت بە خەوتوو...)).

لەکۆتایی دا بگێڕەوە دەمانباتەوە سەر ڕووداوی کوشتنی مەلیک کەیکاوس، کە دوای ئەوەی ئەو هەموو ماڵوێرانییەی لە ئەنجامی شەڕە نەبڕاوەکانی عێراق و پەلامارەکانی سوپای ئێراندا بەسەریدا هات، کە بەو دەردەیان بردوو ڕوخساری بەشێوەیەک سوتابوو کە هەتا مابوو نەیتوانی بێتەوە ناو ئاوەدانی و خەڵک و هەموو خەونەکانی لە گۆڕنا، دواجاریش لە ئەنجامی ململانێی نێوان حیزبە سیاسییەکان بووە قوربانی و ئەو ژیانەشیان پێ ڕەوا نەبینی، دوای ئەوەی شەوێک وەک هەموو شەوانی دی لەکاتی چونە ناو ئاوایی لە چەمێکدا ڕێژنەی گوللەی بەسەردا دەبارێنن هەریەک بە گومانی ئەوەی سیخوڕی لایەنەکەی دیکەیە، لە ئەنجامدا دەپێکرێ و تەرمەکەی لە بەردەم مزگەوتی ئاواییدا فڕێ دەدەن: (( لەگەڵ لابردنی کڵاوەکە سیامەند لەپڕ بەشێوەیەکی چاوەڕێنەکراو، وەک ورچێک چەپۆکێکی کێشا بە خۆیدا و هاواری کرد، مەلیک کەیکاوس؟ مەلیک کەیکاوس؟ مەلیک کەیکاوس؟...))(ل-٢٩٨).

## - تەوەری دووەم: ڕەوتی داکشاو:

گێڕانەوەی ڕووداو لە ڕۆمان دا لەسەریەک ڕەوت ناچێت بەڕێوە، چونکە ڕۆمان پانتاییەکی فراوانی هەیەو گوزارشت لە واقیع دەکات، بۆیە دەچێتە ناو وردەکاری ڕووداوەکانەوە و بۆئەمەش پێویست دەکات بە ڕابردووی کارەکتەرەکاندا بچێتەوە، لەبەرئەوە دەکرێ بڵێین لەم ڕەوتەدا (( ڕووداوەکان لە خاڵێکی ئێستای گێڕانەوەوە دەستپێدەکەن و بەرەو ئایندە دەچن، بەڵام بەردەوام، بە هەندێ ئامرازو تەکنیکی جیاواز بۆ ڕابردوو دەگەڕێنەوە))( العاني، ١٩٩٤، ٧٥-٧٦). ئەم تەکنیکەش لە ڕۆمانەکانی (ماردین ئیبراهیم) دا بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش پەیڕەو کراوە.

## - ڕەوتی داکشاو لە ڕۆمانی (خەونی پیاوە ئێرانییەکان )دا:

لە خەونی پیاوە ئێرانییەکاندا کە لە خاڵێکی داکشاوەوە دەستپێدەکات، نووسەر لە نێو لاپەڕەکانی کتێبێکدا دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ڕابردوو کە لە لایەن کچێکی بیست و شەش ساڵانەوە نووسراوە بە ناوی (ئۆفیلیا) کە توانای قسەکردنی نەبوو، ئۆفیلیا یەکێکە لە کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە. ئەم ڕۆمانە لە لایەن بگێڕەوەی هەمانشتزانەوە گێڕدراوەتەوە،ئەم جۆرەی بگێڕەوەش ((هەمان ئەو شتانە دەزانێت کە کارەکتەرەکانی نێو چیرۆکەکە دەیزانن، واتە بڕی ئەو زانیاریانەی لای حیکایەتخوانە، یەکسانە بەبڕی ئەو زانیاریانەی لای کارەکتەرەکانی ترە،

بەمەش زانیارییەکانی ئەمجۆرە حیکایەتخوانە خۆی چڕکردۆتەوە لەوەی، کە کارەکتەر دەیبینێ و دەیبیستێ و تێ ی دەگات))(نوری ، ٢٠٢٠، ١٨٦)، ئەم تەرزەی گێڕانەوەش پێویستی بە بەکارهێنانی کاتی ئێستاو جێناوی (من) هەیە. ئەم جێناوەش خوێنەر بە جۆرێک تەفرە دەدات کە وابزانێ ئەوە کارەکتەرەکەیە کاری گێڕانەوەکە ئەنجام دەدات. بەڵام ئەم گێڕانەوەیە شێوازێکی درامی وەردەگرێ و وەک ئەوەیە کارەکتەرەکان لە سەر شانۆ نمایش بکەن، بۆیە (( ئەوە کارەکتەر نییە کە ڕۆڵی حەکایەتخوانی گێڕابێت، بەڵکو حەکایەتخوانە کە لە ڕێی ڕاناوی (من)ی کەسی یەکەمی تاکەوە ئەو ئەرکە جێبەجێ دەکات و لە باتی کارەکتەرەکە باسی ڕووداوو بەسەرهاتەکان دەگێڕێتەوە. بەکارهێنانی ئەم ڕاناوە تەفرەدەرە وایکردووە کە ئەو نووسەرو توێژەرانە وابزانن کارەکتەر لێرەدا ڕۆڵی حەکایەتخوانیش دەگێڕێت.))(ئەلۆونی، ٢٠١٥، ٣٢)

لەم ڕۆمانەدا کاتێ بگێڕەوە دەیەوێ باسی ڕابردووی ( ئۆفیلیا، ئیلیاس، میلیاس، لاس، خانی) بکات، پەنا دەباتە بەر ڕاناوی (من) و لە زاری ئەوانەوە ئەم پرۆسەیە ئەنجام دەدات، بەمەش گێڕانەوەی خودی دادەمەزرێت.

لە (خەونی پیاوە ئێرانییەکان) دا سستمی ناکرۆنۆلۆجی، واتا تێکشکانی زنجیرەیی کاتەکان، پەیڕەو کراوە و ڕووداوەکان بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ بەسەر جەستەی دەقەکەدا دابەشکراون ، پێویستە خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی دا ئەو پارچە پچڕپچڕانە کۆبکاتەوەو لەزەینی خۆیدا لێکیان بداتەوە و ڕێکیان بخات. ئەم ئاڵۆزییەش چێژێکی بەخشیوەتە تەونی ڕووداوەکان و ئێستاتیکای گێڕانەوەکەی زەقتر کردووەتەوە. ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین ڕۆماننووس سەرەتای ڕۆمانەکەی بە گێڕانەوەی ڕووداوێک دەستپێکردووە کە دەکەوێتە کۆتایی دەقەکەوە کە ئەویش خوێندنەوەی ڕابردووی دەستنووسی مەم و زینە لەلایەن خوسرەوییەوە، کە ئەستێرەناسێکی دانیشتووی شاری مەشهەدی وڵاتی (ئێران) دەبێت. بە هەمان شێوە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی دیکەش دا دەبینین تەونی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی تێکەڵکردووەو لە گێڕانەوەی هەر ڕووداوێکدا کۆتایی ڕووداوێکی دیکەمان دەداتێ و پاشان لە لاپەڕەکانی دواتردا تەواوی دەکات. ئەمەش دیمەنێکی جوان دەبەخشێتە ڕۆمانەکەو ئاڵۆزی و پشێوییەک دروست دەکات، چێژێکی زیاتر دەداتە خوێنەرو وا لە خوێنەر دەکات زیاتر ڕۆبچێتە ناو قوڵایی ڕۆمانەکەو تا دوادێرەکان و کۆتایی دەقەکە دەستبەرداری نەبێت. کەواتە ئەم تێکشکاندنی کاتە جگە لە بەرهەم هێنانی ئێستاتیکا، وایکردووە خوێنەریش تەنیا بینەرێکی ڕووداوەکان نەبێت و بە دوای نووسەر بکەوێت بەمەبەستی زانینی سەرەداوی ڕووداوەکان و لە هەوڵی بەیەکبەستنەوەی ڕووداوە کەرتکراوەکاندابێ بۆ گەیشتن بە ئەنجام و کۆتایی ئەو ڕووداوانە.

لە دەقەکەدا لەلاپەڕە (٤٩)دا ئۆفیلیا دەڵێت: (( مەبەستم لە نووسینەوەی ئەم چیرۆکە ئەوەیە کە لە بنەڕەتدا دەمەوێت باسی میلیاستان بۆ بکەم، بەڵام ناچار باسکردنی میلیاس دەمباتە سەر هەموو ئەو شتانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان پەیوەندییان بەوەوە هەبووە))، میلیاس یەکێکە لە کارەکتەرەکان و هاوکات کوڕی پووری ئۆفیلیاو خۆشەویستیشی بووە. وەک ئەوەی لە لاپەڕە (٤٩) دا دەڵێ: (( میلیاس کوڕێک بوو من هەمیشە ویستومە هی من بێت و هەرگیز نەبوو بەهی من. کوڕێک بوو خواوەندەکان بۆ سەفەرێکی کورتی بیست و پێنج ساڵە ناردیانە سەر زەوی و هەرزوو بانگیان کردەوە. بۆ ئەوە ناردیان تا شوێنپێی چەند کەسێک هەڵبگرێت کە جەنگ و دەربەدەری و مەرگ وەک مار ئاڵایە چارەنووسیان)). مەبەستی بگێڕەوە لە گەڕانەوە بۆ دواوە ئەوەیە کە باسی میلیاسمان بۆ بکات و نهێنییەکانی ژیانی ئەومان بۆ ئاشکرابکات، لە ڕێگەی باسکردنی میلیاسیشەوە ئاشنای چیرۆکی ژیانی چەند کەسێکمان دەکات کە جەنگ و سیاسەت و کاولکاری بەرەو چ ئاراستەیەکی بردوون، بەهۆی ئەو ڕووداوە سیاسییانەی کە تێوەی گلاون چۆن مرۆڤایەتی پشتی تێکردوون، ئاشنامان دەکات بەو نادادییەی کە جەنگ و سیاسەت ڕابەرایەتی دەکەن و بەهەموو کون و قوژبنێکی دنیادا بڵاوی دەکەنەوە، چۆن مرۆڤایەتی لە مرۆڤ دادەماڵن و لەسەر دونیا قیامەت دەخوڵقێنن.

هەر لە درێژەی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو بگێڕەوە لەم ڕۆمانەدا پەردە لەسەر ژیانی خانی باوکی میلیاس لادەدات کە بەهۆی گەشتە سندیبادییەکانی میلیاسەوە بەهەموو ئەو نهێنییانە ئاشنا دەبین و هەموو ئەو ئازارانە هەست پێدەکەین و پەی بەهەموو ئەو ڕاستییانە دەبەین کە جەنگ و سیاسەت وەک سووژنێکی داخ دەینێن بە ڕۆحمانەوە. بۆیە هاوڕێ لەگەڵ قەڵەمە بێدەنگەکەی ئۆفیلیادا لە لەندەنەوە دەگەڕێینەوە بۆ


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

کوردستان و سەرلەبەری ژیانی باوکی میلیاس دەخوێنینەوە کە چۆن ڕووداوە سیاسییەکانی ساڵانی هەشتاکانی عێراق و کوردستان ژیانیان بەم ئاراستە تراژیدیایەدا بردووە.

خانی باوکی میلیاس یەکێک بوو لەو کوردانەی بەهۆی سیاسەت و دۆخی ساڵانی هەشتای عێراقەوە ئاوارەی وڵاتان ببوو، سەرەنجام لە لەندەن دەگیرسێتەوە وەک لە دەقەکە لە لاپەڕە(١١١) دا ئاماژەی پێدراوە: (( ئێمە هەموومان دەمانزانی خانی لە خاکێکی دوورەوە هاتووە. زۆرجار لەخۆیمان بیستبوو نارەحەتی زۆری بینیوە لە ڕێگای هاتنی بۆ ئێرە. ئەو چەندانجار باسی ئەوکاتانەی بۆ کردبووین کە یەکێک بووە لەو چەکدارانەی دژی نەوەکانی هیرۆدۆس شەڕی کردووەو نەهامەتی زۆری چەشتووە، هەر لەو برسێتییانەوەی بڕست لە ئینسان دەبڕن تا تینوێتی هەڵپروکێن...)).

بگێڕەوە لە یەکێک لەو دیمەنانە لە لاپەڕە(١١١)دا دەمانباتەوە سەر ڕووداوی ڕاپەڕینی ١٩٩١و دەڵێ: ((ئێمە وەکو ئەو نەماندەزانی میللەتێک لە مەترسیدایە، تەنانەت ئەو ڕۆژەش کە لە شاشەی تەلەفیزیۆنەکانەوە شتێکی سەیرمان بینی و هەر لە ڕۆژی زیندووبوونەوەی مردووان دەچوو، خانی پێ ی دەگووت ڕاپەڕین)). نووسەر بە جۆرێک وەسفی ئەو ڕاپەڕینەی کردووە کە هەموو ویژدانێکی غافڵبوو بە ئاگا دەهێنێت، چۆن ئەو خەڵکە دەنگ خنکاوو ئیفلیجە هاواریان دەچێتە ئاسمان و بە هەموو کون و کەلەبەرێکی ئەم نیشتیمانە تۆقیوەدا ڕادەگەن. بەهەموو ئەو وزەیەی لەگیانیادایە تۆڵەی ئەم هەموو ساڵە خەسیوو یەخسیرانە لەبارەگاو ناوەندەکانی ئەم حکومەتە زاڵم و فاشیستە دەکەنەوە، کە نووسەر بە ڕۆژی زیندووبوونەوەی مردووان ناوی دەبات و هەروەکو ڕۆژی حەشر وێنای دەکات. هەروەک بگێڕەوە لە دیمەنێک لە لاپەڕە(١١٤) دا لە زاری (خانی) یەوە دەڵێت: (( موعجیزەیە، موعجیزەیەکی تەواوە میللەتێک هەستاوەتە سەر پێ سەدان هەزار لاشە لە گۆڕەکانیانەوە ڕاستبوونەتەوەو هاوار بۆ ئازادی دەکەن، خانی بە جێبەخۆنەگرتوویەوە لە ماڵەکەدا دەهات و دەچوو و وایدەگووت. دەستەکانی لێکدەخشاندن و بە گەرم و گوڕییەوە قسەی دەکرد. دەیگووت ئەوە موعجیزەیەکەو بڕوانەکردەیە، دەیگووت ملیۆنان کەس دژی زۆرداری لە وڵاتەکەی ویدا ڕاپەڕیون)).

هەروەک دەزانین ماوەیەکی کەم دوای ڕاپەڕین کوڕەو دەستی پێکردو دۆخەکە پێچەوانە بۆوەو دووبارە کوردی ستەم دیدە ڕەوانەی ئەو دەشت و کێوانە کرانەوەو دیسانەوە میللەتی بەش مەینەت کەوتنەوە بەر پەلامارو هێرشی بێڕەحمانەی تانک و تەیارەی دوژمن، هەروەک بگێڕەوە لە لاپەڕە(١١٦) لەسەر زاری ئۆفیلیاوە دەڵێت: (( ئەمجارەیان وێنەی سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان گۆڕا، ئەوانەی دوێنێ بینیمان پەلاماریان دەدا و هێرشیان دەبرد ئەمجارە بینیمانن بە ملیۆنان پشتیان کردبووە ماڵ و هەموو ئەو شتانەیان کە هەیانبوو باوەشکردبوو بە دەشت و چیاو دۆڵەسەختەکاندا، ملیۆنان ماڵ بە کۆڵ لە هەورازو نشێوەکان ئاوادەبوون. بە چیا سەختەکاندا هەڵدەگەڕان و لە ژێر باران و تەرزەدا ڕۆژیان دەکردەوە)).

## تەوەری سێیەم: ڕەوتی لولپێچ:

لەم ڕەوتەدا ڕووداوەکان بەیەک ڕیتم ناگێڕدرێنەوە، بەڵکو شێوەیەکی لوولپێچی وەردەگرن و بەناو یەکدا دەچن، واتا بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ و تێکەڵ لە زەمەنی ڕابردوو و زەمەنی ئێستا دەچێتە پێش، نەوەک تەنیا لە ئێستاوەدەستپێبکات و بەرەو ڕابروو شۆڕبێتەوە یاخود لە ئێستاوە دەستپێبکات و بەرەو داهاتوو بڕوات، کەواتە دەتوانرێت بگوترێت: (( گێڕانەوەی لولپێچ ئەو جۆرەیە لە گێڕانەوە، کە تێیدا گەڕانەوە بۆ ڕابردوو دووبارە دەبێتەوە، بە جۆرێ جووڵەی گێڕانەوەکە بۆ پێش و بۆ پاش، بۆ ئایندەو ڕابردوو لە جووڵەی لولپێچ بچێت))(العاني، ١٩٩٤، ٧٦).

### - ڕەوتی لولپێچ لە ڕۆمانی ( دەفتەری پیرانی غەمناک ) دا :

ناوەرۆکی ئەم ڕۆمانە باسی بڵاوبوونەوەی پەتایەک دەکات لە شاردا لە سەرەتای ساڵی (٢٠٢٠) دا، بە هۆی بڵاوبوونەوەی ئەم پەتایەوە کە گوایا پیرەکان هۆکاری گواستنەوەی پەتاکەن، پیرەپیاوێک کە کارەکتەری سەرەکییەو ئاماژە بەناوەکەی ناکرێت، ڕادەکات و لە خانوویەکی

دەرەوەی شاردا نیشتەجێ دەبێت، لە وێوە دەرفەتی ئەوەی دەبێت بە یادەوەرییەکانی خۆیدا بچێتەوە. لەگەڵ بەرێکردنی ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا هاوکات چیرۆکی سەردەمی گەنجی خۆی و هاوڕێکانی کە جەنگ و ستەمکاری و دەسەڵاتی سیاسی ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو خەون و ئومێدەکانی تەفروتونا کردوون.

ئەم ڕۆمانە لەلایەن بگێڕەوەی هەمانشتزان و بە جێناوی (من) دەگێڕدرێتەوە، ئەم بگێڕەوەیەش بەوە دەناسرێتەوە (( هەمان ئەو زانیاریانەی لایە کە لای کارەکتەری سەرەکی هەیە، ڕێژەی ئەو زانیارییانەی لە ڕووی چەندییەتییەوە ڤەگێری هەمانشتزان هەیەتی یەکسانە بەو ڕێژەیەی کە لای کارەکتەری سەرەکی هەیە، هیچ کامیان زانیارییان لەویتر نە زیاترە نەکەمترە.)) (کەریم، ٢٠٢٠، ٣٤)

ڕۆماننووس بە شێوەیەک ڕۆمانەکەی دارشتووە کە لە ئێستاوە دەستپێدەکات و بەرەو ئایندە دەڕوات، لەو نێوەندەش دا چەند زنجیرە پچرانێک دروست دەکات و لە ئێستاوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوویەکی دوورو پاشان دەگەڕێتەوە بۆ ئێستا، دواتر دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوویەکی نزیکترو دێتەوە بۆ ئێستا، بەم شێوەیە لەلایەن بگێڕەوەی هەمانشتزانەوە بە گێڕانەوەیەکی لولپێچ و بەناویەکداچوو، ڕووداوەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە.

سەرەتای ڕۆمانەکە ساڵی (٢٠٢٠) وە بەبڵاوبوونەوەی پەتاکە دەستپێدەکات و تادەگاتە ئەوەی کارەکتەری سەرەکی شار بەجێدەهێڵێت و ڕوو دەکاتە دەرەوەی شاروبەهۆی تەنیاییەکەی دەکەوێتە ناو گێژاوی بیرەوەرییەکانی خۆی کە ئەمەش لە ڕێگەی تەکنیکی فلاشباکەوە ئەنجام دەدرێت. تا دەگاتە لاپەڕە( ٢٣) کە لە گێڕانەوەی چیرۆکی مردنی ژنەکەیدا کە حەڤدەساڵ بەر لەو ڕۆژە مردووە، واتا حەڤدەساڵ دەگەڕێتەوە دواوە، هەر لەوێدا دەگەڕێتەوە ساڵانی حەفتاکان و لە ڕێگەی باسکردنی بینینی ژنەکەی بۆ یەکەمجار، باسی ڕووداوە سیاسییەکانی ساڵانی حەفتاکان و نسکۆی شۆڕش دەکات و باسی حاڵ و گوزەرانی خەڵک دەکات لەو بارودۆخەسیاسییەی کە حکومەتی بەعس و جاش و موستەشارەکان بۆ خەڵکیان دروستکردبوو. وەک لە لاپەڕە (٢٣)دا هاتووە: (( لە دواساڵەکانی شۆڕشدا لە خەستەخانەیەک بینیم، پێش ئەوەی هەموو هیوایەک بە شۆڕش و هەموو شتێک تەواوبێت، تازە وتوێژی شۆڕش و حکومەت کۆتایی هاتبوو و شەڕ لە هەندێک جێگا دەستپێکردبووەوە، شارەکەمان تۆپباران کرابوو، خەڵک خواردنی بۆ ماڵروخاوەکان دەبرد، کچێکم بینی ئاوی دەدایە برینداەکان...)).

پاشان لە لاپەڕە (٢٨) دەگەڕێتەوە بۆ ئێستاو باسی حاڵ و گوزەرانی ئێستا و تەنیاییەکەی دەکات، دواتر لە لاپەڕە (٤٢) دووبارە دەگەڕێتەوە ڕابردوو و لە ڕێگەی باسکردنی ژیان و خەون و خولیاو چارەنووسی خۆی و هاوڕێکانییەوە دووبارە بەهۆی بارو دۆخی سیاسی ساڵانی حەفتاکان چۆن تارومارى بە چارەنووسیان کردووەو هەریەکە هەڵیداوەتە شوێنێک. زۆر هەڵوەستە لەسەر ژیانی خۆی ناکات و بەشێوەیەک دەردەکەوێت کە ژیانی ئەو باشتر بووە لە ژیانی هاوڕێیەکانی و بە هۆی ئەوەی هاوسەرگیری کردووە، ژیانی ئەو ڕێڕەوێکی وەرگرتووە. دواتر باسی گوللە بارانکردنی یەکێک لە هاوڕێیەکانی دەکات بەناوی ( نەزهەت) کە یەکێکە لە کۆڵەوارترینییان و دەکەوێتە ناو تۆڕی سیاسەت و حوکمی زاڵمانەی ڕژێم لە شارەکەدا، وەک لە لاپەڕە (٤٣) دا هاتووە: ((نەزهەت دوای ئەوەی هەندێک نووسینی پارتێکی دژبەری حکومەتی پێ دەگیرێت، گوللە باران کرابوو و شۆکی مردنەکەی، دایکی کردبووە ژنێکی دێوانەو لە نێوان گریان و پێکەنینە بێهۆو کتوپڕەکانیدا دەیگووت: ئەوە کوڕەکەم بۆ نەهاتەوە؟)).

هەروەها یەکێکی دیکە لە هاوڕێیەکانی دوای ئەوەی دەبێتە سەرباز لە سوپای عێراق دا لە جەنگی موحەممەرە دەکوژرێت و لاشەکەی بەپارچە پارچەکراوی گەڕابووەوە شار.

نەدیم چەلەبی کە یەکێکی دیکەیە لە هاوڕێیەکانی لەجەنگی عێراق و ئێراندا بە دیل دەگیرێت و ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە و خانەوادەکەی وادەزانن کوژراوەوە تەنانەت پرسەشی بۆ دادەنێن. وەک لە دەقەکەدا لە لاپەڕە( ٤٣، ٤٤)دا هاتووە: (( نەدیم چەلەبی یەکێکی ترمان بووە، دەساڵ دوای ئەوەی هەواڵی کوژرانی هاتبوو و تەرمێکی شێواویان بۆ هێنابوونەوە وکەس و کارەکەی پرسەیان بۆدانابوو و لەگەڵ

مردنەکەیدا ڕاهاتبوون. دوای نیوەڕۆیەک خۆی کردبووەوە بە ماڵدا و گوتبووی خۆ من نەکوژراوم و بەو هاتنەوە چاوەڕێنەکراوەی هەموو براو خوشکەکانی سەراسیمە کردبوو. )).

فەرەیدون کوێستانی بەنیازی ئەوەی لە دەست ڕژێم و دەسەڵاتی سیاسی شارو مەملەکەت ڕادەکات و دەچێتە دەرەوەی وڵات و ژیانێکی شایستەو خۆش دەژی، کەچی لە سەرسنور دەبێتە خۆراکی مینە چێنراوەکان و چارەنووسی تاهەتایە بەشارەکەوە گرێدرا و بووە شاهێدی هەموو ئەو زوڵم و نادادییەی دەسەڵاتی سیاسی بە نێو چاوانی شارەکەیەوەنا: (( فەرەیدوون کوێستانی لە کێڵگەی مینەکانی سەرسنووردا قاچێکی پەڕیبوو و بەخۆی و دارشەقەکانییەوە بە شەقامەکانی شاردا دەڕۆیشت و کاشیەکانی شۆستەی دەژمارد و بیری لەو هەموو خەونانەی سەردەمی گەنجێتی دەکردەوە کە یەک دانەشیان نەهاتبوونە دی و ببوون بە غوبار. ))(ل-٤٤). پاشان لە لاپەڕە (٦١ ) دەگەڕێتەوە بۆ ئێستاو درێژە بە ژیانی ڕۆژانەی دەدات و بەرەو ئایندە هەنگاو دەنێ، تا دەگاتە لاپەڕە( ١١١)کە دوا لاپەڕەیە لە بەشی یەکەم دا ئیدی لەوێدا بگێڕەوە ئاماژە بەوەدەکات کە کچەزاکەی کارەکتەری سەرەکی دەچێتە لای باپیری و لەبەشی دووەمدا بگێڕەوە لەسەر زاری ئەوەوە ڕووداوەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە.

لە بەشی دووەم دا بگێڕەوەی هەمانشتزان لەسەر زاری کارەکتەرێکی دیکە کە کچەزای کارەکتەری سەرەکییە، لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە ڕووداوەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە، بە کۆمەڵێک زانیاری نوێوە. لەم بەشەدا بگێڕەوە بە ماوەی چەند مانگێک دەگەڕێتە دواوەو باسی ڕووداوە یەک لە دوای یەکەکەکانی شارمان بۆ دەکات لە ماوەی بڵاو بوونەوەی پەتاکە لە شاردا. تا لە لاپەڕە (١٤٢) دا لە ڕووداوی کوشتنی نەدیم چەلەبیدا لەلایەن گروپێک گەنجی چەکدار کە حکومەتی خۆماڵی وەک سەگی هار بەرەڵای کۆڵانەکانی شاری کردبوون تاوەکو پیرەکانیان پێ ڕاو بکات و فەوزا لە شارەکەدا دروستبکات. ڕۆماننووس دەیەوێت ناشیرینی ئەم دەسەڵاتەمان پیشان بدات کە ساڵەها لە شارو شاخدا خەباتی لە پێناو کراوە و خوێنیان بۆ ڕشتووە، کاتێک باسی کوشتنی نەدیم چەلەبی دەکات بەدەستی ئەو گروپە چەکدارە، وەک لە دەقەکەدا لە لاپەڕە(١٤٢) داهاتووە و دەڵێت: (( ئەو پیاوەی بۆمبەکان و ناپاڵمەکان و ساچمەی تۆپەکان و ئاوارەبوون لەناو ناسنامەو ناوە هەڵەکان و دیلێتی و فەرامۆشی نەیکوشت بۆ ئەوەی ئێستا لەسەر ئەوپردەوە بفرێت و دوو ڕۆژ تەرمەکەی لە قەراخی جادەکە چاوەڕێی پیاوانی شارەوانی بکات بە قێزو بێزەوە بیخەنە عەرەبانەیەکەوەو ببەن لەگەڵ چەند کەسێکی تردا لە چاڵێکدا بینێژن.))(ل-١٤٢). پاشان لە بەشی سێیەم و کۆتایی دا گێڕانەوەکە دێتەوە بۆ ئێستاو بەرەو ئایندە دەڕوات

گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە لایەن بگێڕەوەی هەمانشتزانەوە کە بەڕاناوی (من) قسەدەکات و ڕووی دەمی لە خوێنەرە، گەمەیەکی هونەری جوانە لەلایەن ڕۆماننووسەوە بۆ ئەوەی واقعییەتێک ببەخشێتە ڕۆمانەکەو ڕووداوەکان بە جۆرێک بگێڕێتەوە کە مۆرکی واقعیان پێوە بلکێنێت و هەستی واقیعی بوون لە لای خوێنەر دروست بکات.

## بەشی دووەم: شێوەی گێڕانەوەی ڕووداوەسیاسییەکان:

### تەوەری یەکەم: شێوەی تێکهەڵکێش:

مەبەست لەم شێوەیە، تێکهەڵکێشکردنی چەندان ووردە چیرۆکە لەناو یەک ڕۆماندا، گێڕانەوەی ئەم ووردە چیرۆکانەش وادەخوازێ جار نە جارێ ڕۆماننووس دەست لە گێڕانەوەی چیرۆکە سەرەکییەکە هەڵبگرێ، لە پێناو گێڕانەوەی ئەم ووردە چیرۆکانەدا. لەم شێوەیەدا (( ڕەچاوی زنجیرەیی کاتی ڕووداوەکان ناکرێت، بەڵکوو ڕۆماننووس بە ئارەزووی خۆی یاری بەکاتی ڕووداوەکان دەکات، ڕیزبوونی ڕووداوەکان تێکدەشکێنێ بەبێ ئەوەی کار لە ناوەڕۆکی بنیاتی ڕووداوەکان بکات. ))( خاڵەدیوە، ٢٠١٠، ١١٨). ڕۆماننووس بەهۆی هێنانە ناوەوەی ڕووداوی نوێ و پچڕپچڕکردنی ڕووداوە سەرەکییەکە، زەینی خوێنەر زیاتر ڕادەکێشێتە ناو ڕۆمانەکەو لەگەڵیدا کارلێک دەکات، ئەمەش لێهاتوویی ڕۆماننووسمان بۆ بەدەردەخات لەڕووی بەکارهێنانی تەکنیکی گێڕانەوەو گونجاندنی زەمەنەکان لەگەڵ یەکتردا.

یەکێک لە ئەرکەکانی تێکهەڵکێش جگە لە خاوکردنەوەی گێڕانەوەو بەخشینی جوانی بە دەقەکەو، پڕکردنەوەی کەلێنەکانی گێڕانەوە،

ڕەنگدانەوەی بیرو ئایدیۆلۆجیای ڕۆماننووسە لەناو ئەو ڕووداوە لاوەکی و تێکهەڵکێشکراوانەی تێکەڵ بە ڕێڕەوی دەقی ڕۆمانەکە دەکرێن. ماردین ئیبراهیم بە شێوەیەکی فراوان ئەم تەکنیکەی لە ڕۆمانەکانیدا بەکارهێناوە، بەبەراورد لەگەڵ تەکنیکەکانی دیکەدا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕۆماننووس بایەخێکی تایبەتی بە تێکهەڵکێش داوە.

## - شێوەی تێکهەڵکێش لە ڕۆمانی( خەونی پیاوە ئێرانییەکان)دا:

لە خەونی پیاوە ئێرانییەکاندا ڕۆماننووس لە زۆر شوێندا ڕووداوی کورت کورت لە شێوەی چیرۆکی کورت دەئاخنێتە نێو ڕۆمانەکەو ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی خێرایی لەکاتی گێڕانەوەدا، هەروەها دەبێتە هۆی سەرگەرمکردنی خوێنەرو ئەوەش پیشان دەدات کە ڕۆماننووس بە وریاییەوە تەکنیکەکانی گێڕانەوەی بەکارهێناوە.

ئەوەی لەم ڕۆمانەدا درکی پێ دەکرێت نەفرەت کردنە لە جەنگ و خوێنڕێژی، زەقکردنەوەی ئەو ناشیرینیانەیە کە ناسیۆ نالیزم بەرهەمی دەهێنێت، بۆیە کاتێک باس دەگاتە سەر نەهامەتی و کاولکاری و قوربانییەکانی جەنگ و سیاسەت، جیاوازی نەتەوەو سنوور نامێنێت و هەمووان لەژێر چەمکی مرۆڤبووندا دەگیرسێنەوە.

ئەو ماوەیەی لاس و ئیلیا لە ماڵی میلیاس دەمێننەوە ، لە شوێنێکدا بگێڕەوە ڕەوتی ڕووداوەسەرەکییەکە ڕادەگرێت و ئاماژە بەوەدەکات هەریەکە لە لاس و ئیلیا لاپەڕەکانی ژیانی خۆیان بۆ میلیاس هەڵدەدەنەوە، وەک لە لاپەڕە(٧٣)ی دەقەکەدا هاتووەو دەڵێت: ((چەند مانگێک پێش ئەوەی لاس بەیەکجاری بگەڕێتەوە وڵاتەکەی خۆی، هەستکردن بە گوناه سەبارەت بە بەجێهێشتنی دایکە بێوەژنەکەی کەبەهەتیوی ئەوی بەخێوکردووە، ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر ڕۆحی دەئاوساند...ئیلیاش بە هۆی ئەو قورساییەی یادەوەری ئیشماعیلۆڤ و منداڵانی شامالا بەسەریەوە هەیبوو ڕۆژ بەڕۆژ بێدەنگترو غەمناکتر دەبوو، شەوێکیان تەنیا لاس و ئیلیاو میلیاس لەماڵەوەدەبن،.. لاس و ئیلیا سەرجەم لاپەڕەکانی ژیانی خۆیان بۆ میلیاس هەڵدەدەنەوە. )) ئیدی بگێڕەوە لەسەر زاری (ئیلیا)وە ڕووداوی تراژیدی کوشتنی منداڵانی شامالامانی بۆ دەگێڕێتەوە، کە تاوانێکی گەورەی دژە مرۆڤایەتییە. ئەو ڕووداوە لە لایەن گروپێکەوە بەناوی گروپی (تفەنگە ڕەشەکان) ئەنجام دراکە نەتەوە پەرستانی سرب دایانمەزراندبوو. بۆ ئەوان فەرقی نەبوو منداڵ یا گەنج یاپیر بکوژن، گرنگ ڕەشەکوژی و قەتلوعامکردنی غەیرە سربی بوو، بۆیە لە یەکێک لەو ئێوارانەدا کاتێک ئەو چوار منداڵەی گوندی شامالا لە ڕێگای قوتابخانە بەرەو ماڵ دەگەڕێنەوە لەلایەن یەکێک لەوگروپە چەکدارانەوە دەدرێنە بەر دەستڕێژی گوللە، یەکێک لە چەکدارەکان دەڵێت: ((ئەوانە زارۆکن، بەڵام چەکدارەکانی تر دەڵێن فەرق ناکات، شەش چەکدارەکە منداڵەکان دەدەنە بەردەستڕێژو منداڵەکان وەک کۆمەڵێک کەروێشک لەکاتی سەربڕیندا دەزریکێنن. ))(ل-٨٤) نووسەر ئەم تراژیدیا گەورەیەمان بەجۆرێک بۆ وێنا دەکات کە هەرچی مرۆڤە قێز لە سیاسەت و سەرانی سیاسەت بکاتەوە. نووسەر تەنیا ڕووداوەکەمان بۆ ناگێڕێتەوە وەکو میدیاکارێک یان مێژوونووسێک، بەڵکو دەچێتە ناو ڕۆحی دیمەنەکەو هەموو ئەو شەرمەزارییانە دەنووسێتەوە کە بە تەوێڵی ڕەشی سیاسەتەوەیە، ویژدانی سڕبووی هەمووکەسێک بە ئاگادەهێنێت، کاتێک ڕۆحی چوار منداڵی تۆقیو دەبنە قوربانیی تەماعێکی سیاسی.

لە ڕێگەی ئەم ڕووداوەوە ڕۆماننووس دەیەوێت کێشە سیاسی و نەتەوەییەکانی سرب و ئەلبانەکانمان بۆباسبکات کەلە پێناو مەرامە سیاسییەکانیان چۆن یەکتریان قەتڵ و عام دەکردو چارەنووسی خەڵکی بێتاوانیان بە ئاراستەی نادیاردا دەبرد. ڕۆماننووس تیشک دەخاتە سەر هەڵوێستی (ئیلیا) کە بە ڕەچەڵەک سربی بوو، نارازی بوو لە هەڵوێستی نادادپەروەرانەی سربییەکان بەرامبەر بە موسوڵمانە ئەلبانەکان، کە چۆن و بە چ شێوەیەکی دڕندانە هەوڵی سڕینەوەیان دەدان لە پێناو مانەوەو دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ خۆیان.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## - تەوەری دووەم: شێوەی نۆرەیی:

مەبەست لەم جۆرە گێڕانەوەی دوو چیرۆکە لە ناو ڕۆمانێکدا، بەشێوەی نۆرەیی، بەجۆرێک بگێڕەوە بەشێک لە چیرۆکی یەکەممان بۆ دەگێڕێتەوە، پاشان دیمەنەکان ڕادەگرێت و دەچێتە سەر چیرۆکی دووەم، کەواتە نۆرەیی (( گێڕانەوەی دوو چیرۆکە لەیەک کاتدا بە شێوەیەکی نۆرەیی، کە لە هەندێک کاتدا چیرۆکێکیان ڕاوەدەستێ و لەهەندێک کاتدا چیرۆکێکی دیکەیان، بەشێوەیەک کە لەکاتی وەستانی چیرۆکێکیان، چیرۆکەکەکەی دیکە دەست بە گێڕانەوە دەکات. ))(جنداري، ٢٠١٦، ٧٧).

جان ڕیکاردۆ ئەم شێوەیە بە (هاوکاتبوون و نۆرەیی) ناو دەبات و دەڵێت: ((لەمەدا گێڕەرەوە لەیەک پەرەگرافدا دوو ڕووداو دەگێڕێتەوە کە هیچ پەیوەندییەک پێکەوە کۆیان ناکاتەوە تەنیا ئەوە نەبێت کە لەیەک کاتدا ڕوویان داوە، هاوکاتبوونیش نۆرەیی دەگرێتەوە، چونکە دەست هەڵگرتن لە ڕووداوێک و چونە سەر ڕووداوێکی دیکە، مانای هەڵپەساردنی ڕووداوی یەکەمە،ئیدی گەڕانەوەیە بۆ سەری و بە پێچەوانەشەوە))(ریكاردو، ١٩٧٧، ٢٥٧). بەڵام ناکرێت بە شێوەیەکی ڕەها بڕیار لەسەر نەبوونی پەیوەندی لە نێوان ئەم دووچیرۆکەی نێو ڕۆمانێک بدرێت کە دەکەونە ناو قاڵبی نۆرەییەوە، لەبەر ئەوەی لە زۆر ڕۆماندا ئەم دووچیرۆکە لە خاڵێکدا یەکتر دەگرنەوە یاخود پەیوەندییەک لە نێوانیاندا دروست دەبێت.

## - شێوەی نۆرەیی لە ڕۆمانی (مەرگی مەیموون) دا:

ڕۆمانی (مەرگی مەیموون) ی ماردین ئیبراهیم یەکێکە لەو ڕۆمانانەی کە لەسەر بناغەی تەکنیکی نۆرەیی دامەزراوە، لەم ڕۆمانەدا دووچیرۆکمان بۆ دەگێڕدرێتەوە کە هاوتەریی یەک دەچنە پێش. لە چیرۆکەکاندا شوێن جیاوازە، لە چیرۆکی یەکەمدا کە دەستپێکی ڕۆمانەکەیەو لە کۆتایی ڕووداوەکانەوە دەستپێدەکات و بە هێڵێکی داکشاودا بەرەو ڕابردوو دەگەڕێتە دواوە، لەم چیرۆکەیاندا شوێن شاری سلێمانییە، ڕووداو گوللەبارانکردنی (ئالان)ە کە لەناو خێزانەکەیدا بە (مەیموون) بانگیان دەکرد، ئەمەش ناوێک بوو بەمەبەستی خۆشەویستی لێیان نابوو. لەم ڕووداوەدا مەیموون و کۆمەڵێک منداڵی دیکەی شارەکە بە ناوی خیانەتی نیشتیمانییەوە گوللە باران کرابوون، ئەم پیلانەش لەلایەن ئوستاز عەزیزەوە ڕێکخرابوو کە مەلای گەڕەکەکەبووەو، لە پێناو شیرینکردنی خۆی و دەستکەوتی مادی لەلایەن دەسەڵاتەوە، ئەم منداڵانەی بە گرتن دابوو کە هێشتان پێناسەی نیشتیمانیان نەدەزانی، وەک لەلاپەڕە (٢٦) ی دەقەکەدا هاتووە: (( چل منداڵ بوون لەو ئێوارە کەرو بێدەنگەی شاردا تیرباران دەکران بە تۆمەتی خیانەتکردن لە نیشتیمان، بەڵام ئەوان هەندێکیان هێشتا کە بەیانیان لە خەو هەڵدەستان،خۆیان تەڕدەکرد، هەندێکیان هێشتا ئەگەر کۆلارەکانیان لە ستونی کارەبا یان درەختێکی بەرز بگیرایە دەگریان. )).

چیرۆکی دووەمیش بە هەمان شێوەی چیرۆکی یەکەم لە کۆتایی ڕووداوەوە دەست پێدەکات و بە هێڵێکی داکشاودا دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو. شوێنی ڕووداو لەم چیرۆکەدا شاری لەندەنە، کە تیایدا باسی چیرۆکی خێزانێکی ئینگلیز دەکات، بەهۆی خیانەتی هاوسەرییەوە منداڵێکیان دەبێت بەناوی (کریستینا) دایکی کریستینا تامردن بەهۆی ئازاری ویژدانەوە دەتلێتەوە. ئەم ڕاستییەشمان لەزاری کریستیناوە پێدەگات کاتێک لە لاپەڕە (٥٥) دا دەڵێ: (( هەرگیز ڕۆژێک هەستم نەکردووە ئەلبێرت باوکی ڕاستەقینەی من نییە، هەڵسانەوەی هەمووشەوانی و ئاگالێبوونی لەمن، ماچ و باوەشی گەرمی بەیانییانی، سۆزی شەوو ڕۆژو هەفتەو مانگ و ساڵانی هیچ دەرفەتێکی نەهێشتبووەوە، بۆ ئەوەی ئینسان بچووکترین گومانیش بکات، بەڵام ئەلبێرت میهرەبانییەکی خۆرسکی هەبوو، ئەو بۆ ئەوە میهرەبان نەبوو تاکو نهێنی باوکایەتی لەمن بشارێتەوە، ئەو هەرخۆی وابوو... سەبرو ئارامی ئەو بەرامبەر میزاجە توندو بەرزو نزم و هەمیشە گۆڕاوەکەی دایکم، نیشانەیەکی دیاری ئەوبوو لەسەر خۆشەویستی قوڵی ئەو بۆ دایکم)).

لە زنجیرەی یەکەمی ڕۆمانەکەدا کە خاڵی دەستپێکە، لە کۆتایی ڕووداوەوە دەستپێدەکات، کە دوای مەرگی مەیموون، خێزانەکەی واتا دایک و باوک و سورەییای خوشکی چۆن ڕۆژەکانیان بەسەختی بەڕێدەکەن و پشت لە ژیان دەکەن، باسی ئەوە دەکات کە سورەییای خوشکی چۆن بەسەر کەلوپەلەکانی مەیمووندا دەگریێ و دەیلاوێنێتەوە.

لەم ڕۆمانەدا دوو بگێڕەوە پرۆسەی گێڕانەوەکە بەڕێوە دەبەن کە ئەوانیش بگێڕەوەی هەمووشتزان و بگێڕەوەی هەمانشتزانن، کە بە شێوەیەکی هونەری و لە ڕێگەی تێکەڵکردن و پچڕاندنی زەمەنەکان، ئێستاتیکاو چێژێک دەبەخشن بە کاری گێڕانەوەکە.

لە زنجیرەی چوارەم، لە لاپەڕە(١١)دا بگێڕەوە لە ڕێگەی سەرنجێکی کورتەوە دەمانخزێنێتە ناو چیرۆکی دووەمەوە، ئەمەش لە ڕێی گەڕانەوەی زەینی ئەردەڵانی بۆ ئەو ساتەی لە دەرەوەی وڵات ژیاوە، لە وەسفێکی کورت و چڕی شاری لەندەندا کە بە پەناگەیەکی میهرەبان ناوی دەهێنێت ئەوکاتەی لە دەست بارودۆخی سیاسی ساڵانی هەشتاکان ڕوودەکاتە ئەوێ و لەوێ دا دەگیرسێتەوە، هەر لەم شارەشدا کریستینا دەناسێ و ئاشنایەتی لەگەڵدا پەیدا دەکات. لە زنجیرەی پێنجەم، لە لاپەڕە(١٣) دا ئەمجارە لە زاری کریستیناوە باسی ئەو ڕۆژەدەکات کە بۆ یەکەمجار ئەردەڵانی بینیوە، ئەو ڕۆژەش دەکرێت بە دەستپێکی چیرۆکی دووەم دابنرێت کە ڕۆژی ناشتنی دایکی کریستینایە: (( من و مارگرێت لەناو سەیارەیەکی ڕەشدا بووین، کەتایبەتبوو بە ئۆفیسی ناشتنی مردوانی گەڕەک و لە دوای جەنازەی دایکمەوە دەڕۆیشتن و...بۆیەکەمجار لەنزیک گۆڕستانەکەوە چاوم کەوتە سەرپیاوێک. ئەو بەسیمایەکی ئەبڵەق و نیگایەکی حەپەساوەوە سەیری جەنازەکەی دەکرد...بە ڕەنگی پێست و ڕوخساریدا زانیم ئینگلیز نییەو دیاربوو لەو پەنابەرانەبوو کەساڵانیک بوو ڕوویان دەکردە ئێرە...)) ئیدی بەشێوەیەکی پچڕپچڕ دەڕواو هەرجارەی دەمانباتە ناو دونیای چیرۆکێکیانەوە و گێڕانەوەی یەکێکیان هەڵدەپەسێرێ. ڕۆماننووس بەشێوەیەک مۆنتاژی گێڕانەوەکەی کردووە کە زەینی خوێنەر هەمیشە لە جووڵەدابێ و هەرجارەو لە بەرامبەر دیمەنێکدا بووەستێت، دواجار کۆکردنەوەو لێکدانەوەی ئەم دیمەنانە دەکەوێتە ئەستۆی خوێنەر.

ڕۆماننووس بەجۆرێک زنجیرەی زەمەنی تێکشکاندووە و ڕووبەری شوێنی دابەشکردووەو ڕووداوەکانی ڕێکخستووە کە هەرجارەو لەبەردەم زەمەن و شوێنێک ڕامان بگرێت. لەناو ڕووداوی گیران و گوللە بارانکردنی چل منداڵەکەدا نوقمی بیرکردنەوەمان دەکات و دەمانهێنێتەوە سەردەمی دوای ڕاپەڕین و باسی گەلاڵەی بیرۆکەی کوشتنی ئوستازعەزیزمان بۆ دەکات، لەوێوە دەمانباتەوە لەندەن و سەرگەردانییەکانی دایکی کریستینامان بۆ باس دەکات کە چۆن ئالوودەی عەشقێک دەبێت کە دواجار لە ئاگری پەشیمانیدا دەسووتێت و ویژدانی هەنجن هەنجن دەبێت، وەک لە دەقەکەدا لە لاپەڕە (٩٨) دا هاتووە: ((لۆرا ئارەزوویەکی جلەونەکراوی تێدابوو بۆ ئەوەی سزا بدرێت، دەیویست وەک سەگێک تەمێ بکرێت، دەیویست فەرامۆش بکرێت و لە ئاگری پەشیمانی خۆیدا بسووتێت و ئینجا پاک ببێتەوە.)).

ئیدی لە دوای ڕاپەڕین، ئەوکاتەی ئەردەڵانی دەگەڕێتەوە وڵات و دەبینێت هەمان ئەو مەلاعەزیزەی سەردەمی پێش ڕاپەڕین کە هاوکاری ڕژێمی بەعسی دەکرد و بووە هۆی ئەوەی چل منداڵی ئەوشارە بەناحەق گوللە باران بکرێن، ئێستا بەرپرسێکی گەورەی حکومەتی خۆماڵییە، زۆر نائومێد دەبێت لە گەڕاندنەوەی حەق و دادپەروەری، بۆیە بڕیار دەدات بەکوشتنی ( ئوستاز عەزیز) ی خیانەتکار تۆڵەی ئەو چل منداڵە بکاتەوە. لێرەوە ڕۆماننووس دەیەوێت پێمان بڵێت کە بەهای حەقیقەت لە بەهای ئازادی بەنرخترەو ژیانێک کە حەقیقەتی تێدا ون بێ هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ زیندانێکی هەتاهەتایی دا نییە.

لە زنجیرەی سی و سێ و لە لاپەڕە (٨٥) دا هەردوو چیرۆک یەک دەگرنەوە، ئەمەش ئەوکاتەیە کە ئەردەڵانی لە زینداندا دەبێت و کریستینای هاوڕێی لەسەردانێکدا، بەتایبەت دێتە کوردستان بۆئەوەی چاوی بە ئەردەڵانی بکەوێت: (( من لەوپەڕی دونیاوە هاتبووم سەردانی ئەردەڵانی بکەم لە زینداندا، ئەوکەلەکەڵەی گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆی، ماوەیەکبوو هاتبووە سەرییەوە، چۆن دەمتوانی ڕێی لێبگرم؟ پیاوێک جگە لەنەرم و نیانی، هیچی ترم لێ نەبینیبوو، چۆن بزانم کەسێک دەکوژێت؟)).

ڕۆمانەکە بەکۆتاییەکی کراوەوە بەجێهێڵراوەو نازانرێت چارەنووسی هەریەک لە ئەردەڵانی و سورەیبا چی لێ بەسەردێت، ئەردەڵانی لەپای تۆڵەکردنەوەی چل منداڵەکە و کوشتنی ئوستاز عەزیز دەکەوێتە زیندان و، سورەیباش دوای مردنی دایک و باوکی، لەلایەن مارگرێتی هاوڕێی داکییەوە بەهەموو نهێنییەکانی ژیانی ئەوان ئاشنادەبێت. ئەم کۆتاییە کراوەیەش جوانییەکی تایبەت دەبەخشێت بە ڕۆمانەکەو وادەکات خوێنەر بکەوێتە بیرکردنەوەو لێکدانەوەی کێشەو ئاڵۆزییەکانی ڕووداوەکان و چارەسەرییان.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## - تەوەری سێیەم: شێوەی بازنەیی:

بەپێ ی ئەم شێوەیە، ڕۆماننووس لە خاڵی کۆتایی ڕووداوەکانەوە دەستپێدەکات و پاشان بە فلاشباک دەگەڕێتە دواوەو ووردە ووردە بە زنجیرەیەکی داکشاو بە ڕووداوەکاندا دەچێتە خوارو تا دەگاتەوە خاڵی کۆتایی کە هەمان خاڵی دەستپێکی ڕۆمانەکەیە، واتا بگێڕەوە(( لە شێوەی بازنەیەکدا ڕووداوەکان ڕێکدەخات ودەیانگێڕێتەوە، بە جۆرێک خاڵی دەستپێکردنی زنجیرەی ڕووداوەکان، دەبێتە کۆتایی هەمان زنجیرە))( محەمەد، ٢٠٠٩، ١٢٤).

مەرجی بازنەیی بەیانکردنی کۆتایی ڕووداوە لە دەستپێکداو پاشان گەڕانەوەو بە دواداچوون بۆ ئەو ژینگەو دەوروبەرەی بوونەتە هۆی ئەنجامی ئەم کۆتاییە، ئەم گێڕانەوەیەش لە ڕووی تەکنیکەوە دیمەنێکی جوان بە چنینی ڕووداوەکان دەبەخشێت و خوێنەریش بە تامەزرۆییەوە بەرەو ناواخنی ڕۆمانەکە بە کێش دەکات.

## - شێوەی بازنەیی لە ڕۆمانی ( خەونی پیاوە ئێرانییەکان) دا:

ڕۆمانی( خەونی پیاوە ئێرانییەکان)ی ماردین ئیبراهیم یەکێکە لەو ڕۆمانانەی دەچێتە خانەی گێڕانەوەی بازنەییەوەو تیایدا ڕۆماننووس پەیڕەوی بنیاتی بازنەیی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی دەقەکەدا کردووە، ڕۆماننووس بە شێوەیەکی هونەریانە لە کۆتایی ڕووداوەکانەوە دەست بە گێڕانەوەی ڕۆمانەکە دەکات، ئەمەش بە سەردانێکی ئۆفیلیای کارەکتەری سەرەکی و دایکی بۆ خانەیەک کە تایبەتە بەو کەسانەی نەخۆشی دەروونییان هەیەو لە دۆخێکی خراپدان دەست پێ دەکات. ئەم دۆخەی ئۆفیلیا خاڵی کۆتایی ڕووداوەکانە کە بە هۆی لەدەستدانی (میلیاس) ی هاوڕێ و خۆشەویستی دووچاری بووە، هەر وەک بگێڕەوە لە لاپەڕە (١٤) لە زاری بەڕێوەبەری خانەکەوە دەڵێت: (( وەک هەر کەسێکی تری ئاسایی لەوانەی تووشی خەمۆکی دەبن ئەو کچەشمان لە بنکەکەمان ناونووس کردو ژوورو جێگەو ڕێگەی تایبەتمان بۆ دابینکرد. هەر بەو هۆیەوە کە ئەو توانای قسەکردنی نەبوو، ئێمە مامۆستاو چاودێرو پەرستاری تایبەتمان بۆ دانا)). ئیدی هەر لەو خانەیەدا ئۆفیلیا بەر لەوەی حاڵی خراپتر ببێت دەست دەکات بە نووسینەوەی سەر لەبەری ژیانی خۆی و میلیاس و هەموو ئەو ڕووداوانەی کە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی بەیەکەوەبوونی لەگەل میلیاسدا ڕوویانداوەو پێی ئاشنابوونە یاخود لە ڕێی کەسانی دیکەوە بۆیان گێڕدراوەتەوە، لە نێویشیاندا زۆر بەوردی تیشک دەخاتە سەر ڕووداوەسیاسییەکان و قێزەونی ناسیۆنالیزم، ئەمانەش هەموویان لە خزمەت پەیام و ئایدیۆلۆجیای ڕۆماننووس دان و بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ باڵیان بەسەر ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەدا کێشاوە. دەکرێ ئاماژە بەوەش بدرێ کەوا ڕۆماننووس کاتێک نووسینەوەی دەقێکی لەو شێوەیە بە کارەکتەرێک دەسپێرێت، لێزانانە توانیویەتی وەڵامی ئەو پرسیارەی خوێنەر بداتەوە کەوا چۆن دەکرێ کچێکی بیست ساڵان بەو تەمەنە کەمەوە بتوانێ دەقێکی پڕ لە خەیاڵ بنووسێ. ئەمەش لە ڕێی ڕوونکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی کارەکتەرەوە ئەنجام دەدات کاتێک بگێڕەوە لە زاری بەڕێوەبەری خانەکەوە دەڵێ: ((من ئەو جارانەی سەردانی کتێبخانەکەمانم دەکرد، ئەو کچەم دەبینی بە تامەزرۆییەکی زۆرەوە خەریکی خوێندنەوەی کتێبەو ئەو کتێبانەشی کە بە دەستییەوە دەمبینی زۆربەیان کتێبی ڕۆماننووسە گەورەکانی دنیابوون))(ل- ١٤-١٥) لە نێو ڕۆمانەکەشدا ئاماژە بە ئاستی ڕۆشنبیری ئۆفیلیا کراوەو بگێڕەوە لە زاری ئەوەوە دەڵێت: ((ئەوکاتەی لەناو دووکان ئیشمان نەدەبوو، یان مشتەری نەبوایە، ئەوا من زیاتر خۆم سەرقاڵی خوێندنەوەی چیرۆک و ڕۆمان و ئۆتۆبایۆگرافیای نوسەرانی دنیا دەکرد ,, ساڵەکانی سەگ,, ی کۆنتەر گراس و ,, منداڵانی نیوەشەوی ,, سەلمان ڕوشدی و ,, ناوی گوڵی,, ئیمبەرتۆ ئیکۆم بەسەریەکەوە لە ماوەی مانگێکدا خوێندنەوەو ئیتر دنیایەکی فراوانی خەیاڵ و فەنتازیام بەسەردا کرایەوە))(ل-٦٣-٦٤).

ئیدی لەوێوە ڕۆماننووس لە ڕێی بگێڕەوەی هەمانشتزانەوە دەگەڕێتەوە سەرەتاو ڕووداوەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە کە زۆر بەوردی ئاوڕ لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیان دەداتەوە، هەر لە منداڵییەوە تاوەکو گەیشتن بەو قۆناغەکورتەی تەمەنیان. لەو ماوەیەشدا باسی ڕووداوی ژیانی هەموو ئەوانەش دەکات کە پەیوەندییان بەوانەوە هەبووە، لەو نێوەندەشدا بە کۆمەڵێک ڕووداوی سیاسی جیهانی ئاشنا دەبین و کاریگەری ئەو ڕووداوانە لەسەر ژیان و چارەنووسی قوربانییەکان دەخرێتە ڕوو.

| بڕی بەهەڵمبون** | 27 | 76 | 187 | 290.2 | 309.7 | 413.3 | 539.9 | 1263 | 226 | 116 | 28.59 | 370.5 | 8.76 | 4.66 | 7.86 | 21.28 | 1945.04 |
| خێرای با (م/چرکە) | 1.7 | 1.4 | 1.6 | 1.56 | 2.2 | 2.3 | 1.8 | 2.1 | 1.4 | 1.3 | 1.1 | 1.266 | 1 | 1.2 | 1.5 | 1.233 | 1.5 |

| ئاراستە | وەرزی بەهار | | | تێکرا | وەرزی هاوین | | | تێکرا | وەرزی پایز | | | تێکرا | وەرزی زستان | | | تێکرا | تێکرای ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ئازار | نیسان | مایس | | حوزەیران | تەمموز | ئاب | | ئەیلول | تشرین ١ | تشرین ٢ | | کانون ١ | کانون ٢ | شوبات | | |
| N | 4.7 | 1.8 | 1.3 | 2.6 | 8.8 | 4.3 | 3.7 | 5.6 | 2.1 | 2.6 | 3.9 | 2.9 | 3 | 7.3 | 4.8 | 5 | 4 |
| NE | 12 | 5.5 | 13.6 | 10.4 | 20.4 | 27.6 | 15.4 | 21.1 | 11.3 | 13.5 | 16.3 | 13.7 | 7.8 | 12.8 | 11 | 10.5 | 13.9 |
| E | 3.5 | 5 | 2.9 | 3.8 | 4.1 | 3.2 | 2.6 | 3.3 | 3.9 | 3.3 | 2.8 | 3.3 | 1.7 | 2.4 | 2.4 | 2.2 | 3.2 |
| SE | 19 | 23.3 | 10.5 | 17.6 | 3.1 | 2.5 | 2.9 | 2.8 | 6.5 | 12.2 | 17.6 | 12.1 | 16.3 | 16.5 | 20.2 | 17.7 | 12.6 |
| S | 14.7 | 13.4 | 16.6 | 14.9 | 6.6 | 8.5 | 6.9 | 7.3 | 10.6 | 12.9 | 10.3 | 11.3 | 7.9 | 9.1 | 12.8 | 9.9 | 10.9 |
| SW | 7.8 | 11.6 | 20.4 | 13.3 | 18.7 | 16.9 | 8.8 | 14.8 | 16.6 | 11.6 | 3.5 | 10.6 | 1.5 | 1.7 | 4.2 | 2.5 | 10.3 |
| W | 4.6 | 7.5 | 13.1 | 8.4 | 20.7 | 17.3 | 30.2 | 22.7 | 25.4 | 9.4 | 6.2 | 13.7 | 2.4 | 1.7 | 0.5 | 1.5 | 11.6 |
| NW | 1.6 | 6.2 | 9.7 | 5.8 | 8.7 | 16.8 | 18.8 | 14.8 | 9.7 | 7.9 | 5 | 7.5 | 6.4 | 1.1 | 3.3 | 3.6 | 7.9 |
| کپیوون | 32 | 25.6 | 11.7 | 23.1 | 8.8 | 2.8 | 10.7 | 7.4 | 13.9 | 26.6 | 34.2 | 24.9 | 52.9 | 47.2 | 40.6 | 46.9 | 25.6 |

سەرچاوە :- کاری توێژەر بە پشت بەستن بە :

حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن ،بەڕێوەبەرایەتی کەشناسیی سلێمانی ،زانیاری بڵاونەکراوە

## ٢-وشکی و لەبەریەك هەڵوەشانی خاك:

خاك بە بەشی دەرەکی و ووردبووی توێکڵی زەوی دادەنرێت، وە ئەستوری و قوڵاییەکی دیاریکراوی نیە وە کاریگەری هەموو چالاکیە مرۆیی و سروشتیەکانی لەسەرە) کربل، ٢٠٠٥ ، ص١٠٤).

لێکۆڵینەوەی خاك لە ڕووی ئەستوری و تایبەتمەندییە فیزیایی و کیمیاوییەکانیەوە گرنگیەکی گەورەی هەیە لە لێکۆڵینەوە جوگرافیەکاندا، چونکە ئەم تایبەتمەندیانە ڕادەی وەڵامدانەوەی خاك بۆ فاکتەرەکانی داخوران دیاری دەکات وە دواتریش کاریگەریەکەی لە گۆڕانی شێوەکانی سەر ڕووی زەوی دەردەکەوێت وە بەرەنگاربونەوەی خاك بۆ کردارە جیمۆرفۆلۆجیەکان پشت بە شانەی خاك دەبەستێت چونکە بە یەکێك لە تایبەتمەندییە بنەرەتیەکان دادەنرێت کە توانای داخورانی خاك دیاری دەکات .بۆ نمونە وەك لە خشتەی ژمارە (٣) دەردەکەوێت ئەو خاکانەی کە وردی دەنکۆڵەکانی لە نێوان (٠,١- ٠,١٥) ملم بێت ئاسانتر دوچاری داخوراندن دەبن کاتێك خێرای با (٣-٤) م /چرکە بێت بەم پێیەش توانای داخورانی خاك بە زۆر بەرز دادەنرێت.



(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

خشتەی ژمارە (٣)

پەیوەندی نێوان بەرەنگاربونەوەی دەنكۆڵەكانی خاك و راماڵێنی هەوایی و خێرای با

| پلەی بەرەنگاربونەوە | تیرەی گەردیلەکانی خاک (ملم) | | خێرای با (ملم\چرکە) | توانای راماڵین |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٠،١٥-٠،١ | ... | ٤-٣ | زۆر بەرز |
| ٢ | ٠،١-٠،٠٥ | ٠،٥-٠،١٥ | ٥،٥-٤ | بەرز |
| ٣ | ٠،٠٥-٠،٠١ | ١-٠،٥ | ٧-٥،٥ | ناوەند |
| ٤ | ٠،٠١-٠،٠٠٥ | ٢-١ | ١٠-٧ | نزم |
| ٥ | کەمتر لە ٠،٠٠٥ | زیاترلە ٢ | زیاتر لە ١٠ | زۆر نزم |

المصدر : سعدالله عجيمي الدراجي، التعرية الريحيه في محافظة الانبار، تقرير مطبوع، دائيرة البيئة في الرمادي ٢٠٠٢، ص ٩

زۆربەی خاكی سەر ڕووی ناوچەی لێكۆڵینەوە لە خاكی تێكەڵەی قورینی لمینی و خاكی قورینی لمینی دروستبووە كە ڕێژەی قورو قوڕی زیاترە لە لم(محمد، ٢٠٠٨ ، لا٤٧) .لە ژێر ڕوشنای ئەم تایبەتمەندیەدا بۆمان دەردەكەوێت كە ئەم جۆرە خاكە بە پێی خشتەی ژمارە (٣) دەكەوێتە چوارچێوەی پۆلێنی (٤) و (٥) وە توانای بەرەنگاربونەوەی بۆ ڕاماڵینی هەوای بەهێزەو هەر بۆیە بڕی تۆزی هەڵواسراو لە هەوادا (تەپوتۆزی هەڵواسراو) زیاترە لە بڕی خاكی گواستراوە بەهۆی باوە بەشێوەی گەردەلولی خۆڵاوی وەك لە خشتەی ژمارە (٤) دەردەكەوێت ژمارەی ئەو ڕۆژانەی كە تەپوتۆزی هەڵواسراوی تێدا دروستبووە زیاترە لەو ڕۆژانەی كە گەردەلولی خۆڵاوی تێدا دروستبووە.

خشتەی ژمارە (٤)

تێكرای مانگانەی ژمارەی ڕۆژە خۆڵاوییەكانی شاری سلێمانی لە نێوان ساڵانی (١٩٩٣-٢٠١٣)

| مانگ | بەهار | | | سەرجەم بەهار | هاوین | | | سەرجەم هاوین | پایز | | | سەرجەم پایز | زستان | | | سەرجەم زستان | سەرجەم ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ئازار | نیسان | مایس | | حزیران | تەموز | ئاب | | ئەیلول | تشرین١ | تشرین٢ | | کانون١ | کانون٢ | شوبات | | |
| تۆزی هەڵواسراو | 1.81 | 2.667 | 2.714 | 7.191 | 2.619 | 2.19 | 0.857 | 5.666 | 0.905 | 0.619 | 0.238 | 1.762 | 0 | 0.142 | 0.762 | 0.904 | 15.523 |
| تۆزی بەرزبووە | 0.33 | 0.19 | 0.286 | 0.806 | 0.19 | 0.095 | 0.095 | 0.38 | 0.095 | 0.286 | 0.048 | 0.429 | 0 | 0.048 | 0 | 0.048 | 1.663 |

سەرچاوە: كاری توێژەر پشت بەست بە:- وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی کەشناسیی سلێمانی، زانیاری بڵاونەکراوە.

## ٢-كەمبونەوەی ڕوپۆشی ڕووەکی:

ڕوبەرێکی فراوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەمەبەستی نیشتەجێبون و خزمەتگوزاریەکان بەکارهاتووە ڕوبەری کۆنکرێتی جێی ڕوبەری سەوزایی و ڕووەکی سروشتی گرتۆتەوە. ئاماری ورد وهەژماری دارو ڕووەکە سروشتیەکان لەسەر ئاستی شاری سلێمانی نەکراوە، بۆیە نەمان توانیوە ئاماژە بە داتاو ئاماری چڕ بکەین و تەنها جۆری ڕووەکە سروشتیەکانمان دیاریکردووە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە پشتێنەی ڕووەکی دارستانی دەریای ناوەڕاستەوە ئەو جۆرە ڕووەکانەی تێدا دەڕوێت کە لەگەڵ ئاووهەوای ناوچەکە گونجاوە. ئەمەش زیاتر بۆ دارستان گونجاوترە وەك گژوگیا. چونکە وەرزی باران شان بەشانی وەرزی ساردیە و ئەم جۆرە بارودۆخەش بۆ دارستان گونجاوترە، گژوگیا پێویستی بە باران و گەرمیە لەگەلیشیدا ناوچەکە بێبەش نیە لە گژوگیا) فاید، ص٣١٣،٣١١).

چڕی و قەبارەی درەختەکان لە نێو شوێنە جیاوازەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا بە پێی کۆمەلێك فاکتەر دەگۆڕێت وەك شوێن بەگوێرەی ئاراستەی با، ئەو لاپاڵانەی ڕووەو ئاراستەی بایە بڕێکی زیاتر بارانیان بەردەکەوێت و چڕی ڕووەکی تێدا زیاترە، بە پێچەوانەی ئەو ناوچانەی ڕووەو ئاراستەی با نین و دەکەونە سێبەری بارانەوە چڕی ڕووەکی کەمە. وەك لە پێشدا ڕوونکراوەتەوە بای باوی ناوچەکە ئاراستەی باکوری خورهەڵاتە. بۆیەدەبینین لاپالەکانی باکوری خۆرهەڵاتی شاخی ئەزمەر و گۆیژە چڕی ڕووەکیان زیاترە لە چاو باشور و خۆرئاوا وە لەم دوو ئاراستەیەدا زیاتر گژوگیا دەبینرێت.

جۆری ئەو ڕووەکە سروشتیانەی کە لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا هەیە وەك وتمان لە جۆری دەریای ناوەڕاستە ئەوانیش:(بەڕوو، گوێز، سماق، ڕەشەچنار(ئەسپیندار)، بادەم، فستەق، عەرعەر، قەزوان و سنەوبەرو سەرو). جگە لەم جۆرە دارانە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە چەند جۆرێکی تریش دەروێنرێت چ لە باخچەی ماڵەکان بێت یان سەرشەقام و شوێنە گشتیەکان، ئەوانیش:(چوالەو چەقالەو هەرمێ) کە ئەمانە بە سروشتیش هەن لە بەرزاییەکان و شاخی ئەزمەر و گۆیژە، هەروەها(گوێز و بی و سورەچنار و ڕەشەچنار و توو سنەوبەرو سەرو قەلەمتوز و مێو و هەڵوژەو هەنار و سێو)، ئەم دارانە لەناوماڵ و سەرشەقامە سەرەکیەکان ڕوێنراون.

ئەو ڕووەکانەی لە شێوەی گژوگیان بەهەردوو شێوەی سروشتی و دەستکرد لەم جۆرە خێزانانەن : (خێزانی دانەوێڵەی، خێزانی سەلیی، خێزانی شەکرۆکە یان ئاوێتەکان، خێزانی سەلکدارەکان، لەگەڵ خێزانی باقلەیەکان (محمد،٢٠٠٨، لا ٥٠)

زۆرینەی ڕووەکی سروشتی ناوچەی لێکۆڵینەوە و دەورووبەری بۆ لەوەڕگا بەکاردێت و درەختەکانی بۆ بیناکردن بەکارهاتووە، وە دوچاری بڕینەوە هاتوون بۆ گەرمکردن و سوتەمەنی هەروەها ڕوداوی ئاگر کەوتنەوە کێشەیەکی دیکەیە دوچاری ڕووەکی سروشتی ناوچەکە بۆتەوە. ئەمە جگە لە دوبارەبونەوەی وشکە ساڵی و فراوانبوونی ڕوبەری بە بیابانبوونی ناوچەکانی دەوروبەرمان لە سایەی بارودوخی گۆڕانی ئاووهەوا و دیاردەی قەتیسبوونی گەرمی کاریگەرییە نیگەتیفەکانی لەسەر ئاووهەوای ناوچەکە بە گشتی.

تێکچونی ڕووەکی سروشتی کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر سروشتی ئاووهەوای باو لە ناوچەکەدا و لاوازی بەرهەمداری خاك چونکە دەبێتە هۆی کەمکردنەوی کارایی باران و لاوازی خاکەکە و کەمکردنەوەی بە پیتی خاکەکە هەروەها پتەوی و توندی خاك ناهێڵێت و تواناى بەرگریکردنی خاکی ناوچەکە بۆ کردارەکانی کەشکاری و ڕامالین کەم دەکاتەوە، وە هەروەها لەوەڕاندنی بێ سەرپەرشت یەکێکی دیکەیە لەو هۆکارانەی کە کاریگەی نێگەتیڤی هەیە لەسەر گەشەی ڕووەك و چریەکەی، چونکە دەبێتە هۆی فەوتاندنی بەشەسەوزەکانی ڕووەك و ڕوتانەوەی سەر ڕووی زەویەکە بەم شێوەیەش لەبارو گونجاو دەبێت بۆ ڕامالینی هەوایی بە تایبەت لە مانگە گەرمەکاندا. هەردوو فاکتەری وشکەساڵی و لەوەڕاندنی بی سەرپەرشت یارمەتیدەرن بۆ پەرتەوازە بوونی ڕوپۆشی ڕووەکی و ڕوتانەوەی سەر ڕووی زەویەکە لەو ڕوپۆشەی هەیەتی(Tom,M,&.Hess L.D, 2002, p125.). ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبونەوەی ڕوپۆشی ڕووەکی ناوچەکە و دوبارەبونەوەی دیاردەی خوڵبارین لە ساڵانی وشکە ساڵی و لەم ساڵانەی دوایدا.

دوای ڕونکردنەوەی ڕەگەزە ئاووهەواییەکان، کەپێشتر باسکرا وە دەرخستنی کاریگەریان لە ڕودانی خولبارین هەروەها خستنە ڕوویەکی سادەی هەردوو فاکتەری خاك و ڕوپۆشی ڕووەکی و بەیەکداچوونی ئەو بابەتانە، دەرکەوت گرنگترین هۆکاری دروستبوونی ئەم دیاردەیە

بەپلەی یەکەم بریتییە لەڕەگەزە ئاووهەواییەکان و گەیشتنی کاریگەری بیابانەکانی دەوروبەرمان بەهۆی ڕەگەزی با وە.

وە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە وەك لەخشتەی ژمارە (٥)دا دیارە بەراوردی ساڵێکی وشکە ساڵیمان کرد کە (٢٠٠٨)ە لەم ساڵەدا تەنها (٣٨٠) ملم باران باریوە لەگەڵ ساڵی (١٩٩٤) کە ساڵێکی باراناوی بووە (٩٥٢,٨)ملم باران باریوە، لەڕووی جۆری خۆڵبارینەکەو ژمارەی جارەکانی دوبارەبونەوەی دروستبوونی خۆڵبارین لە ئەنجامدا بۆمان دەرکەوت لە ساڵی (٢٠٠٨) ژمارەی دوبارەبونەوەی ڕۆژە خۆڵاوییەکان (٤٥) ڕۆژ بووە وە لەساڵی (١٩٩٤) ژمارەی دوبارەبونەوەی ڕۆژە خولاوییەکان (١٠) ڕۆژ بووە ئەمەش مانای وایە ژمارەی ڕۆژە خۆڵاوییەکان لە ساڵی(٢٠٠٨) بە بەراورد بە ساڵی (١٩٩٤) بە ڕێژەی(٣٥٠٪) زیادی کردووە، کە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر زۆرە ئەمە جگە لەوەی لە ماوەی ساڵانی (١٩٩٤) بۆ(٢٠٠٨) هیچ حالەتێکی ڕودانی خۆڵبارین لە جۆری گێژەڵوکەی خۆڵاویمان نیە بێجگە لەیەك حالەت ئەویش لە بەرواری (٢١-٤-٢٠٠٨) هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ساڵی(١٩٩٤)بەدەر لەوەی ساڵێکی باراناویە چەند ساڵێك پێش خۆی ڕێژەی باران بارین زۆر بووە وە خاکەکەی شێدار بووە، بەڵام ساڵی(٢٠٠٨) خۆی وشکە ساڵ بووە وە پۆشاکی ڕووەکی کەمبووە و خاکەکەی وشکبۆتەوەو بە بەراورد بە ساڵی(١٩٩٤) ڕێژەی بارانەکەی ١٥٠,٧٣ ٪ کەمی کردووە وە پێش ئەم ساڵەش ڕێژەی باران کەم بووە.

خشتەی ژمارە (٤) ئاماژە بە زیادبوونی دوبارەبونەوەی خولبارین دەدات لە وەرزەکانی بەهارو هاوین و پایز بەڵام لە زستاندا زۆر دەگمەنەو وە زۆرترین جۆری دوبارەبونەوەی خولبارین بریتیە لە تۆزی هەڵواسراو لە ماوەی مانگەکانی ساڵدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کاریگەری گەردەلولە خۆڵاوییەکانی ناوچە بیابانیەکانی دەوروبەرمان کە کاتێك دەگاتە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەهۆی جیاوازی ئاووهەوا و ڕووەکی سروشتی و خاك و تۆپۆگرافیای ناوچەکە کە بەشێوەیەکی گشتی خاوەنی ئاوهەوایەکی شێدارە و جۆری ڕووەکە سروشتیەکەی گژوگیای تێکەڵ بە دارو درەختە(احمد، ٢٠١١، لا١٦٥). ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی چالاکی و کاریگەری گەردەلولە خۆڵاوییەکان هەر بۆیە لەسەر ناوچەکەی ئێمە زیاتر بەشێوەی تۆزی هەڵواسراو دەردەکەوێت.

وەك لە هەردوو خشتەی ژمارە (٦، ٧) دا دەردەکەوێت توێژەر بەراوردی دە ساڵی یەکەمی لێکۆڵینەوەکە ساڵانی (١٩٩٤-٢٠٠٣) کردووە بە دە ساڵی دووەمی لێکۆڵینەوەکە(٢٠٠٤- ٢٠١٣) لە ڕووی جۆری خولبارینەکە و ژمارە جارەکانی دوبارەبونەوە و بڕی باران لەماوەی ئەو ساڵانەدا. دەبینین لە دە ساڵی دووەمی لێکۆڵینەوەکەدا (٢٠٠٤-٢٠١٣) باران بە ڕێژەی ٨,١١٥٪ کەمی کردووە کە دەتوانین ئەمە بە گۆڕانکاریەك لەبڕی بارانی ناوچەکە دابنێین وە خۆڵبارین بەهەردوو جۆرەکەیەوە بە ڕێژەی (٦٨,٧٥٪) زیادی کردووە ئەمە جگە لەوەی ناوچەکە لەم ساڵانەی دوایدا ڕوبەڕوی ڕەشەبای بەهێز و گەردەلولی خۆڵاویی بۆتەوە بۆ چەند جارێك(بۆ نمونە لەبەرواری ٢٠١١/١٠/٢٢ خێرای باگەیشتۆتە ١٠ م/چرکە، وەلە ٢٠١٢\٣\١٤خێرای باگەیشتە ١٢ م/چرکە وە هەر لەم ڕوژەدا گەردەلولی خۆڵاوی لە ناوچەکەدا دروست بووە، وەلە ٢٠١٢\٧\١٦خێرای باگەیشتە ١١ م/ چرکە هەر لەم ڕوژەدا گەردەلولی خۆڵاوی لە ناوچەکەدا دروست بووە، لە ٢٠١٢\١٢\٢٦ خێرای با گەیشتە ١٢ م/چرکە، لە ٢٠١٣\٣\١٦خێرای باگەیشتە ١٦ م/چرکە هەر لەم ڕوژەدا گەردەلولی خۆڵاوی لە ناوچەکەدا دروست بووە، وەلە ٢٠١٣\٣\١٧ خێرای باگەیشتە ١٥ م/چرکە) کە پێشتر ئەمە زۆر دەگمەن بووە یان هەر نەبووە، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە تەنها لە ماوەی هەردوو ساڵی (٢٠١٢- ٢٠١٣) شاری سلێمانی بۆ سێ جار گەردەلولی خۆڵاویی بە خۆیەوە بینیوە کە پێشتر وەك باسکرا ئەم حالەتە هەر نەبووە هۆکاری ئەمەش جگە لەو هۆکارانەی باسکرا دەگەڕێتەوە بۆ کەمبونەوەی بڕی بارانی ناوچەکە و دوبارەبونەوەی وشکەساڵی و گەشەکردنی دیاردەی بە بیابانبوون.

خشتەی ژمارە(٥)

تێکرای مانگانەی ژمارەی ڕۆژە خۆڵاوییەکانی شاری سلێمانی بۆ هەردوو ساڵی (١٩٩٤) و (٢٠٠٨)

سەرچاوە کاری تویژەر پشت بەست بە : حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە، بەڕێوەبەرایەتی کەشناسیی

| ساڵ | بەهار | | | هاوین | | | پایز | | | زستان | | | سەرجەم ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ئازار | نیسان | مایس | حزیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | تشرین١ | تشرین٢ | کانون١ | کانون٢ | شوبات | |
| 1994 | 3 | 2 | 0 | 2 | 3 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 10 |
| 2008 | 4 | 10 | 10 | 9 | 4 | 0 | 5 | 1 | 0 | 0 | 0 | 2 | 45 |

خشتەی ژمارە (٦)

تێکرای دووبارەبونەوەی جۆرەکانی خۆڵبارین و بڕی باران لەماوەی ساڵانی (١٩٩٤-٢٠٠٣ )

| مانگ | جۆری خوڵبارین | | بری باران (ملم) |
|---|---|---|---|
| | توزی هەلواسراو | توزی بەرزبووە | |
| کانونی دووەم | 0.1 | 0 | 150.9 |
| شوبات | 0.4 | 0 | 81.98 |
| ئازار | 1.1 | 0.3 | 115.68 |
| نیسان | 1.7 | 0.4 | 78.26 |
| مایس | 1.2 | 0.5 | 25.27 |
| حوزەیران | 1.3 | 0.1 | 2.31 |
| تەموز | 1.5 | 0.2 | 0 |
| ئاب | 1.1 | 0.1 | 0 |
| ئەیلول | 0.9 | 0.1 | 2.53 |
| تشرینی یەکەم | 0.7 | 0.5 | 23.5 |
| تشرینی دووەم | 0.5 | 0.1 | 76.53 |
| کانونی یەکەم | 0 | 0 | 120.31 |
| سەرجەم | 10.5 | 2.3 | 677.27 |

سەرچاوە کاری تویژەر پشت بەست بە : حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە، بەڕێوەبەرایەتی کەشناسیی

خشتەی ژمارە (٧)

تێکرای دوبارەبونەوەی جۆرەکانی خوڵبارین و بڕی باران لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٤-٢٠١٣ )

| مانگ | جۆری خۆڵبارین | | بری باران (ملم) |
|---|---|---|---|
| | تۆزی هەلواسراو | تۆزی بەرزبۆوە | |
| کانونی دووەم | 0.2 | 0.1 | 117.1 |
| شوبات | 1.1 | 0 | 119.2 |
| ئازار | 2.6 | 0.3 | 75.19 |
| نیسان | 3.6 | 0 | 86.21 |
| مایس | 4.1 | 0.1 | 44.56 |
| حوزەیران | 4 | 0.3 | 0.81 |
| تەموز | 3 | 0 | 0 |
| ئاب | 0.7 | 0.1 | 0 |
| ئەیلول | 0.8 | 0.1 | 1.28 |
| تشرینی یەکەم | 0.4 | 0.1 | 32.55 |
| تشرینی دووەم | 0 | 0 | 70.52 |
| کانونی یەکەم | 0 | 0 | 78.98 |
| سەرجەم | 20.5 | 1.1 | 626.4 |

سەرچاوە کاری توێژەر پشت بەست بە : حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی کەشناسیی سلێمانی، زانیاری بڵاونەکراوە

تەوەرەی دووەم: دابەشبوونی کاتیی گەردەلوولە خوڵاوییەکان لە شاری سلێمانی:

بۆ دەرخستنی ئەو ماوە کاتیەی کە زۆرترین کاریگەری گەردەلولە خولاوییەکانی لەسەر بووە لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا تێکرا مانگانەییەکانی ژمارەی ڕۆژە خۆڵاوییەکانمان دابەشکرد بەسەر چوار پۆلی یەکساندا:

پۆلی یەکەم: (سفر – ٠,٩٩)رۆژ : ژمارەی رۆژە خۆڵاوییەکانی کەمە بەڕادەیەك کە بەرزترین تێکرای زیاتر نیە لە (٠,٩) رۆژ ئەم پۆلە پێنج مانگ لە خۆ دەگرێت ئەویش مانگەکانی (تشرینی یەکەم، تشرینی دووەم، کانونی یەکەم، کانونی دووەم، شوبات)ە

پۆلی دووەم: (١-١,٩٩) رۆژ: ژمارەی رۆژە خۆڵاوییەکان تیایدا زیاد دەکات ئەم کۆمەڵەیە دوو مانگ لە خۆ دەگرێت ئەوانیش مانگی (ئاب، ئەیلول) ە

پۆلی سێهەم: (٢-٢,٩٩) رۆژ : ژمارەی رۆژە خولاوییەکانی دەگاتە(٢,٩٩) رۆژ ئەمەش چوار مانگ لە خۆ دەگرێت ئەوانیش (ئازار، نیسان، حزیران، تموز )

پۆلی چوارەم: (٣) رۆژو زیاتر: ژمارەی رۆژە خۆڵاوییەکانی دەگاتە لوتکە کە تەنها یەك مانگ لە خۆ دەگرێت ئەویش مانگی مایسە

خشتەی ژمارە (٨)

پۆلێنی تێکرا مانگانەییەکانی ژمارەی ڕۆژە خۆڵاوییەکانی شاری سلێمانی لە ماوەی ساڵانی (١٩٩٣-٢٠١٣)

| پۆل (ژمارەی ڕۆژ) | مانگ (ماوەی کاتی) |
|---|---|
| پۆلی یەکەم(٠،١—٠،٩٩) ڕۆژ | (تشرینی یەکەم، تشرینی دووەم، کانونی یەکەم، کانونی دووەم، شوبات) |
| پۆلی دووەم (١-١،٩٩) ڕۆژ | (ئاب، ئەیلول) |
| پۆلی سێهەم (٢-٢،٩٩) ڕۆژ | (ئازار، نیسان، حزیران، تموز) |
| پۆلی چوارم (٣) ڕۆژ و زیاتر | (مایس) |

سەرچاوە:کاری توێژەر پشتبەست بەخشتەی ژمارە (٤)

لە هاوسەنگی نێوان خشتەی ژمارە (١) خشتەی ژمارە(٤) دەبینین ڕەگەزە ئاووهەواییەکان پەیوەندیەکی توندو تۆل و ڕۆڵێکی بەرچاو و دیاریان هەیە لە دروستبوونی دیاردەی خۆڵبارین و زیادبوونی ژمارەی دوبارەبونەوەکانی ئەم تایبەتمەندیەش دەگونجێت لەگەڵ ڕەوتی تێکرا مانگانەییەکانی پلەی گەرمی و بڕی بەهەلمبوون و خێرای با و وەستانی باران (باران بران) بۆ ماوەی شەش مانگ (مایس، حوزەیران، تەموز، ئاب، ئەیلول، تشرینی یەکەم)(احمد،٢٠١١، لا ١٧١).هەروەها بەرزبونەوەی پلەی گەرمی و بە هەلمبوون و خێرای با یارمەتیدەرە لە هەڵوەشاندنەوەی خاك و یەکنەگرتووی گەردیلەکانی، سەرەڕای لاوازی توانای ڕووەك بۆگەشەکردن ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ناوچەکە لەم ماوەیەدا زیاتر دوچاری خۆڵبارین بێتەوە لە هەرکاتێك بایەك هەڵ بکات و خێراییەکەی بگاتە ئاستی ئەوەی گەردیلەکانی تۆز و خۆڵ و پێکهاتەکانی تری خۆڵبارین هەڵبگرێت.

بۆ پشگیریکردن و ساغکردنەوەی ئامانجی لێکۆڵینەوەکە شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەمان کرد بۆ تێکرا مانگانەییەکانی ژمارەی ڕۆژە خۆڵاوییەکان بۆ هەریەك لە ساڵانی لێکۆڵینەوەکە بۆ دەرخستنی ئەو جیاوازییەی لە نێوان تێکراکاندا هەیە وە زانینی هۆکاری ئەم جیاوازیە، بینیمان جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەم تێکرایەدا کە ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە بڕی باران و دابەشبوونی بارانەکە بەسەر مانگەکانی ساڵدا (ماوەی باران) هەر بۆیە دوو ساڵمان هەڵبژارد یەکێکیان وشکە ساڵە کە ساڵی (٢٠٠٨)ە ئەوی تر باراناویە ساڵی (١٩٩٤) ە بە پێی پێداویستی لێکۆڵینەوەکە.

لە هاوسەنگی نێوان هەردوو ساڵەکە لەڕووی ڕەوتی تێکرا مانگانەییەکانی ژمارەی ڕۆژە خۆڵاوییەکان و بڕی بارانی باریو بەو پێیەی باران ڕەگەزێکی بنەڕەتیە لەشێداری خاك و یەکگرتووی و پتەوی گەردیلەکانیدا هەروەها لە گەشەکردنی ڕووەك و چڕی و بڵاوبونەوەیدا. خشتەی ژمارە (١٠) ئاماژە بە جیاوازی لە دابەشبوونی ژمارەی ڕۆژە خۆڵاوییەکان بەسەر مانگەکانی ساڵدا دەدات، لە ساڵی(٢٠٠٨) سنوری پۆلی یەکەم (سفر-٠،٩٩) ڕۆژکورت دەبێتەوە بۆ ماوەی (٤) مانگ، وە سنوری پۆلی دووەم (١-١,٩٩) ڕۆژ یەك مانگ لەخۆ دەگرێت، وە سنوری پۆلی سێهەم (٢-٢,٩٩) ڕۆژ بەهەمان شێوەی پۆلی دووەم یەك مانگ لەخۆ دەگرێت، بەڵام پۆلی چوارەم (٣) ڕۆژ و زیاترکە ژمارەی ڕۆژە خۆڵاوییەکانی زۆرەو دەگاتە لوتکە بەرزدەبێتەوە بۆ (٦) مانگ. ئەگەر بەراوردی بکەین بە ساڵی (١٩٩٤) سنوری پۆلی یەکەم درێژ دەبێتەوە بۆ (٨) مانگ وە پۆلی دووەم هیچ مانگێك لە خۆ ناگرێت وە پۆلی سێهەم دوو مانگ لەخۆ دەگرێت وە پۆلی چوارەمیش تەنها دوو مانگی لەخۆگرتووە. هۆکاری ئەم جیاوازیە کاتیە لە ڕوودانی خۆڵبارین دەگەڕێتەوە بۆ بڕی بارانی باریو بەجۆرێك بڕی باران لە ساڵی (٢٠٠٨) بە ڕێژەی (١٥٠،٧٤٪) کەمترلە ساڵی (١٩٩٤) ئەمەجگە لەو وردەکاریانەی کە دراون لە خشتەی ژمارە(٩) وەك نارێکی لە دابەشبوونی بارانی ساڵی( ٢٠٠٨)، ئەمانەش ڕەنگدانەوەیان هەبووە لەسەر زیادبوونی ژمارەی ڕۆژە خۆڵاوییەکان لە ساڵی(٢٠٠٨) بۆ (٤٥) ڕۆژکە زۆر زیاترە بە بەراورد بە ساڵی (١٩٩٤) کە تەنها (١٠) ڕۆژە. ئەمە سەرەڕای بونی چەند ساڵێکی باراناوی لەپێش ساڵی (١٩٩٤) کە شێداری خاك و


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

گەشەکردنی رووەکی سروشتی زیاد کردووە. کە ئەمەش رۆڵی خۆی هەیە لە کەمکردنەوەی دروستبوونی خولبارین بە پێچەوانەشەوە بۆ ساڵی(٢٠٠٨) بەهۆی زۆر وشکبونەوەی خاك و کەمی روپۆشی رووەکی رۆڵی هەبووە لە زیادکردنی دوبارەبونەوەی رۆژە خۆڵاوییەکان کە ئەمەش بۆتە هۆی کەمکردنەوەی سنوری پۆلی یەکەم لە هەشت مانگەوە بۆ چوار مانگ وە زۆر زیادکردنی سنوری پۆلی چوارەم (ژمارەی رۆژە خۆڵاویەکان دەگاتە لوتکە) لە دوو مانگەوە بۆ شەش مانگ.

| ساڵ | بەهار | | | هاوین | | | پایز | | | زستان | | | سەرجەم ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ئازار | نیسان | مایس | حزیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | تشرین١ | تشرین٢ | کانون١ | کانون٢ | شوبات | |
| 1994 | 104 | 96.3 | 7.8 | 0 | 0 | 0 | 6.8 | 69.8 | 264.4 | 118.2 | 189.1 | 96.4 | 952.8 |
| 2008 | 48.3 | 17.5 | 0.9 | 0 | 0 | 0 | 2.5 | 96.8 | 12.4 | 21.5 | 59 | 121.1 | 380 |

خشتەی ژمارە(٩)

سەرجەمی مانگانە وساڵانەی بارانی شاری سلێمانی بۆ هەردوو ساڵی (١٩٩٤) و (٢٠٠٨)

سەرچاوە کاری توێژەر پشت بەست بە : حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی کەشناسیی سلێمانی، زانیاری بڵاونەکراوە

خشتەی ژمارە(١٠)

پۆلێنی تێکرا مانگانەییەکانی ژمارەی ڕۆژە خۆڵاوییەکانی شاری سلێمانی بۆ هەردوو ساڵی (١٩٩٤)و (٢٠٠٨)

| ساڵ | سەرجەمی باران | پولی یەکەم (٠،١-٠،٩٩) رۆژ | پولی دووەم (١-١،٩٩) رۆژ | پولی سێهەم (٢-٢،٩٩) رۆژ | پولی چوارەم ٣ رۆژ و زیاتر |
|---|---|---|---|---|---|
| 1994 | 952.8 | ئاب، ئەیلول ،تشرینی یەکەم، تشرینی دووەم، کانونی یەکەم، کانونی دووەم، شوبات، مایس | – | نیسان، حوزیران | ئازار، تەموز |
| 2008 | 380 | تشرینی دووەم، کانونی یەکەم، کانونی دووەم، ئاب | تشرینی یەکەم | شوبات | ئازار، نیسان، مایس، حزیران، تموز، ئەیلول |

سەرچاوە:کاری توێژەر پشتبەست بەخشتەی ژمارە (٨)

بەپشت بەستن بەوەی سەرەوە رەگەزە ئاووهەواییەکان کە لە لێکۆڵینەوەکەدا ئاماژەیان پێکراوە بەفاکتەری سەرەکی دروستکەرو دوبارەبونەوەی دیاردەی خۆڵبارین دادەنرێت لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا بە تایبەت لە وەرزی هاوین و هەردوو وەرزە گوێزراوەکە بەهۆی بەرزی پلەی گەرمی و زۆری بە هەڵمبوون و کەمی دابارین ئەمە سەرەرای خێرای باو کرانەوەی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەرووی بیابانەکانی باشوری رۆژئاوای عێراقدا کە ئاووهەوای بیابانیان هەیە هاوینی گەرم و وشکە و زستانی سارد و کەم بارانە(احمد،٢٠١١، ص١٣).

وەلەفاکتەرە ئاووهەوایەکانی ترکەدەبنەهۆی دروستبوونی خولبارین بریتیە لە گۆرانکاریە کەشییەکان وە کاریگەری هەریەکەیان لەسەر ئەوی ترکەخۆی لە تێپەربوونی بەرەی هەوایی ساردو وگەرمدا دەبینێتەوە وە دروستبوونی بارستە هەوای جەمسەری سارد و نەورایییەهەواییەکان وە

دابەزینی پەستانی هەوا کە پەیوەندیدارە بەهەبوونی چەند تەوژمێکی بەرزەوەبوو وەك پێشتریش باسکرا کە ئەمەش دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی ئەو بەرەنگاربونەوەیەی کە تۆز و خۆڵ دوچاری دەبێت لەکاتی بەرزبونەوەدا. ئەمەش ئاسانکاری زیاتر بەرزبونەوەی دەکات بۆ سەرەوە هەموو ئەمانە دەبنە هۆی ناجێگیری هەوا لە چینی خوارەوە و نزیکی سەر ڕووی زەویدا وە دروستبوونی چەند تەوژمێکی هەوای بەرزەوەبووی چالاك کە کاردەکاتە سەر بەرزکردنەوەی تۆز و خۆڵ بۆ سەرەوە لە ڕێگەی تەوژمە سەرکەوتوەکانەوە ئەمە سەرەرای ئەو تەوژمە هەواییە دابەزیوانەی کە لەسەرەوەی چینی ترۆپۆسفیرەوە دادەبەزن بۆ سەر ڕووی گەرمی زەوی ئەم دابەزینەش لەکاتی گەردەلولی بروسکەداردا ڕوودەدات وە بەهۆی ئەوەی ساردترن لەسەر ڕووی زەوی هەر بۆیە چالاکی ئەم تەوژمانە زیاتر دەبێت لە دروستکردنی گەردەلولی خۆڵاویی (G.et al, ١٩٨٨,١٢٩p))، هەروەك لە وەرزی بەهاری ناوچەی لێکۆڵینەوە.

سەرەرای دوبارەبونەوەی ئەم دیاردەیە لەمانگەکانی ساڵدا بە شێوەیەکی گشتی بەڵام وەرزە سەرەکیەکانی رودانی ئەم دیاردەیە و دروستبوونی بریتیە لە مانگەکانی بەهار بە پلەی یەکەم وە هاوین بە پلەی دووەم دواتر پایز و زستان ئەمەش بەهۆی ئەو حالەتی نا جێگیری هەوایەوە کە هاوکاتە لەگەڵ تێپەربوونی ئەو نەوراییە هەوایانەی کە لە دەریای ناوەراست و نیمچەدورگەی عەرەبەوە دێت هەروەها ئەو بارستە هەوایانەی کە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەریانەوە وەك پێشتر باسکرا جێگیرن تەنها لەبەشی خوارەوەیدا نەبێت کە بەر سەر ڕووی زەوی دەکەوێت گەرم دەبێت بەهۆی ئەو تیشکەی کە لە زەویەوە دەردەچێت و دەبێتە هۆی دروستبوونی گێژەلووکەی هەوایی(النجماوي، ص٨٠-٨١) .هەربۆیە لە خشتەی ژمارە (٤) دا دەردەکەوێت ژمارەی ڕۆژە خۆڵاوییەکان لە وەرزی بەهاردا بە پلەی یەکەم دێت کە دەگاتە (٧,٩٩٥) ڕۆژ بەڵام وەرزی هاوین بە پلەی دووەم دێت کە دەگاتە (٦,٠٤٦) ڕۆژ، هۆکاری سەرەکی دروستبوونی خۆڵبارین لە وەرزی هاویندا دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی ڕێژەی دوبارەبونەوەی بای ڕۆژئاوا و باکوری ڕۆژئاوا و باشوری ڕۆژئاوا کە دەگاتە (٢٢,٧٪، ١٤,٨٪، ١٤,٨٪) یەك لە دوای یەك بۆ هەرسێ ئاراستەکە وەك لە خشتەی ژمارە (٢) دەردەکەوێت هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا تێکرای خێرای با لە ئاراستەی ڕۆژئاوا و باکوری ڕۆژئاوا لەم وەرزەدا بەرزدەبێتەوە بۆ (٢,٣ م/چرکە، ٢,١ م/چرکە)یەك لە دوای یەك بۆ هەردوو ئاراستەکە وەك لە خشتەی ژمارە (١١) دەردەکەوێت ئەمەش بەهۆی تێپەربوونی ئەم بایانە (ڕۆژئاوا، باکوری ڕۆژئاوا، باشوری ڕۆژئاوا) بەچەند ناوچەیەکی وشکی بیابانیدا کە بەوە دەناسرێتەوە ڕوپۆشە ڕووەکیەکەی زۆر لاواز و کەمە خاکەکەی لەبارە بۆ ڕاماڵینی هەوایی بەتایبەت لە هەردوو ئاراستەی ڕۆژئاوا و باشوری ڕۆژئاوا کە بە بێ بوونی هیچ بەربەستێکی بەرزونزمی بەسەر ناوچەکەدا دەکرێنەوە، بەڵام لە وەرزی زستاندا ژمارەی ڕۆژە خۆڵاوییەکان زور کەمە و دەگاتە (٠,٩٥٢) ڕۆژ وەك لە خشتەی ژمارە (٤)دا دیارە هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پتەوی و یەکگرتووی گەردیلەکانی خاك بە هۆی تێربونیەوە بە ئاوی باران، هەروەها زۆر دابەزینی چالاکی گەرمی و کەمبونەوەی ڕێژەی دوبارەبونەوەی بای ڕۆژئاوا و باکوری ڕۆژئاوا و باشوری ڕۆژئاوا بۆ (١,٥٪، ٣,٦٪ ، ٢,٥٪) یەك لە دوای یەك وەك لە خشتەی ژمارە(٢)دا دیارە، هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا تێکرای خێرای با لەم ئاراستانەوە نزم دەبێتەوە بۆ (٠,٥ ، ١، ١,٤)م/چرکە یەك لە دوای یەك وەك لە خشتەی ژمارە (١١) دەردەکەوێت وە ئەو خولبارینە کەمەش کە لەم وەرزەدا ڕوبەڕووی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەبێتەوە لەو بەرە هەواییە جەمسەرییە ساردانەوە دروست دەبێت کە جێگەی سیستەمی پەستان بەرزی باو دەگرێتەوە .


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

خشتەی ژمارە (١١)

خێرایی با بە (م/چرکە) بە گوێرەی ئاراستەکان لە وێستگەی سلێمانی لە ماوەی ساڵانی (١٩٩٣-٢٠١٣ )

| ئاراستە | وەرزی بەهار | | | تێکرا | وەرزی هاوین | | | تێکرا | وەرزی پایز | | | تێکرا | وەرزی زستان | | | تێکرا | تێکرای ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ئازار | نیسان | مایس | | حوزەیران | تەمموز | ئاب | | ئەیلول | تشرین ١ | تشرین ٢ | | کانون ١ | کانون ٢ | شوبات | | |
| N | 1.2 | 2.8 | 3.2 | 2.4 | 2.1 | 2.5 | 2 | 2.2 | 1.4 | 1.1 | 1.2 | 1.2 | 2 | 2.3 | 0.7 | 1.7 | 1.9 |
| NE | 3.1 | 3.2 | 3.5 | 3.3 | 3.2 | 3.6 | 2.9 | 3.2 | 2.8 | 2.6 | 2.5 | 2.6 | 2.6 | 3.7 | 3.6 | 3.3 | 3.1 |
| E | 1.7 | 1.8 | 3.3 | 2.3 | 3.2 | 3.4 | 2.6 | 3.1 | 2 | 1.9 | 2.1 | 2 | 2.2 | 2.3 | 1.9 | 2.1 | 2.4 |
| SE | 2.4 | 2.5 | 2.3 | 2.4 | 1.6 | 0.8 | 2.5 | 1.6 | 2.6 | 2.8 | 2.3 | 2.6 | 1.7 | 2.9 | 2.8 | 2.5 | 2.3 |
| S | 2.4 | 2.6 | 3.2 | 2.7 | 2.3 | 2.1 | 2.5 | 2.3 | 1.7 | 2.3 | 1.8 | 1.9 | 1.5 | 1.8 | 2.2 | 1.8 | 2.2 |
| SW | 2 | 2.2 | 2.3 | 2.2 | 2.4 | 2.4 | 2.1 | 2.3 | 1.3 | 1.7 | 0.8 | 1.3 | 2.2 | 0.5 | 1.4 | 1.4 | 1.8 |
| W | 1.4 | 2.6 | 1.9 | 2 | 2.2 | 2.5 | 2.3 | 2.3 | 2.1 | 1.4 | 2.1 | 1.9 | 0.9 | 0.5 | 0 | 0.5 | 1.7 |
| NW | 0 | 1.8 | 3.1 | 1.6 | 3.2 | 1.6 | 1.5 | 2.1 | 2.1 | 1.2 | 1.5 | 1.6 | 1.6 | 0 | 1.5 | 1 | 1.6 |

سەرچاوە :- کاری توێژەر بە پشت بەستن بە :-

حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن ،بەڕێوەبەرایەتی کەشناسیی سلێمانی ، زانیاری بڵاونەکراوە .

## دەرئەنجامەکان:

بەلێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی کێشەی توێژینەوەکە گەیشتین بە ئەم دەرئەنجامانەی لای خوارەوە:

١-بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی و کەمی دابارین لەناوچەی لێکۆڵینەوە و بەتایبەت ناوچەکانی دەورووبەری دەبنە هۆی وشکی خاك ئەمەش دەبێتە هۆی هەڵوەشان و هەڵگرتنی دەنکۆڵەکانی بەبڕی جیاواز لە ڕێگەی باوە.

٢-بای باشوری خۆرئاوا ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە زیادکردنی ژمارەی ڕۆژە خۆڵاوییەکان، بەو پێیەی ڕێژەی سەدی بۆ دوبارەبونەوەی ئەم بایە لە هەر سی وەرزی ( بەهار، هاوین، پایز) دەگاتە (١٣,٣٪ ١٤,٨٪، ١٠,٦٪ ) هاوکات ژمارەی ڕۆژە خۆڵاوییەکان بۆ هەر سێ وەرزەکە دەگاتە (٨، ٦، ٢,١ ) ڕۆژ یەك لە دوای یەك ، بەڵام لە وەرزی زستاندا بەهۆی کەمبونەوەی ڕێژەی سەدی ئەم بایە بۆ (٢,٥٪)ژمارەی ڕۆژە خۆڵاوییەکانیش کەمدەبێتەوە بۆ (٠,٩٥٢)ڕۆژ .

٣-لەپۆلێنی تێکرا مانگانەییەکانی ژمارەی ڕۆژە خۆڵاوییەکان دەرکەوت مانگی مایس ژمارەی ڕۆژە خۆڵاوییەکانی دەگاتە لوتکە هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بای باشوری خۆرئاوا لەم مانگەدا زۆرترین ڕێژەی دوبارەبونەوەی هەیە کە دەگاتە (٢٠,٤٪).

٤-لە ئەنجامی بەراوردکردنی دە ساڵی یەکەمی لێکۆڵینەوەکە (١٩٩٤-٢٠٠٣) بە دە ساڵی دووەمی لێکۆڵینەوەکە(٢٠٠٤- ٢٠١٣) دەرکەوت لە دە ساڵی دووەمی لێکۆڵینەوەکەدا (٢٠٠٤-٢٠١٣) باران بە ڕێژەی ٨,١١٥٪ کەمی کردووە کە دەتوانین ئەمە بە گۆرانکاریەك لەبڕی بارانی ناوچەکە دابنێین وە خۆڵبارین بەهەردوو جۆرەکەیەوە بە ڕێژەی (٦٨,٧٥٪) زیادی کردووە. پێشنیارەکان:

١-کەمکردنەوەی کاریگەری ڕەگەزە ئاووهەواییەکان بەتایبەت ڕەگەزی با بەهۆی ئەو کاریگەرییە سەرەکیەی کە هەیەتی ئەویش بە چاندنی درەختی بەرز کە دەبێتە بەربەست لەبەردەم بادا

٢-چاندنی ئەو بەروبومانەی کە دەبنە هۆی پتەوی خاك .

٣-نەبرینەوەی درەختەکان و بەکارهێنانی شێوازی کشتوکاڵی چڕ.

٤-گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ کەمکردنەوەی یان سنورداركردنی کێشەی گەردەلولی خوڵاویی وە کەمکردنەوەی کاریگەرییە ژینگەییەکانی لە شاری سلێمانی.

## سەرچاوەکان:

### أ-سەرچاوە کوردیەکان

١-احمد، شوخان محمد(٢٠١١): وێستگەی کەشناسیی سلێمانی، لێکۆڵینەوەیەك لە ئاووهەوای ورد، نامەی ماستەر، کولێژی زانستە مروڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، بڵاونەکراوە.

٢- وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی کەشناسیی سلێمانی، زانیاری بڵاونەکراوە.

٣- محمد، ئاوێستا خالید(٢٠٠٨): پەیوەندی جیمۆرفۆلۆجیای شاری سلێمانی بە بەکارهێنانی زەوی نیشتەجێبونەوە، نامەی ماستەر، کولێژی زانستەمروڤایەتیەکان، زانکوی سلێمانی، بڵاونەکراوە.

### ب-سەرچاوە عەرەبیەکان:

١-النجماوي، سرى بدرحسين علاوي(٢٠٠١): دراسة مناخ محافظة نينوى، كلية تربية، جامعة الموصل، رسالة ماجستير غير منشورة.

٢-ديري، عبد الامام نصار(١٩٨٨): تحليل الجغرافي لخصائص مناخ القسم الجنوب من العراق، كلية الاداب، جامعة البصرة، رسالة ماجستير غير منشورة.

٣- شرف، عبدالعزيز طرح(١٩٨٠): مناخ كويت، مؤسسة الثقافية الجامعية، الاسكندرية.

٤- عبدالرحمان، بشائر (١٩٨٩): العواصف الغبارية في العراق، جامعة المستنصرية، رسالة ماجستير غير منشورة.

٥-فايد، يوسف عبدالمجيد: جغرافية المناخ والنبات، دار النهضة العربية، بيروت، بدون سنة.

٦-كربل، عبدالاله رزقي(٢٠٠٥): علم الاشكال الارضية(الجيمورفولوجيا)، جامعة البصرة.

### ت-سەرچاوەی ئینگلیزی

1-Andrew,G.et al, (1988): Encyclopedic dictionary of physical Geography, 2nd edition printed in Great Britain, Norwich, Ltd.

2-Tom,M. & Hess L.D. (2002): Physical Geography 7th edition , Newjersy.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

# شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەشبوونی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق

**کاوە رشید کاکی[١]، جەزا تۆفیق تالیب[٢]**
[١,٢] بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: **rashid.060003@univsul.edu.iq**

**پوختە:**

دابەشبوونی جوگرافیی دانیشتوان؛ پرسێکی گرنگە لە پرسەکانی بابەتی جوگرافی و تەوەرێکی گرنگی لە توێژینەوە دانیشتوانییەکاندا پێکهێناوە، چونکە لەڕێگەیەوە دەتوانرێت کەتوار (واقع)ی نیشتەجێبوونی مرۆڤ و پەیوەندیی بە شوێن و ژینگەوە دەربخات، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت واقعی دابەشبوونی دانیشتوان بەسەر ناوچەی توێژینەوەدا بخرێتەڕوو، چونکە دابەشبوونی دانیشتوان دەرئەنجامە بۆ کارلێکی نێوان خودی دانیشتوان لەگەڵ تەواوی توانا ژینگەییەکانی ئەو ناوچەیەی تێیدا نیشتەجێن. هەروەها دابەشبوونەکان دەتوانن کۆمەڵێک شێوازمان بۆ دروستبکەن، کە دواجار هەریەک لەو شێوازانە شیکاری و لێکدانەوەی خۆیان هەیە. لە توێژینەوەکەدا سەرەڕای بەکارهێنانی داتا و زانیارییە ژمارەییەکانی دانیشتوان، هەوڵدراوە تەکنیکی سیستمی زانیارییە جوگرافییەکان (GIS) و ڕێگا ئامارییەکانی تایبەت بە دابەشبوون بەکاربهێنرێت، تاکو لەڕێگەی ئەنجامەکانەوە شیکاری و چارەسەری گونجاو بۆ تەواوی کێشەکانی پەیوەست بە دابەشبوون و تێکچوونی هاوسەنگیی دابەشبوونەکە بخرێتەڕوو، بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکە بۆ چوار تەوەری سەرەکی (دابەشبوونی شوێنی و ژمارەیی دانیشتوان، دابەشبوونی قەبارەیی دانیشتوان، دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان، شێوازەکانی دابەشبوونی دانیشتوان) دابەشکراوە، تیایدا دەرکەوتووە ناهەوسەنگی لە دابەشبوونی شوێنی و قەبارەیی و ژینگەیدا بوونی هەیە و شێوازەکانی دابەشبوونی دانیشتوان بۆ سەلماندنی ناهاوسەنگیەکە باشترین گەواهیدەرن.

**وشە کلیلییەکان:** (دابەشبوون، دابەشبوونی دانیشتوان، شێوازەکانی دابەشبوون)


| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٧ ژمارە ١ساڵی(٢٠٢٢) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢١/١١/٢٥ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٢/٢ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٢/٣/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | rashid.060003@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٢ کاوە رشید کاکی، پ. د. جەزا تۆفیق تالیب،گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## ملخص:

التوزيع الجغرافي للسكان؛ هو قضية هامة في القضايا الجغرافية وشكل موضوعا هاما في البحوث السكانية، لأنه من خلال ذلك، فمن الممكن إظهار واقع الإستقرار البشرية وعلاقتها بالمكان والبيئة، لذلك هذه الدراسة تحاول إظهار واقع التوزيع السكاني على منطقة الدراسة، لأن توزيع السكان هو نتيجة للتفاعل بين السكان أنفسهم والقدرات البيئية الكاملة للمنطقة التي يعيشون فيها. يمكن للتوزيع أيضا إنشاء مجموعة من الأنماط، وفي نهاية المطاف كل منها له تحليله الخاص. و في هذا البحث، وعلى الرغم من استخدام البيانات والمعلومات العددية، جرت محاولة استخدام تقنية نظام المعلومات الجغرافية (GIS) واستخدام الأساليب الإحصائية للتقسيم، بحيث يتم من خلال النتائج، عرض التحليلات والحلول المناسبة للمشاكل الكاملة المتعلقة بالتوزيع وتدهور ميزان التوزيع. ولهذا الغرض، سيركز البحث على أربعة مواضيع رئيسية (توزيع مكاني وعددي للسكان، وتوزيع الحجمي للسكان، والتوزيع البيئي للسكان، وأنماط التوزيع )، وقد تبين أن هناك اختلالا في توزيع الموقع والحجم والبيئة، وأن أساليب توزيع السكان لإثبات عدم التوازن هي أفضل دليل.


**كلمات المفتاحية:** (توزيع، توزيع السكان، أنماط التوزيع).


## Abstract:

The geographic distribution of population is an important topic in geography and constitutes an important topic in population researches because through it, the facts about the inhabiting of the population and its relations to the location and the environment are shown. For that reason, an attempt is made in this paper to demonstrate the facts of the population distribution onto the location studied in this paper because population distribution is the outcome of the interactions between the population with all the environmental factors that exist in the place where they have dwelt. The divisions can also make some patterns that can be analyzed and explained. In the research, despite using numeric data and information about the population, an attempt is made to use systematic techniques for geo-information and specific statistics relation to the population division to, through the results, show a suitable solution to the (GIS) problems related to the distribution and the imbalance of the distribution of the population. The research includes four main topics (the distribution of the location and the number population, The volume of the population division, The environmental division of the population, and the sorts of the population division) and it is noticed that there is an imbalance in the location, mass, and environmental distribution and the types of the distributions can be a good evidence for such imbalances.


**Keywords:** (Distribution, Distribution of Population, Patterns of Distribution)

## پێشەکی:

دابەشبوونی جوگرافیایی دانیشتوان بە یەکێك لەگرنگترین بابەتەکانی جوگرافیای دانیشتوان دادەنرێت، نەخشە وکەتوار (واقع) ی دابەشبوونی دانیشتوان، دەرئەنجامی کارلێککردنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی نێوان فاکتەرە سروشتیو مرۆییەکانن لەهەر ناوچەیەکدا. گرنگیی ئەم بابەتەش لەوەدا دەردەکەوێ کە زانینی دابەشبوونی دانیشتوانی هەر ناوچەیەك کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر هەر پلانێك دەبێت کە بەئامانجی بەرەوپێشبردنو پەرەسەندنی ئابووریو کۆمەڵایەتی دادەڕێژرێت، بەمەبەستی دەرخستنی تایبەتمەندیەکانی ئەو کۆمەڵگەیەو چارەسەرکردنی کێشەکانیان ئەنجامدەدرێت. ئاشکرایە هەموو پرۆژەیەکی پلاندانانی پێشوەخت پێویستی بە کۆمەڵێ توێژینەوەی زانستی دەبێت، تاکو ببنە بەرچاوڕوونی و بتوانرێ لەڕێگەی دەرئەنجامەکانیانەوە ئامانج و هەنگاوەکانی پلانەکە دابڕێژرێنەوە و بەگوێرەی

واقیعی ناوچەکە و پێویستییەکانی کار لەسەر هێنانەدیی ئامانجەکان بکرێت، ئیدی ئەگەر پلانەکە پلانێکی ماوە کورت یان دوور مەودا بێت، پلانێکی لۆکاڵی یان هەرێمی یاخود پلانێکی گشتگیر و فرە ڕەهەندبێت.

لەم ڕوانگەیەوە هەوڵدەدەین توێژینەوە لەسەر دابەشبوونی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق بکەین لەڕووی دابەشبوونی شوێنیو ژمارەیو ژینگەییەوە، بەگوێرەی ئەو پێوەرو ستانداردانەی لەم جۆرە توێژینەوانەدا بەکاردەهێنرێن، هەتا بتوانین لەڕێگەیانەوە دابەشبوونی دانیشتوانی قەزاکە لەڕووی دابەشبوونی شوێنی و ژمارەیی، دابەشبوونی قەبارەیی و دابەشبوونی ژینگەییەوە بەشێوەیەکی زانستی و بابەتیانە بخەینەڕوو.

## کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەی توێژینەوەکە بریتیە لە (نەبوونی هاوسەنگی لە دابەشبوونی دانیشتواندا، بەسەر بەشە جیاوازەکانی ناوچەی توێژینەوەدا)، دەکرێت ڕوونکردنەوەی زیاتری تایبەت بەم کێشەیە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا بخەینەڕوو:

١- ئایا هاوسەنگی لە دابەشبوونی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەدا هەیە؟ دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزاکەدا بە ئاراستەی گردبوونەوەیە یان پەرش وبڵاو؟

٢- ئایا دابەشبوونی قەبارەیی دانیشتوان، دابەشبوونێکی چوونیەکە، یان جیاوازی گەورە لە دەستە قەبارەییەکاندا بوونی هەیە؟

٣- دۆخی دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە چۆنە؟

## گریمانەی توێژینەوەکە:

گریمانەکانی توێژینەوە، بریتین لە وەڵامدانەوەیەکی پێشوەختی کێشەی توێژینەوەکە، یاخود ڕەنگە گریمانەکان بەشێکیان چارەسەری کێشەکانی توێژینەوەکە بن، گریمانەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

١- دابەشبوونی دانیشتوانی قەزاکە، هاوسەنگ نییە و جیاوازی لە دابەشبوونیاندا هەیە، بەجۆرێک هەریەکەیەکی کارگێڕی شێوازی جیاوازی وەرگرتووە.

٢- بوونی جیاوازی لە بارودۆخە ژینگەیی و مرۆییەکاندا، ڕەنگدانەوەیان هەبووە لە بوونی جیاوازی گەورە لە دابەشبوونی قەبارەیی دانیشتوانی قەزاکەدا.

٣- نەبوونی سیاسەتێکی ڕامیاریی دروست و هاوسەنگیی لە پەرەپێدانی نێوان شارو دێیەکاندا، هۆکار بوون بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی شارنشینی وکەمبوونەوەی دێنشینی لە قەزاکەدا.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە خستنەڕووی تەواوی تایبەتمەندییەکانی دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای سەیدسادق لەماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠) دا، بۆ ئەوەی ڕاستیەکان بۆ لایەنی پەیوەندیدار وچارەسەرکردنی ناهاوسەنگی لە دابەشبوونی دانیشتوان و وهۆکارەکانی لە ناوچەی توێژینەوەدا بخەینەروو.

## ڕێبازی توێژینەوەکە:

گومان لەوەدا نییە هەر توێژینەوەیەکی ئەکادیمی پێویستی بە بەکارهێنانی ڕێبازێك یاخود چەند ڕێبازێکی توێژینەوە هەیە، تاکو ببێتە ڕەوتێکی زانستی بۆ بڕیاردان لەسەر تەواوی هەنگاوەکانی ناو توێژینەوەکە. لە گرنگترین ڕێبازە بەکارهاتووە کانیش لەم توێژینەوەدا بریتین لە: ڕێبازی پەسنی(المنهج الوصفی): لەم میتۆدەدا هەوڵدراوە واقعی ناوچەی توێژینەوە، بە بەکارهێنانی زانیارییە دروستەکان لەسەر دانیشتوان وەك ئەوەی کە هەیە بخرێتە ڕوو. هاوکات لە توێژینەوەکەدا ڕێبازی شیکاری (المنهج التحلیلي) بۆ دانیشتوان و داتا دانیشتوانییەکان کراوە، هاوکات ڕێگا و ئامرازی ئاماری و شیکردنەوەی چەندێتی (تحلیل الکمي) بەکاربراوە.

## سنووری توێژینەوەکە:

هەر توێژینەوەیەکی زانستی لە کات و شوێن و بابەتێکی دیاریکراودا ئەنجام دەدرێت، بۆئەوەی ئامانج و هەنگاوەکانی توێژینەوەکە ڕوون و بابەتیبن، پێویستە سنوری توێژینەوەکە دیاریکراو بێت، تاکو بتوانرێت ئەنجامەکە بەسەر کات و شوێنێکی دیارکراودا بگشتێنرێت.

## سنووری شوێنی:

قەزای سەیدسادق لەڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمیەوە دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانیی (″٣٣ ′١٥ ٣٥٠ – ″٠٥ ′٣٥ ٣٥٠) ی باکوری گۆی زەوی و هێڵەکانی درێژیی (″٤١ ′٣٨ ٤٥٠ – ″٥٩ ′٥١ ٤٦٠)ی ڕۆژهەڵات، لەڕووی شوێنی جوگرافیاوە دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانی و ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە، لە بەشی ڕۆژهەڵاتیەوە هاوسنورە لەگەڵ پارێزگای هەڵەبجەدا، لە باشورەوە هاوسنورە لەگەڵ قەزای شارەزووردا، لە بەشی ڕۆژئاوایەوە قەزای سلێمانی هەیە، لە هەریەك لە باکووری ڕۆژهەڵات و باکوریەوە هەریەك لە قەزاکانی پێنجوێن و شارباژێر بوونیان هەیە. سەبارەت بە یەکە گارگێڕییەکانی قەزای سەیدسادق، پێکهاتووە لە هەردوو ناحیەی: (سەنتەری قەزای سەیدسادق، ناحیەی سرۆچك)، کۆی گشتی ڕووبەری قەزاکە بریتیە لە (٦٩٦,٣) کم٢. بڕوانە نەخشەی (١).

## سنووری کاتی:

سنووری کاتیی توێژینەوەکە بریتیە لە ماوەی نێوان (١٩٥٧-٢٠٢٠)، واتە ساڵی بنەڕەت بریتیە لە (١٩٥٧) و ساڵی توێژینەوەکەش بریتیە لە ساڵی (٢٠٢٠)، بۆ ئەوەی ڕاستیەکان بۆ لایەنی پەیوەندیدار وچارەسەرکردنی ناهاوسەنگی لە دابەشبوونی دانیشتوان و وهۆکارەکانی لە ناوچەی توێژینەوەدا بخەینەروو.

نەخشەی (١): شوێن وپێگەی ناوچەی توێژینەوە




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە : (وەزارەتی پلاندانان، ٢٠٢٠).

یەکەم: دابەشبوونی شوێنی و ژمارەیی دانیشتوان

دابەشبوونی دانیشتوان؛ بەسەر جوگرافیا و ناوچە جیاوازەکاندا دابەشبوونێکی واقیعی (کەتواری)یە، بەو واتایەی تایبەتمەنییە سروشتی و مرۆییەکان بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن دانیشتوان لە کوێدا کۆبێتەوە و لەکوێدا بوونیان نەبێت، جگە لەوەی هیچ کات ئەوە ڕووینەداوە لە

هەموو مەڵبەندەکانی نیشتەجێبوونی مرۆڤدا یەکسانی قەبارەیی و ژمارەیی هەبوبێت، هۆکارەکانی ئەم نابەرامبەرییە بۆ بوونی جیاوازی لە شێوەکانی سەر رووی زەوی و دابەشبوونی دەرامەتە سروشتییەکان و دۆخە جیاوازەکانی ژینگەی سروشتی و مرۆیی دەگەڕێتەوە. هەروەها کاریگەرییەکانی ژینگەی مرۆیش جارێکی تر هۆکارن بۆ دەرکەوتنی جیاوازی لە دابەشبوونی شوێنی و ژمارەیی دانیشتواندا، هۆکارە مرۆییەکان بریتین لە هەریەك لە: (هۆکارە ئابوورییەکان، خزمەتگوزارییەکانی سەرخان و ژێرخان، هۆکاری کۆمەڵایەتی، رامیاری و کارگێڕی) ەکان (السعدي، ١٩٧٦، ص ٣٣).

## ١-١- دابەشبوونی شوێنیی دانیشتوان

مەبەست لە دابەشبوونی شوێنیی دانیشتوان، دابەشبوونی دانیشتوانە بەسەر شوێنو بەشە جیاجیاکانی ناوچەی توێژینەوەدا، کە بێگومان هەر ناوچەیەك بەرێژەی جیاواز دانیشتوانی تێدا کۆبووەتەوە، ئەویش بەگوێرەی بارودۆخەکانی ژینگەی سروشتیو مرۆیی هەریەکە لەو ناوچانە دەبێت، باشترین دابەشکاریش بۆ جیاکاری شوێنەکانی ناوچەی توێژینەوە بریتیە لە سنوری یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکە، بەم پێیەش قەزاکە دابەشبووە بەسەر هەردوو ناحیەی (سەنتەری قەزای سەیدسادق، ناحیەی سرۆچك). گرنگیی ئەم جۆرەی دابەشبوون لەوەدا خۆیدەبینێتەوە، کە ئایا دابەشبوونی دانیشتوان بەشێوەیەکی هاوسەنگ بەسەر تەواوی بەشەکانی ناوچەکەدا دابەشبووە، یاخود بەپێچەوانەوە جیاوازی و نابەرامبەری گەورە لە کۆبوونەوەی دانیشتوانی هەریەك لەو بەشانەدا هەیە و چڕیی نیشتەجێبوون لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت.

لە خشتەی (١)و نەخشەی (٢)ەوە دەردەکەوێت زۆرترین دانیشتوان دەکەوێتە بەشی باشووری ناوچەی توێژینەوەوە، واتە سەنتەری قەزای سەیدسادق، ئەویش بەهۆی کاریگەریی شاری سەیدسادقەوەیە، چونکە ئەم شارە سەنتەری قەزاکە دەنوێنێت، هەروەها زۆرترین دەزگای ئیداریو خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و خۆشگوزەرانیەکانی تێدا بەرجەستە بووە، بۆیە دەبینین زۆرترین دانیشتوانی لەخۆگرتووە کە دەگاتە (٩٢٣٢٧) کەس، چڕیی گشتی دانیشتوانیش بەرزترین بەهای تۆمارکردووە لەم ناحیەیەدا کە (٢٦٨کەس/کم٢) بووە، پاش ئەویش ناحیەی سروچك دێت کە ژمارەی دانیشتوانەکەی (٣١٧٣)کەسەو چڕیی دانیشتوان تیایدا (٩کەس/ کم٢) بووە.

هۆکاری کەمی نیشتەجێبوون لەباکووری قەزاکە واتە لەناحیەی سروچك، سەرەڕای نەگونجاوی تۆبۆگرافیاو ژینگەی سروشتیو نەبوونی زەوی کشتوکاڵیی پێویست بەهۆی ئاڵۆزیی جیۆمۆرفۆلۆجیەکەیەوە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم ناوچانە دوورن لە سەنتەرەکانی خزمەتگوزارییە کارگێڕیو ئابووریو کۆمەڵایەتیەکانی سەنتەری قەزاکەوە.

خشتەی (١): دابەشبوون و چڕیی گشتی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق بەپێی یەکە کارگێڕییەکان لەساڵی (٢٠٢٠)

| یەکەی کارگێڕی | ڕووبەر (کم$^{2}$) | ژ. دانیشتوان | چڕیی گشتی دانیشتوان (کەس/کم$^{2}$) |
|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا | ٣٤٣،٨١ | ٩٢٣٢٧ | ٢٦٨،٥ |
| ناحیەی سرۆچك | ٣٥٢،٥١ | ٣١٧٣ | ٩ |
| کۆی قەزا | ٦٩٦،٣٢ | ٩٥٥٠٠ | ١٣٧،١ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی خشتەی (٣) و دەرهاویشتەکانی پرۆگرامی (ArcMap10.8).

نەخشەی (٢): دابەشبوونی شوێنیی و چڕیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق بۆساڵی ٢٠٢٠




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی خشتەی (١).

## ١-٢- دابەشبوونی ژمارەیی دانیشتوان:

قەزای سەیدسادق یەکێکە لەو قەزایانەی هەرێمی کوردستان کە ژمارەیەکی بەرچاو دانیشتوانی تێدا کۆبووەتەوە، بەردەوام ژمارەی دانیشتوانی بەرەو زیادبوون ڕۆشتووە، بەڵام ڕێژەی لە کۆی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی بەردەوام کەمیکردووە، بە تێڕوانین لە خشتەی (٢) ئەم ڕاستیە ڕوونتر دەردەکەوێ، ژمارەی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق لەساڵی (١٩٥٧)دا نزیکەی (١٧٦٠٦) کەس بووە، کە دەکاتە ڕێژەی (٥,٨٪)ی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی، لەساڵی (١٩٦٥)دا ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە زیادیکردووە بۆ (٢٣٤٥٤)کەس، واتە نزیکەی (٥,٩٪)ی کۆی هەموو دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیی پێکهێناوە، لەساڵی (١٩٧٧) دا ژمارەی دانیشتوان بۆ (٤٠١٥٦) کەس زیاد دەکات، بەڵام ڕێژەکە بۆ (٥,٨٪) کەمدەکات، کەمبوونەوەکە بەردەوامی دەبێت، بەجۆرێك لە ساڵەکانی (١٩٨٧ و ٢٠٠٢ و ٢٠١٠ و ٢٠٢٠) بەدوای یەکدا بەردەوام لە کەمبوونەوەدا دەبێت بە ڕێژەکانی (٥٪، ٤,٣٪، ٤٪، ٣,٨٪). ئەمەش بەڵگەیە لەسەرئەوەی گەشەی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق لە گەشەی گشتی دانیشتوانی کۆی پارێزگاکە کەمترە.

کەواتە، ئاراستەی کۆچکردن (کۆچی ناوخۆیی) لە نێوان قەزای سەیدسادق و بەشەکانی تری پارێزگای سلێمانیدا، کۆچێکی نەرێنییە بەو واتایەی ئاراستەی کۆچ لە سنووری قەزای سەیدسادقەوە بۆ سەنتەری پارێزگا و بەشەکانی تری پارێزگاکە ئەنجام دەدرێت.

هەر سەبارەت بە دابەشبوونی ژمارەیی دانیشتوان، بەڵام لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکە، وەك لە خشتەی (٣) و شێوەی (١) دا دەردەکەوێت، لەساڵی (١٩٥٧) دا تارادەیەك هاوسەنگی لەنێوان دابەشبوونی ژمارەیی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەدا بوونی هەبووە، بەوەی بەنزیکەی هەریەك لە ناحیەکانی (ناوەند و سروچك) ڕێژەی (٥٠٪) ی دانیشتوانی کۆی قەزاکەیان لەخۆیان گرتووە، دواتر لە ساڵی (١٩٦٥) دا هاوسەنگییەکە تێکدەچێت و ناحیەی سروچك زۆرینەی دانیشتوان لەخۆدەگرێت بەڕێژەی (٥٢,٥٪)، لەبەرامبەردا سەنتەری

قەزای سەیدسادق ڕێژەی (٤٧,٥٪) ی دانیشتوان پێکدەهێنێت.

خشتەی (٢): ژمارە و ڕێژەی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق لە پارێزگای سلێمانی لەماوەی ساڵانی ١٩٥٧-٢٠٢٠

| ساڵ | ژ.دانیشتوانی قەزا | ژ. دانیشتوانی پارێزگا | ڕێژەی قەزا لەپارێزگا % |
|---|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ١٧٦٠٦ | ٣٠٤٨٩٥ | ٥،٨ |
| ١٩٦٥ | ٢٣٤٥٤ | ٣٩٩٧٦٨ | ٥،٩ |
| ١٩٧٧ | ٤٠١٥٦ | ٦٩٠٥٥٧ | ٥،٨ |
| ١٩٨٧ | ٤٧٨٧٢ | ٩٥١٧٢٣ | ٥ |
| ٢٠٠٢ | ٥٣٦٦٧ | ١٢٤٩٨٢٤ | ٤،٣ |
| ٢٠١٠ | ٧٤٤١٦ | ١٨٥١٤٣٣ | ٤ |
| ٢٠٢٠ | ٩٥٥٠٠ | ٢٤٨٨١٧١ | ٣،٨ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە:

١- زانیارییەکانی خشتەی (٣). ٢- (وەزارەتی پلاندانان، ٢٠٢٠).

بەشێکی هۆکارەکان دەگەڕێنەوە بۆئەوەی سروشتی ئەوکاتی دانیشتوانی قەزاکە و هەرێمی کوردستان بەگشتی، کە زیاتر کۆمەڵگەیەکی دێنشینی و کشتوکاڵی بووە، لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر ناوچە شاخاوی و دژوارەکانیان هەڵبژاردوە بۆ نیشتەجێبوون، لە پرۆسەی کشتوکاڵیشدا زیاتر بەکاری پەروەدەکردنی ئاژەڵەوە سەرقاڵبوون، بۆیە ناوچە شاخاوییەکانی باکووری قەزاکە، کە خۆی لە ناحیەی (سروچک) دا دەبینێتەوە زۆرترین دانیشتوانی تێدا کۆبووەتەوە.

خشتەی (٣): ژمارە و ڕێژەی دانیشتوانی ناحیەکانی قەزای سەیدسادق، ساڵانی ١٩٥٧-٢٠٢٠

| ساڵ | سەنتەری قەزا | % | ناحیەی سروچک | % | کۆی قەزا | % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ٨٨٢٢ | ٥٠،١ | ٨٧٨٤ | ٤٩،٩ | ١٧٦٠٦ | ١٠٠ |
| ١٩٦٥ | ١١١٣١ | ٤٧،٥ | ١٢٣٢٣ | ٥٢،٥ | ٢٣٤٥٤ | ١٠٠ |
| ١٩٧٧ | ٢٢٧٠١ | ٥٦،٥ | ١٧٤٥٥ | ٤٣،٥ | ٤٠١٥٦ | ١٠٠ |
| ١٩٨٧ | ٤٥٧٢٠ | ٩٥،٥ | ٢١٥٢ | ٤،٥ | ٤٧٨٧٢ | ١٠٠ |
| ٢٠٠٢ | ٤٨٠٢٨ | ٨٩،٥ | ٥٦٣٩ | ١٠،٥ | ٥٣٦٦٧ | ١٠٠ |
| ٢٠١٠ | ٧٠٨٢٩ | ٩٥،٢ | ٣٥٨٧ | ٤،٨ | ٧٤٤١٦ | ١٠٠ |
| ٢٠٢٠ | ٩٢٣٢٧ | ٩٦،٧ | ٣١٧٣ | ٣،٣ | ٩٥٥٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە:

١- (وزارة الداخلية، ١٩٥٧). ٢- (وزارة التخطيط، ١٩٦٥). ٣- (وزارة التخطيط، ١٩٧٧). ٤- (وزارة التخطيط، ١٩٨٧). ٥- (وەزارەتی

پلاندانان، ٢٠٢٠). ٦- (وەزارەتیی دارایی و ئابووری ٢٠٢٠).

شێوەی (١): دابەشبوونی ژمارەیی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق لەسەر ئاستی یەکە کارگێرییەکان، لەماوەی (١٩٥٧-٢٠٢٠)




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی خشتەی (٣).

بەڵام دواتر لە سەرژمێریی ساڵی (١٩٧٧) دا زۆربەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە لە سەنتەری قەزای سەیدسادقدا کۆدەبنەوە بەرێژەی (٥٦,٥٪)، لە بەرامبەردا ناحیەی سروچك کەمتر (٤٤٪) ی دانیشتوانی لەخۆگرتووە. هۆکاری ئەم گۆڕانکارییە دەگەڕێتەوە بۆ ڕوودانی پرۆسەی گۆڕانکاری لە پێکهاتەی ئابووریی کۆمەڵگەدا، کە جگە لە ئاژەڵداری پرۆسەی چاندن و کشتوکاڵی ڕووەکی پەیڕەوی لێدەکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش زەوییە بەپیتەکانی باشووری سنووری قەزای سەیدسادق، کە سەنتەری قەزاکە دەکات باشترین و گونجاوترین شوێن دەبێت بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە، هەربۆیە لەم سەرژمێرییە و سەرژمێرییەکانی دواتردا چڕیی نیشتەجێبوون و قورسایی ژمارەیی دانیشتوان لە بەشی باشووری قەزاکەدا دەمێنێتەوە. هەربۆیە لە ساڵەکانی (١٩٨٧، ٢٠٠٢، ٢٠١٠ و ٢٠٢٠) دا، سەنتەری قەزا بە ڕێژەکانی: (٩٥,٥٪)، (٨٩,٥٪)، (٩٥,٢٪) و (٩٦,٧٪)، دەبێتە چڕترین شوێن لەڕووی دابەشبوونی ژمارەییەوە. تەنانەت جیاوازییەکە زۆر گەورەتر دەبێت و لەکۆتا ساڵی توێژینەوەکەدا کە ساڵی (٢٠٢٠)ە ناحیەی سروچك تەنیا ڕێژەی (٣,٣٪) ی دانیشتوانی قەزاکە لەخۆدەگرێت.

بەشێکی تری هۆکارەکان بۆ گۆڕانی دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان دەگەڕێتەوە، کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی بەهۆی بەشێکی زۆر لە هۆکارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە، کە لە ماوەی توێژینەوەدا بەسەر هەرێمی کوردستان و ناوچەی توێژینەوەدا هاتوون، بوونە هۆی ئەوەی لە کۆمەڵگەیەکی دێنشینەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی شارنشین بگۆڕێن.

## دووەم: دابەشبوونی قەبارەیی دانیشتوان

مەبەست لە دابەشبوونی قەبارەیی؛ بەرکەوتەی هەر مەڵبەندێکی دانیشتوانیە لەڕووی قەبارەی دانیشتوانەوە، ئیتر ئەگەر لەسەرئاستی وڵات، هەرێم، پارێزگا یان ناحیە بێت (الراوي، ١٩٩٧، ص ٣١). بە دەربڕینێکی تر: بریتیە لە ڕیزبەندی قەبارەیی دانیشتوان بەگوێرەی قورسایی دانیشتوانیان، بۆ ئەم مەبەستەش ڕیزبەندیەکە پشت بە ژمارەی دانیشتوانی هەر نشینگە (شار و دێ)یەك دەبەستێت، بێگومان ئەم دابەشبوونە بەتێپەڕبوونی کات گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، کە بەرئەنجامی هۆکارە جۆراوجۆرەکانن، جگە لەوەی خودی جیاوازییە قەبارەییەکانیش جارێکی تر لێکەوتەی کۆمەڵێك بارودۆخی زاڵی ئەو ناوچەیەن، بۆیە بۆ ئەنجامدانی ئەم دابەشکارییە کۆمەڵێك دەستەی قەبارەیی دادەنرێن و بەگوێرەیان نشینگەکانیان پێدابەشدەکرێت (محمد، ٢٠٠٦، لا ٣٩).

بێك و بێك .گرانشایم ئەم قۆناغەی ئێمە بە قۆناغێكی پڕ لە بەرژەوەندی پێكناكۆكی خێزانی، پیشەیی، خۆشەویستی و ئازادی بۆ بەدواداچوونی ئامانجە تاكەكەسییەكان دەزانن. لێرەدا پێكدادانی بەهاكان لە پەیوەندییە كەسییەكاندا بە توندی هەستی پێدەكرێت، بەتایبەت كاتێك كە هەردوو لایەن لە دەرەوەی ماڵ كار بكەن. لەم سەردەمەدا ژمارەی ئەو ژنانەی كە لە دەرەوەی ماڵ كار دەكەن ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاد دەكەن و بە شێوەی پسپۆرانە بەدواداچوون بۆ ژیانی پیشەیی خۆیان دەكەن. پێشتر ژنان زیاتر بەشێوەی كاتی یان پارتتایم لە دەرەوە كاریان دەكرد، یان زۆربەی كاتی خۆیان بۆ پەروەردەكردنی منداڵ تەرخان دەكرد. ئێستا ئەم سەرچەشنە كەمتر لە ڕابردوو جێگیر و بەردەوامە؛ ئێستا چ ژن و چ پیاو پێداگری لەسەر نیازە تاكەكەسی و پسپۆڕییەكانی خۆیان دەكەن. بێك و بێك .گرانشایم بەو ئەنجامە دەگەن كە پەیوەندییەكانی چەرخی مۆدێرنی ئێستای زیاترە لە تەنها پەیوەندیی ڕووت. نە تەنیا خۆشەویستی، بەڵكو سێكس، منداڵ، زەواج و ئەركی ماڵداری بابەتی ئاڵوگۆڕكردنی بیروڕاو گفتۆگۆ و بە سازانن، بەڵكو پەیوەندییەكان ئێستا گەیشتوتە قسەكردن لەسەر كار، سیاسەت، ئابووری، پیسپۆری و پیشە و نایەكسانیش. بەم شێوەیە ئێستا كۆمەڵە بابەتێكی جۆراوجۆر لە بابەتە سەرەتاییەكانەوە تاكو پرسە قووڵ و ئاڵۆزەكان .بەرەوڕووی هاوسەرەكان دەبێتەوە. (گیدنز، ٢٠٠٧، ص ٢٦٠.٢٥٩).

## ٣. ڕێكارە مەیدانییەكان

### ١.٣. میتۆدی توێژینەوەكە:

لەم توێژینەوەیەدا ئاراستەی چەندایەتی بەكارهاتووە كە كریسوێڵ (٢٠٠٣) پێی وایە پارێزگای لە خواستی ئەزموونگەری دەكات، ئەمەش وادەكات توێژەر بە بێ لایەن بمێنێتەوە (برزنجي و احمد، ٢٠١٨؛ ٢٣). میتۆدی توێژینەوەكە، وەسفی شیكارییە، كە پشت دەبەستێت بە كۆكردنەوەی زانیارییەكان لەسەر گرفت و دیاردە و بابەتی توێژینەوەكە.

### ٢.٣. كۆمەڵگاو نموونەی توێژینەوەكە:

گشت ڕێكخراوەكانی بواری ئافرەتان لە هەرێمی كوردستان دەگرێتەوە بەڵام لەبەر زۆری ژمارەی ڕێكخراوەكانی ئافرەتان و لەبەر تازەنەكردنەوەی مۆڵەت لەلایەن زۆربەی ڕێكخراوەكان، لەبەر گۆڕینی ئیمیلەكانیان، تێكەڵاوی و ناڕوونی ناوی ڕێكخراوەكانی تایبەت بە كاروباری ئافرەتان، ئامادەنەبوونی هەندێكی تر لە وەڵامدانەوەی پرسیارنامەكە یان لەبەر ئەوەی هەندێ ڕێكخراو تەنیا ناو بوون. ئەمە و چەندین هۆكاری نادیار پەیوەست بە ڕێكخراوەكان، بۆیە زۆر ئەستەم زانیاری پێویستمان دەست دەكەوت ئەوەش ناچاری كردین، كە پەنا ببەینە بەر پەیوەندی كەسێتی لە پەیوەندی كردنمان بە ڕێكخراوەكان بۆ وەڵامدانەوەی فۆرمی تایبەت بە (ڕاو تێروانینی چالاكوانانی بواری ئافرەتان لەمەڕ مافی ئافرەتان) داوامان لەو ڕێكخراوانە كرد ئەوانیش پەیوەندی بە ڕێكخراوەكانی تری ئافرەتانی بكەن ئەوانیش بە ڕێكخراوێكی تر بكات بەو شێوەیە تا زۆرترین ڕێكخراو بەشداری تێدا بكەن. بەم جۆرە پشتمان بە نموونەی نا هەڕەمەكی بەست لە كۆتاییدا لە هەرێمی كوردستان (٦٠) یەكە وەڵامی پرسیارنامەی توێژینەوەكەمانیان دایەوە، بەڵام لەبەر كەموكورتی لە هەندێ وەڵامەكاندا ناچار ئەو وەڵامانەمان پشتگوێ خست لەكۆتاییدا (٤٧) ڕێكخراوی ئافرەتان وەڵامی تەندروستیان دایەوە بۆ شیكردنەوەی داتا و زانیارییەكانی توێژینەوەكەش پشتمان بەپرۆگرامی SPSS بەستووە.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

### ٣.٣. ڕاستیەتی و جێگیری پێوەرەکان

یەکەم ڕاستیەتی: بە مەبەستی دەرهێنانی راستییەتی پێوەرەکە سوودمان لە راستیەتی بونیادی (Construct Validity) وەرگرت کە تێدا پەیوەندی هەر بڕگەیەك بە تەوەرەکەی دەردەکەین. ئەنجامەکانی دەرهێنانی ڕاستیەتی بۆ هەریەك لە پێوەرەکانی (دایکایەتی، کارکردنی ژنان، بەها خێزانییەکان و پەرەپێدانی تواناکانی ژنان) لە خوارەوە خراوەتەڕوو:

أ-پێوەری دایکایەتی: ئەنجامی دەرهێنانی پەیوەستی هەر بڕگەیەك نیشانیدا، کە لە کۆی (١٢) بڕگە تەنها (٩) بڕگە پەیوەستی بەڵگەداریان لەگەڵ تەوەرەکەیان هەبوو و بڕگەکانی (٥، ١١ و ١٢) پەیوەستێکی بەڵگەداریان نەبوو، بۆیە پێوەری کۆتایی لە (٩) بڕگە پێکدێت.

خشتەی (١.٣)

پەیوەستی هەر بڕگەیەکی پێوەری دایکایەتی بە کۆی تەوەرەکەی نیشان دەدات:

| بڕگەکان | ب. پەیوەست | بڕگەکان | ب. پەیوەست | بڕگەکان | ب. پەیوەست |
|---|---|---|---|---|---|
| *1* | .801** | 5 | .165 | 9 | .783** |
| *2* | .807** | 6 | .616** | 10 | .737** |
| *3* | .579** | 7 | .641** | 11 | .078 |
| *4* | .559** | 8 | .682** | 12 | .269 |

P-value <0.01 **

ب- پێوەری کارکردنی ژنان: وەکو خشتەی (٢) نیشان دەدات، پێوەری کارکردنی ژنان لە (٨) بڕگە پێکدێت کە هەر هەشت بڕگەکە پەیوەستێکی بەڵگەداریان لەگەڵ کۆی تەوەرەکەیان هەبوو، بۆیە هیچ بڕگەیەك نەسڕایەوە و کۆی بڕگەکان وەکو خۆیان مانەوە.

خشتەی (٢):

پەیوەستی هەر برگەیەکی پێوەری کارکردنی ژنان بە کۆی تەوەرەکەی نیشان دەدات

| برگەکان | ب. پەیوەست | برگەکان | ب. پەیوەست |
|---|---|---|---|
| *1* | .492** | 5 | .674** |
| *2* | .667** | 6 | .532** |
| *3* | .644** | 7 | .397** |
| *4* | .755** | 8 | .735** |

ج) پێوەری بەها خێزانییەکان: وەکو خشتەی (٢.٣) نیشان دەدات، برگەی بەها خێزانییەکان لە (٥) برگە پێکدێت کە ئەنجامی ڕاستیەتی بونیادی پێوەرەکە نیشاندەدات، هەموو پێوەرەکان پەیوەستێکی بەڵگەداریان لەگەڵ کۆی تەوەرەکە هەیە، هیچ گۆڕانکارییەك لە برگەکانی پێوەرەکە نەکران.

خشتەی (٢.٣):

پەیوەستی هەر برگەیەکی پێوەری بەهای خێزانی بە کۆی تەوەرەکەی نیشان دەدات

| برگەکان | ب. پەیوەست | برگەکان | ب. پەیوەست |
|---|---|---|---|
| *1* | .755** | 4 | .449** |
| *2* | .661** | 5 | .543** |
| *3* | .760** | | |

د. پێوەری پەرەپێدانی تواناکانی ژنان: وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت، ئەم پێوەرە لە هەشت برگە پێکدێت کە برگەی (١) پەیوەستێکی بەڵگەداری لەگەڵ تەوەرەکەی نیە، بۆیە لە پێوەرەکە لادراو لە ئەنجامدا (٧) برگە وەکو پێوەری کۆتایی مایەوە.

خشتەی (٣.٣):

پەیوەستی هەر برگەیەکی پەرەپێدانی تواناکانی ئافرەت بە کۆی تەوەرەکەی نیشان دەدات

| برگەکان | ب. پەیوەست | برگەکان | ب. پەیوەست |
|---|---|---|---|
| *1* | .225 | 5 | .623** |
| *2* | .500** | 6 | .716** |
| *3* | .544** | 7 | .703** |

جێگیری: بە مەبەستی دەرهێنانی جێگیری پێوەرەکانی توێژینەوەکە، سوودمان لە تاقیکردنەوەی ئەلفای کورۆنباخ وەرگرت. وەکو خشتەی (٤.٣) نیشان دەدات، بەها ئەڵفای کرۆنباخ بۆ پێوەرەکان دەکەوێتە نێوان (٠,٦٢٠. ٠,٨٨٠) کە بە بڕێکی گونجاو دادەنرێت بۆ هەموو پێوەرەکان. بۆیە دەتوانین بڵێین پێوەرەکەمان جێگیرە.

دووەم:خشتەی (٤.٣):

چۆنیەتی ناوخۆیی برگەکانی توێژینەوەکە

| ناونیشانی تەوەر | *Cronbach's Alpha* | ژمارەی برگە |
|---|---|---|
| دایکایەتی | 0.880 | 9 |
| کارکردنی ئافرەت | 0.766 | 8 |
| بەهای خێزانی | 0.620 | 5 |
| پەرەپێدانی تواناکانی ئافرەت | 0.753 | 7 |

٤.٣. دابەشبوونی سروشتی داتا کۆکراوەکان

بە مەبەستی دڵنیابوون لە دابەشبوونی سروشتی داتا کۆکراوەکان لە نموونەی توێژینەوەکە سوودمان لە تاقیکردنەوەی "کۆلۆمۆگرۆف . سمینۆف" (One-Sample Kolmogorov-Smirnov Test) وەرگرت، کە تێدا بەهای (Z)ی دەرهێنراو بۆ هەر چوار پێوەرەکە گەورەتر بوو لە (٠,٠٥)، ئەمەش واتای وایە کە جیاوازییەکی بەڵگەدار لە نێوان داتا کۆکراوەکان و کۆمەڵگای توێژینەوەکە نیە، بۆیە دەتوانین بڵێین کە داتاکانمان دابەشبوونێکی سروشتی هەیە.

## ٤. ئەنجامەكانی توێژینەوەكە

١.٤. پێوانەكردنی ئاستی خواستی ئافرەتان بۆ كاركردن لە دەرەوە، پەرەپێدانی توانای ئافرەتان و پابەندبوون بە بەها خێزانییەكان.

بە مەبەستی تێگەیشتن لە بەرزبوونەوەی خواستی ئافرەتان بۆ كاركردن لە دەرەوەی ماڵ و پەرەپێدانی تواناكانی خۆیان، سوودمان لە ئەنجامی تاقیكردنەوەی (t) بۆ یەك نموونەی سەربەخۆ وەرگرت كە تێدا ناوەندی ژمێرەیی پێوەرەكەمان بەراوردكرد بە ناوەندی گریمانەیی.

وەكو لە خشتەی (١.٤)دا دەردەكەوێت، ئەنجامەكان نیشان دەدەن كە:

١. خواستی كاركردن لە دەرەوەی ماڵ و بەشێوەیەكی بەڵگەدار پەرەی سەندوە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی كە بەهای (ت) دەرهێنراو (٣,٠٩) گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەی (١,٦٨٤) و هەروەها (P-value>٠,٠٥).

٢. سەبارەت بە پەرەپێدانی توانای ئافرەتان، وەكو خشتەی خوارەوە نیشان دەدات؛ بەهای (ت) دەرهێنراو (٦,٨٩٢) بەشێوەیەكی بەڵگەدار گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەی (١,٦٨٤)، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی كە (P-value<0.05).

خشتەی (١.٤):

تاقیكردنەوەی (t) بۆ خواستی كاركردن لە دەرەوەو پەرەپێدانی تواناكان نیشان دەدات

| گۆڕاو | ناوەندی ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەریی | *p-value* | بەهای (ت) | | بەڵگەداریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| كاركردن لە دەرەوە | 26.78 | 24 | 6.18 | 0.003 | 3.09 | 1.684 | **بەڵگەدارە** |
| پەرەپێدانی تواناكان | 25.52 | 21 | 4.52 | 0.000 | 6.892 | 1.684 | **بەڵگەدارە** |

بە مەبەستی تێگەیشتن لە ئاستی بەها خێزانییەكان و ڕۆڵی دایكایەتی لای تاكەكانی نموونەكە و سوودمان لە تاقیكردنەوەی تائی بۆ یەك نموونەی سەربەخۆ وەرگرت كە تێیدا ناوەندی ژمێرەیی بەدەستهاتوو لە نموونەی توێژینەوەكە بەراوردكرا بە ناوەندی گریمانەیی. ئەنجامە دەستكەوتوەكان نیشانی دەدەن، كە هەر هەریەك لە بەها خێزانییەكان و ڕۆڵی دایكایەتی لای نموونەی توێژینەوەكە بەشێوەیەكی بەڵگەدار لاواز بووە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی كە:

١. سەبارەت بە بەها خێزانییەكان؛ ناوەندی گریمانەیی (١٥) گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی نموونەی توێژینەوەكە (١٣,٦٢)، ئەم جیاوازییەش بەڵگەدارە بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی كە (p-value=0.039) بچوكترە لە ئاستی گومانی توێژینەوەكە (٠,٠٥). هەروەها بەهای تائی دەرهێنراو (٢,١٢٣) گەورەترە لە بەها تائی خشتەیی. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی كە ناوەندی ژمێرەیی بچوكترە لە ناوەندی گریمانەیی، بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین كە بەها خێزانییەكان بەشێوەیەكی بەڵگەدار لە ئاستی ناوەندی كەمترن لە لای نموونەی توێژینەوەكە.

٢. لە پەیوەندیی لەگەڵ ڕۆڵی دایكایەتیدا؛ هەروەكو لە خشتەی خوارەوە دەردەكەوێت، ناوەندی ژمێرەیی بەدەستهاتوو لە نموونەی توێژینەوەكە (٢١,٦٨) بچوكترە لە ناوەندی گریمانەیی (٢٧)، ئەم جیاوازییەش بەڵگەدارە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی كە (p-value>٠,٠٥) و بەهای (ت) دەرهێنراو (٤,٤٤٢) گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی (١,٦٨٤). بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی كە ناوەندی ژمێرەیی بچوكترە لە ناوەندی گریمانەیی، بەو ئەنجامە دەگەین كە ئاستی پابەندی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەكە، بە ڕۆڵی دایكایەتی بەشێوەیەكی بەڵگەدار كەمترە لە ئاستی ناوەند.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

خشتەی (٢.٤):

تاقیکردنەوەی (t) بۆ بەها خێزانییەکان و ڕۆڵی دایکایەتی تواناکان نیشان دەدات

| گۆڕاو | ناوەندی ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەریی | *p-value* | بەهای (ت) | | بەڵگەداریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| بەها خێزانییەکان | 13.62 | 15 | 4.47 | 0.039 | 2.123 | 1.684 | **بەڵگەدارە** |
| ڕۆڵی دایکایەتی | 21.68 | 27 | 8.21 | 0.000 | 4.442 | 1.684 | **بەڵگەدارە** |

## ٢.٤. دەست تیشانکردنی کاریگەری فاکتەرە دیمۆگرافییەکان (باری کۆمەڵایەتی و توندوتیژی لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە)

بە مەبەستی دەستنیشانکردنی کاریگەری فاکتەرە دیمۆگرافییەکان لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، سوودمان لە تاقیکردنەوەی (t) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ وەرگرت کە ئەنجامەکانی لە خوارەوە خراوەتەڕوو:

یەکەم: سەبارەت ڕۆڵی پێگەی کۆمەڵایەتی لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت:

١. لە پەیوەندیی لەگەڵ ڕۆڵی دایکایەتی لای بەشداربووانی نموونەکە؛ جیاوازییەکی بەڵگەدار هەیە لە نێوان ئەوانەی سەڵتن لەگەڵ ئەوانەی هاوسەرگیرییان کردووە. ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە بەهای (t) دەرهێنراو (١,٩٠٢) گەورەترە لە بەهای (t) خشتەی (١,٦٨٤).

٢. سەبارەت بە فاکتەرەکانی کارکردن لە دەرەوەی ماڵ و پابەندی بە بەها خێزانییەکان، جیاوازییەکی بەڵگەدار لە نێوان سەڵت و خێزاندارادا نیە. ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە (P-value>0.05). شایانی باسە کە لە تەوەری کارکردن لە دەرەوی ماڵ ئەگەر ئاستی گومانی توێژینەوەکەمان بۆ (٠,١٠) بەرزبکەینەوە، ئەوە جیاوازییەکە بەڵگەدار دەبێت.

٣. هەروەها سەبارەت بە پەرەپێدانی تواناکانی ئافرەتان جیاوازییەکی بەڵگەدار هەیە لە نێوان بەشدابوورانی سەڵت و خێزاندارادا، ئەمەش بە سەرنجدان لەوەی کە (P-value<0.05) و بەهای دەرهێنراو (٢,٢٩٨) گەورەترە لە بەهای (t) خشتەی (١,٦٨٤).

| گۆڕاوی دیمۆگرافی | باری کۆمەڵایەتی | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پێوەریی | *p- value* | بەهای (ت) | | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| ڕۆڵی دایکایەتی | سەڵت | 22 | 24.05 | 5.05 | 8.09 | 4.45 | 1.902 | 1.684 | بەڵگەدارە |
| | خێزاندار | 25 | 19.60 | | 7.90 | | | | |
| کارکردن لە دەرەوەی ماڵ | سەڵت | 22 | 28.50 | 3.22 | 6.03 | 0.074 | 1.828 | 1.684 | بەڵگەدارنیە |
| | خێزاندار | 25 | 25.28 | | 6.02 | | | | |
| بەها خێزانییەکان | سەڵت | 22 | 14.68 | 2.00 | 3.94 | 0.126 | 1.576 | 1.684 | بەڵگەدارنیە |
| | خێزاندار | 25 | 12.68 | | 4.76 | | | | |
| پەرەپێدانی تواناى ئافرەتان | سەڵت | 22 | 30.55 | 2.99 | 4.43 | 0.026 | 2.298 | 1.684 | بەڵگەدارە |
| | خێزاندار | 25 | 27.56 | | 4.46 | | | | |

دووەم: جیاوازیی نێوان ڕوانگەی ئەو بەشداربووانەی نموونەکە، کە توند و تیژیان بەرانبەر کراوە لەگەڵ ئەوانەی کەئەم کردارەیان بەرانبەر نەکراوە. وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت؛ (١٧) کەس لە بەشداربووانی نموونەکە توندوتیژیان بەرانبەر ئەنجام دراوە و لە

بەرانبەردا (٢٥) کەس توندوتیژیان بەرانبەر ئەنجام نەدراوە. بە مەبەستی دەرهێنانی جیاوازی بیرۆبووچوونی ئەم دوو گرووپە، سوودمان لە تاقیکردنەوە (t) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ وەرگرت کە ئەنجامەکانی لە خشتەی (٨)دا خراوەتەروو. وەکو لە خشتەکەدا دەردەکەوێت، لە هیچ یەك لە تەوەرەکاندا جیاوازییەکی بەڵگەدار لە نێوان بیروبۆچوونی ئەوکەسانەی کە توندوتیژیان بەرامبەر کراوە لەگەڵ ئەوکەسانەی کە توندوتیژیان بەرامبەر نەکراوە، بوونی نییە. ئەمەش بە سەرنجدان لەوەی کە (٠,٠٥<P-value) و بەهای (t) دەرهێنراو بچوکترە لە بەهای (t) خشتەی.

خشتەی (٤.٤):

جیاوازیی نێوان ڕوانگەی ئەوانەی توندوتیژیان بەرانبەر کراوە لەگەڵ ئەوانەی بەرانبەریان نەکراوە ڕوون دەکاتەوە

| گۆڕاوی دیمۆگرافی | | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پێوەریی | p-value | بەهای (ت) | | بەڵگەدارە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| ڕۆڵی دایکایەتی | بەڵێ | 17 | 32.94 | 1.15 | 10.64 | 0.666 | 0.394 | 1.684 | بەڵگەدارنیە |
| | نەخێر | 29 | 31.79 | | 7.26 | | | | |
| کارکردن لە دەرەوەی ماڵ | بەڵێ | 17 | 27.53 | 0.94 | 7.74 | 0.658 | 0.448 | 1.684 | بەڵگەدارنیە |
| | نەخێر | 29 | 26.59 | | 5.14 | | | | |
| بەها خێزانییەکان | بەڵێ | 17 | 14.24 | 0.93 | 4.89 | 0.523 | 0.646 | 1.684 | بەڵگەدارنیە |
| | نەخێر | 29 | 13.31 | | 4.32 | | | | |
| پەرەپێدانی توانای ئافرەتان | بەڵێ | 17 | 30.24 | 1.82 | 5.34 | 0.235 | 1.214 | 1.684 | بەڵگەدارنیە |
| | نەخێر | 29 | 28.41 | | 4.08 | | | | |

## ٣.٤. دەستنیشانکردنی کاریگەری گۆڕاوە سەربەخۆکان لەسەر گۆڕاوی شوێنکەوتوو:

بە مەبەستی دەرهێنانی کاریگەری گۆڕاوە سەربەخۆکان (کارکردن لە دەرەوەی ماڵ و پەرەپێدانی توانا تاکەکەسییەکان ئافرەتان) لەسەر گۆڕاوە شوێنکەوتوەکانی توێژینەوەکە (ڕۆڵی دایکایەتی و بەها خێزانییە نەریتییەکان) سوودمان لە رگریسیونی چەند گۆڕاوی (Multiple Linear Regression) وەرگرت کە بۆ دەستنیشانکردنی پەیوەندیی نێوان چەند گۆڕاوێکی سەربەخۆ بەکاردێت، لەگەڵ گۆڕاوی شوێنکەوتوو، بەجۆرێك کە تێیدا پەیوەندیی نێوان گۆڕاوە سەربەخۆکان لەبەرچاو بگیرێت (Saeed AH, Ahmed A., 2018, p.28).

ئەنجامی خشتەی (٩) نیشان دەدات کە ئاستی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوەکان (٠,٨٣٤)ە، ئەمەش ئەوە نیشاندەدات کە لە نێوان گۆڕاوە سەربەخۆکان و گۆڕاوی پاشکۆ (لاوازبوونی ڕۆڵی دایکایەتی) پەیوەندییەکی تا ڕادەیەك بەهێز هەیە، بەڵام ئاستی دیاریکردن بریتییە لە (٠,٦٩٦) ئەمەش واتە (٦٩,٦٪) سەرجەم گۆڕانکارییەکانی ڕۆڵی دایکایەتی لە نێو بەشدارانی نموونەی توێژینەوەکە بەستراوەتەوە بە گۆڕانکاری لە بەها خێزانییەکان، کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوە و خواست و هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی توانا تاکەکەسییەکانیان. هەروەها بە سەرنجدان لە ئاماژەداربوونی بەهای (F) کە بریتییە (٣٢,٨٢٦) دەتوانین بڵێین کە مۆدیلی رگریسیونی توێژینەوەکە کە پێك هاتووە لە سێ گۆڕاوی سەربەخۆ و گۆڕاوێکی پاشکۆ، مۆدیلێکی باشە و گۆڕاوە سەربەخۆکان دەتوانن گۆڕانکارییەکانی گۆڕاوی پاشکۆ (ڕۆڵی دایکایەتی) دەستنیشان بکەن.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

خشتەی (٩):

کاریگەریی گۆڕاوە سەربەخۆکان لەسەر ڕۆڵی دایکایەتی

| پێوەرەکانی مۆدێلی توێژینەوەکە | | گۆڕاوە سەربۆخۆکان | ئاستە ستانداردکراوەکان[1] | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | Beta | بەهای t | Sig. |
| ئاستی پەیوەست (*R*) | 0.834 | کارکردن لە دەرەوەی ماڵ | 0.419 | 3.545 | 0.001 |
| ئاستی دیاریکردنی ستانداردکراو[2] | 0.696 | پەرەپێدانی توانا تاکەکەسییەکان | 0.165 | 1.672 | 0.102 |
| *F* | 32.826 | لاوازبوونی بەها خێزانییەکان | 0.381 | 3.115 | 0.003 |
| بەڵگەداری | 0.000 | | | | |

بە سەرنجدان بە بەڵگەداربوونی بەهای (t) لە خشتەی (٧) لە هەموو گۆڕاوەکان، بەو ئەنجامە دەگەین، کە کاریگەریی گۆڕاوە سەربەخۆکان لەسەر گۆڕاوی شوێنکەوتوو بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١- ئەنجامی ئاستی ستانداردکراوی ڕگریسیۆن بۆ گۆڕاوی (کارکردن لە دەرەوەی ماڵ) بریتییە لە (٠,٤١٩)، بۆیە دەتوانین بڵێین کە کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوە کاریگەری هەیە لەسەر ڕۆڵی دایکایەتی ئافرەتان. بە چەشنێك، کە بە زیادکردنی هەر لادانێکی پێوەری لە گۆڕاوی کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوە، بڕی (٠,٤١٩) لادانی پێوەری گۆڕانکاری لە لاوازبوونی ڕۆڵی دایکایەتیدا ڕوودەدات.

٢- سەبارەت بە فاکتەری پەرەپێدانی تواناکانی ئافرەتان، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بەها (t) بەڵگەدار نییە (p-value=0.102) بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین، کە هیچ کاریگەرییەکی بەڵگەداریی لەسەر لاوازکردنی ڕۆڵی دایکایەتی نەبوو.

لە پەیوەندی لەگەڵ لاوازبوونی بەها خێزانییەکان ئەنجامی ستانداردکراوی ڕگریسیون نیشان دەدات، کە بە بڕی (٠,٣٨١) کاریگەریی هەیە لەسەر لاوازبوونی ڕۆڵی دایکایەتی و بە زیادکردنی هەر لادانێکی ستانداردکراو لە لاوازبوونی بەها خێزانییەکان، ئەوە بە بڕی (٠,٣٨١) لادانی پێوەری، لاوازبوون لە ڕۆڵی دایکایەتی ڕوودەدات.

## ٥. دەرەنجامەکانی توێژینەوە

١.٥. لەسەر بنەمای ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە، توێژەران بە چەند ئەنجامێك گەیشتن کە بریتین لە:

١. گۆڕانکارییەکان لە چەند دەیەی ڕابردوودا گۆڕانکارییان لە خواستە تاکەکەسی و بەها خێزانییەکانی ئافرەتان دروست کردووە. ئەمەش وایکردوە، کە ژنان زیاتر خواستی کارکردن لە دەرەوەی ماڵیان هەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش پەرە بە توانا تاکەکەسییەکانی خۆیان دەدەن.

٢. لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانەی، کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا لە کۆمەڵگای کوردیدا ڕوویداوە، بەها خێزانییەکان لای ئافرەتی کورد گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە و ویستی پابەندبوون بە بەها نەریتیەکانی کۆمەڵگای کوردی ڕووی لە کاڵبوونەوە کردوە. ئەمەش ئەنجامی ئەو خواستەیە، کە ئافرەتان هەیانە بۆ بەشداری زیاتریان لە کایە کۆمەڵایەتییەکان و پەرەپێدان بە توانستە تاکەکەسییەکانیان.

٣. لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی خواستە تاکەکەسییەکان بۆ بەشداری لە کۆمەڵگا و پەرەپێدان بە تواناکان لەلایەك و لەلایەکی دیکەوە گۆڕانکاری بە بەها نەریتییەکانی کۆمەڵگای کوردیدا، ڕۆڵی دایکایەتی ئافرەتی کورد ڕووی لە لاوازی کردوە.

٢.٥. پێشنیارەکانی توێژینەوەکە

بە مەبەستی سوودوەرگرتنی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەم توێژینەوەیە، توێژەران چەند پێشنیارێك دەخەنەڕوو کە بریتین لە:

١. بە سەرنجدان لەوەی، کە خێزانی کوردی بەرەو گۆڕانکاری دەچێت، چاوەڕوان دەکرێت بەشێك لە ئەرکی بە کۆمەڵایەتیکردنی منداڵان بکەوێتە سەر دامەزراوە پەروەردەییەکانی دیکە. بۆیە پێویستە وەزارەتی پەروەردە پلانی وردی بۆ ئیدارەدانی دامەزراوە پەروەردەییەکان هەبێت.

٢. ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ئافرەتان، هەوڵ بدەن بە ئەنجامدانی کۆڕ و سمینار، هاوسەنگییەك لە نێوان خواستەکانی ئافرەتی کورد و پێداویستییە خێزانییەکانی کۆمەڵگای کوردی دروست بکەن.

٣. لەم قۆناغەدا کە خێزان و ئافرەتی کورد لە قۆناغی گۆڕانکاریدایە، پێدانی ڕێنمایی و ئامۆژگاری گونجاو بۆ بەرگریکردن لە سەرهەڵدانی کێشە و ناکۆکی خێزانی، ئەرکێکی گرینگە، کە دەکەوێتە سەر ڕێکخراوەکان، دەزگاکانی ڕاگەیاندن و حکومەت.

٤. توێژەرانی دیکە رادەسپێرین کە توێژینەوە لەسەر کۆمەڵگای توێژینەوە و نموونەی توێژینەوەی دیکە بکەن. چونکە ئەم توێژینەوەیە لەسەر چالاکانی بواری ژنان کراوە، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئەم بۆچوونە چەندە لە کۆمەڵگای کوردیدا ڕەنگیداوەتەوە، پێویستە توێژینەوە لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی بکرێت کە چالاکی بواری ژنان نین.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان


١. سدیق ، ئا. (٢٠٠٧)، دۆزی ژن و هەزارەی نوێ، چ٢، سلێمانی.

٢. قانع، م. (٢٠٠٦). سەرەتاییەك دەربارەی فیمینزم، گۆڤاری ڕەهەند.

٣. گەرمیانی، ت. (٢٠١٥). دەسکەوتەکانی ژنانی باشووری کوردستان لەنێوان سالانی (١٩٩٢-٢٠١٤) ج١، گ١، سلێمانی.

٤. مستەفا، ع. (٢٠١٢). ڕەنجبەرانی بێ مایەی ناو پارتە سیاسیەکان، گۆڤاری لڤین، ژمارە، ٢٠٠٧، سلێمانی.


### سەرچاوە عەرەبییەکان


١. البياتي، ف. (٢٠١٥). لمحات من تأريخ الحركه النسويه في العراق، الكاردينيا، مجله ثقافيه عامه: http//diaq.us/t/1n6mafe

تعريف البنك الدولي من موقع: http://ar.Wikipedia-orglwlki

٢. الجابري، م. (٢٠٠٣). المجتمع المدني وابعاده الفكريه، ط١، دار الفكر دمشق.

٣. حجازي، س. (٢٠٠٥). معجم المصطلحات الحديثه, دار الكتب العلميه بيروت- لبنان.

٤. حسن، م. (١٩٨٩). علم المنظمه، مديريه دار الكتب للطباعه والنشر ، جامعه موصل.

٥. حوسو، ع. (٢٠٠٩). الجندر الابعاد الاجتماعيه والثقافيه، دار الشروق للنشر والتوزيع.

٦. الخفاف، ع. (٢٠١٨). علم الجندر النوع الاجتماعي، دار الفارابي للنشر والتوزيع، بيروت، لبنان.

٧. الدخيل، ت. (٢٠١١). الدنيا امرأه، دار نشر مدراك ,بدون مكان طبع.

٨. الدركزلي، ش. (١٩٩٧). المرأه المسلمه في المواجهات التحديات المعاصره، روائع المجدلاوي.

٩. دينكت, م. (١٩٨٥). معجم علم الاجتماع، ت : احسان محمد الحسن, دار الحريه للطباعه ونشر , بغداد.

١٠. رشيد، ع. (٢٠٠٦). التحول الديمقراطي في الوطن العربي، ط١، مركز دراسات الوحده العربيه, بيروت.

١١. سعدالدين، ا. (١٩٩٥). المجتمع المدني والتحول الديمقراطي في الوطن العربي. تقديم سلسله دراسات مشروع المجتمع المدني والتحول الديمقطراطي في الوطن العربي، الصادره عن مركز ابن خلدون للدراسات الانمائيه، بالاشتراك مع دار الامين للنشر، القاهره.

١٢. عبده، س. (١٩٨٠). المرأه العربيه بين، التخلف والتحرر، منشورات دار الأفاق الجديد، بيروت.

١٣. العلوي ، س. (٢٠٠٢). المجتمع المدني في الوطن العربي ودوره في تحقيق الديمقراطيه, ط٢, مركز دراسات الوحده العربيه, بيروت.

١٤. فالح ، م. (٢٠٠٢). المجتمع والديمقراطيه والدوله في البلدان العربيه، مركز الدراسات الوحدهالعربيه، بيروت، لبنان.

١٥. الكردستاني، م. (٢٠١١). حركات تحرير المرأه من المساواه الى الجندر، دار القلم، الكويت.

١٦. لوك، ج. (١٩٩٠). فيالحكم المدني، ترجمه، ماجد فخري، بدون مكان طبع، بيروت.

١٧. محمود، ط. (٢٠١٦). نظره عن الدراسات النسويه، دار القلم للنشر والتوزيع، القاهره.

١٨. مدكور، ا. (١٩٧٥). معجم العلوم الاجتماعيه, التنميه المصريه العامه للمكتبات.

١٩. المسيري، ع. (٢٠١٥). قضيه المرأه والتمركز حول أنثى، دار القلم للنشر والتوزيع، القاهره.

٢٠. ميشيل، د. (١٩٨٠). معجم علم الاجتماع، ت: أحسان محمدحسن، دار الحريه للطباعه، بغداد، العراق.

**نامەی ماستەر و دكتۆرا:**

١. محمد، س. (٢٠٠٩). منظمات المجتمع المدني ودورها فى التنميه المجتمعيه، رساله ماجستير غير منشور، جامعه موصل، كليه الاداب.

٢. عبدالله، ص. (٢٠١٤). دور الاجتماعي للمنظمات غير الحكوميه اقليم كوردستان.العراق ، رساله ماجستير غير منشوره، جامعه حلوان،كليه الاداب، قسمعلم الاجتماع- قاهره.

٣. لازم، ع. (١٩٨٣). المرأه في الشعر العراقي، الحديث من (١٩٠٠-١٩٦٠) رساله دكتورا ، كليه الاداب جامعه بغداد.

٤. نورى، ه.(٢٠٢٠). منظمات المجتمع المدنى دورها فى تعزيز مفموم الموطنه فى اقليم كوردستان- العراق، أطروحه دكتوراه غير منشوره، جامعه صلاح الدين, كليه اداب, قسم علم الاجتماع,اربيل

سەرچاوە فارسییەكان

١. ساروخانی، ب. (٢٠٠٩). مقدمەای بر جامعەشناسی خانواده. تهران: انشارات سروش.

٢. كوئن، ب. (١٩٩١). درآمدی بر جامعەشناسی، ترجمە: محسن ثلاثی، تهران: فرهنگ معاصر.

٣. گیدنز، آ. (٢٠٠٧). جامعە شناسی، ترجمە: حسن چاوشیان، تهران: نشر نی.

٤. موسوی، ا. (٢٠٠٣). خانواده درمانی کاربردی، دانشگاه الزهراء.
٥. میر محمد رضائی، ز. و ساروخانی، ب. (٢٠١٨). نقش جهانی شدن در تغییرات دو دهه اخیر خانواده ایرانی، فصلنامه فرهنگی . تربیتی زنان و خانواده، شماره ٤٤، صص ١٣١ . ١٦٤.

### سەرچاوە ئینگلیزییەکان

1. Oxford, (1964), divtionary of current English, Oxford univ-press.
2. Parsons, T.t and Robert F. Bales (1956). Family: Socialization and Interaction Process, London: Routledge and Kegan Paul.
3. Saeed AH, Ahmed A. The relationship of globalization to the social movement - field study in Erbil. JAHS [Internet]. 1Apr.2018 [cited 7Mar.2021];22(2):13 -6. Available from: http://zancojournals.su.edu.krd/index.php/JAHS/article/view/2167


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

# کاریگەریی تەکنەلۆجیای کۆمپیوتەر لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی؛ توێژینەوەیەکی وەسفی بەراوردکارییە لە نێوان ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)

سومەیە فاضل عابد[1]، . فوئاد عەلی ئەحمەد[2]
[1] بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی هەڵەبجە، شاری هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق
[2,3] بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: **sumaya.abd@uoh.edu.iq**

## پوختەی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە کە بەناونیشانی(کاریگەریتیی تەکنەلۆژیای(کۆمپیوتەر)ە لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی لە ڕۆژنامەکانی(کوردستانی نوێ و ئاوێنە)دا باس لە دەرخستنی ڕۆڵی تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر دەکات لەسەر قۆناغەکانی سازاندنی ڕۆژنامەوانی، لەڕێی وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)و(ئاوێنە)سەبارەت بەو ڕۆڵ و کاریگەرێتییەی کە کۆمپیوتەر دەیگێڕێت لە ئاسانکردن و خێراکردنی پرۆسەی سازاندندا، ئەمەش لە چوارچێوەی لایەنی تیۆری و مەیدانی توێژینەوەکەدا ئاماژە بە میتۆدنامە و تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر و سازاندنی ڕۆژنامەوانی دراوە لە کۆتایشدا ئەنجامەکانی فۆرمی ڕاپرسی و شیکارکردنیان خراوەتەڕو.

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە زانینی ڕادەی کاریگەرێتیی ئامێری کۆمپیوتەر و دەرخستنی ئاستی بەکارهێنانییەتی، بەمەبەستی هێنانەدی ئەم ئامانجەش توێژەر پشتی بە توێژینەوەی وەسفی بەستووە بە بەکارهێنانی شێوازی ڕووپێوی و بەراوردکاری سامپڵی سازێنەرانی ڕۆژنامەی(کوردستانی نوێ)و (ئاوێنە)ی وەرگرتووە بەشێوەی(ڕووماڵکردنی گشتگیر-المسح الشامل)،کە بەڕێگای هەڵبژاردنی مەبەستدار بەپێی گۆڕاوە دیموگرافییەکان دیاریکراون، توێژەر ئامرازەکانی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن و(دەستەی تایبەت-فۆکەس گروپ) و ئامرازی ئاماریی و ڕێژەی سەدی بەکارهێناوە.

توێژینەوەکە بەو ئەنجامە گەیشتوە کە سازێنەرانی هەردوو ڕۆژنامەکە بەشێوەیەکی بەردەوام کۆمپیوتەری جۆری (دیسکتۆپ) بۆ سازاندنی بابەتەکانیان بەکاردەهێنن، هەروەها بەرنامەی (مایکرۆسۆفت وۆرد) زۆرترین بەکارهێنانی هەیە و هەمیشە بەکارهێنانی ئامرازی کۆمپیوتەر دەبێتەهۆی باشترکردن و خێراترکرنی کاری سازاندن و کەمکردنەوەی تێچوون و کات لە ڕۆژنامەدا، هەروەها پێکەوەبەستنی ستافی ڕۆژنامەکە و ئاڵوگۆڕکردنی خێرای زانیارییەکان لەکاتی سازاندندا. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بەهۆی کە ئامێری کۆمپیوتەرەوە سازاندنی ڕۆژنامەوانی لەکارێکی میکانیکی دەستییەوە بووەتە کارێکی ئەلیکترۆنی.

**وشە کلیلییەکان:** تەکنەلۆژیا، کۆمپیوتەر، سازاندنی ڕۆژنامەوانی



| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٧ ژمارە ١ ساڵی(٢٠٢٢) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢١/١١/٧ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١/١٠ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٢/٣/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | sumaya.abd@uoh.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٢ م. ی. سومەیە فاضل عابد،م.پ. ی. د. فوئاد عەلی ئەحمەد،گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## ملخص البحث

إن الدراسة التي تأتي تحت عنوان (تأثير تكنولوجيا الحاسوب على التحرير الصحفي صحيفتا "كوردستانى نوێ" و "ئاوێنه" انموذجا) حيث تتطرق إلى مدى دور آلة التكنولوجيا (الحاسوب) على مراحل التحرير الصحفي، وذلك يكون من خلال مناقشة آراء محرري صحيفتي (كوردستانى نوێ) و (ئاوێنه) حول الدور الذي تلعبه تلك الآلة في تسهيل و إسراع عملية التحرير وتأثيرها الجاد، وذلك في إطار جانبين النظري و الميداني، حيث تمت فيها الإشارة إلى المنهج المتبع وتكنولوجيا الحاسوب والتحرير الصحفى، وفى الختام قمنا بعرض نتائج استماره الاستبيان و تحليلاتها.

إن الهدف المرجو من هذه، الدراسة عبارة عن معرفة مدى تأثير آلة (الحاسوب) وإظهار مدى مستوى مستخدميها، ولكي نصل إلى تحقيق ذلكم الهدف، اعتمد الباحثان على استخدام المنهج الوصفي، وذلك عن طريق استخدام منهجَي المسح والمقارن من عينات محرري كلتا الجريدتين (كوردستانى نوێ) و(ئاوێنه) من حيث (المسحُ الشاملُ)، والذي تم تحديدهما عن طريق الاختيار المقصود ووفق المتغيرات الديموغرافية. مما هو جدير بالإشارة وهو أن الباحثين استخدما استمارة الاستبيان والمقابلة والمجموعة البؤرية (focus Group) والأداة الإحصائية فضلاً عن استخدام النسبة المئوية، وذلك للحصول على نتائج مرجوة ودقيقة تتصل بأهداف وموضوعات الدراسة.

وقد وصل مبتغى الدراسة إلى أن محرري كلتا الجريدتين المتلثين في (كوردستانى نوى) و(ئاوێنه) قاموا بشكل مستديم باستخدام ألة (الحاسوب) من طراز (ديسكتوب) لتحرير موضوعاتهم وتهيأتها, أما ما يتعلق ببرنامج (مايكروسوفت ورد) فأصبح له مستخدمون كُثُر، وأن استخدام آلة (الحاسوب) قد يؤدي بدوره إلى تحسين عملية التحرير وإسراعها وذلك فضلا عن تخفيض التكلفة المادية والزمنية في إعداد الصحيفة، وكذلك القيام بالترابط بين هيئة التحرير والتبادل الحثيث للمعلومات في وقت التحرير. وذلك على الرغم من أنه أصبح استخدام آلة الحاسوب تحولت من عمل ميكانيكي يدوي إلى عمل إلكتروني.

**مفتاح الكلمات:** التكنولوجيا، الحاسوب، التحرير الصحفى

## Abstract

This research with the title (Impacts of Computer Technology on Journalism Editing; a Descriptive and Comparative Study between (Kurdistan Nwe) and (Awena) Newspapers) is about revealing the role of computer technology on the stages of Journalism editing. This study is taking viewpoints of editors of “Kurdistan Nwe” and “Awene” newspapers about the role and effectiveness of computers in facilitating and speeding up the process of editing. In the framework of the theoretical and field aspects, a reference was made to the research method, computer technology and journalistic editing. Finally, the results of survey form and their analysis have been shown.

The main objective of this study is to find out the extent of the effectiveness of computer device and the level of its use within editing. aiming to achieve this objective, the researchers depend on the descriptive research, by using the survey and comparable methods. The samples were taken from “Kurdistan Nwe” and “Awene” in the form of (General Coverage), researchers have used survey, interview tools, focus group, statistical tools and percentages.

Finally, the research has concluded that, the editors of both newspapers constantly use desktop computers to

create stories. In both newspapers, the Microsoft Word program has the most use. Using computer machine can always improve and speed up the editing and decrease the cost and time in newspaper. It will also make connection between the staff of the newspaper and exchanging information are faster and more efficient, despite the fact that because of the computer machine, journalism editing has changed from the manual work to electronic.

**Keywords:** Technology, Computer, Editing

## پێشەکی

ئەگەر گفتوگۆ بکرێت دەربارەی ئەو ڕۆڵەی کە تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر دەیگێڕێت لە بواری بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەوانیدا، دەتوانرێت بوترێت چووەتە نێو پرۆسەی بەرهەمهێنانەوە بەهەموو قۆناغەکانییەوە کە بە کرداری کۆکردنەوەی ماددە ڕۆژنامەوانییەکان دەستپێدەکات لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە (ناوخۆیی یان دەرەکی)، گەیشتنیان بە بارەگای ڕۆژنامەکە، چارەسەرکردنی ماددە ڕۆژنامەوانییەکان کە پێویستیان بە کرداری ئاڵۆز هەیە وەك هەڵبژاردنی بابەتێك کە بگونجێت لەگەڵ سیاسەتی ڕۆژنامەکە و پۆلێنکردنی لەچوارچێوەی ڕەهەندە سەرەکییەکانەوە کە سوود بە کرداری دروستکردنی هەواڵ دەگەیەنن، ئەو کردارانەی کە دەستدەگرن بەسەر بابەتی ڕۆژنامەوانی لە سازاندنی و دووبارە نووسینەوەی و کردارەکانی زیادکردن و لابردنی هەندێك برگە و گۆڕینی هەندێك ژمارە و ڕاستکردنەوەی هەندێك ناو و هەڵبژاردنی ناونیشان و وێنەی گونجاو سەرەڕای کردارەکانی ڕاستکردنەوە و پێداچوونەوە بە هەموو شێوەکانیەوە

پێشتر کرداری سازاندنی ڕۆژنامەوانی بە بەکارهێنانی کاغەز و قەڵەم کە سازێنەر و هەڵچنی زمانەوانی هەڵەی زمانەوانی و شێوازی زانیارییەکانیان ڕاستدەکردەوە لەناو دەقەکەدا، کاتێك کاری ڕۆژنامەوانی بەشێوەیەکی خێرا پشتی بە تەکنەلۆژیای گەیاندن بەست ئەم کردارە بوو بە دیجیتاڵی لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر لەچوارچێوەی سیستەمی بڵاوکردنەوەی مەکتەبی لەناو بینای ڕۆژنامە کە بە سازاندنی ئەلەکترۆنی دەناسرێت و لەچوارچێوەی سیستەمێکی تۆڕی جێبەجێدەبێت.

بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ و جۆراوجۆربوونی ئامرازەکانیەوە، لە ئەمڕۆدا تەکنەلۆژیا ڕۆچووەتە نێو سەرجەم بوارەکانی ڕاگەیاندنەوە لەنێویشیاندا پیشەسازی ڕاگەیاندن و دواجار کاریگەرێتیی دروستکردووە بەتایبەتی ئامێری کۆمپیوتەر، بوونی ئەم کاریگەرێتییەش وای لە توێژەر کرد "کاریگەرێتیی تەکنەلۆجیای کۆمپیوتەر لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەنووسی" بکاتە ناونیشانی سەرەکی توێژینەوەکەی، کە تێیدا ئاماژە بە میتۆدنامە و چەمکەکانی تەکنەلۆژیا، کۆمپیوتەر، سازاندنی ڕۆژنامەوانی کراوە هەروەها ئەنجامەکانی بەشی مەیدانی و شیکارکردنیان خراوەتەڕو، بەدەرەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکان کۆتایی بە توێژینەوەکە هاتوە.

## یەکەم:چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە

١.کێشەی توێژینەوە: یەکەمین هەنگاوی ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی بریتییە لە دیاریکردنی کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە، چونکە هەستکردنی توێژەر بە بوونی بابەتی شیاو بۆ توێژینەوە، یان پەیبردن بە بوونی کێشەیەك کە پێویستی بە وەسف و لێکدانەوە و چارەسەرکردن هەبێت، سەرەتایەکی لۆژیکییە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی وردی زانستی، لەو سۆنگەیەوە ناوەرۆکی کێشەی توێژینەوەکە دەکرێ لەوروژاندنی ئەم پرسیارەدا بخرێتەڕو کە ئایا تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر چ کاریگەرییەکی لەکاری سازاندنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکاندا دروستکردوە؟

## ٢.گرنگی توێژینەوە:

أ- ئەم توێژینەوەیە بایەخدار دەبێت بۆ بواری ڕۆژنامەوانی کوردی؛چونکە باس لە دەرخستنی کاریگەرێتیی تەکنەلۆجیای کۆمپیوتەر دەکات لەسەر سازاندنی بابەتە ڕۆژنامەوانییە چاپکراوەکان لەهەرێمی کوردستاندا بەگشتی و لەڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)دا بەتایبەتی.

ب_مشتێك دەخاتە سەرخەرمانی زانست و زانیاری لە هەرێمی کوردستاندا و گەشەی ئاستی زانستی بەرەو هەڵکشان دەبات.

ت-بایەخدار دەبێت بۆ بواری ڕاگەیاندن بەگشتی و بوار ڕۆژنامەوانی بەتایبەتی، دواجار توێژینەوەیەکی دیکەش دەبێت بۆ کتێبخانەی میدیای کوردی.

پ-ئەم توێژینەوەیە بە هەوڵە یەکەمینەکان دادەنرێت دەربارەی کاریگەرێتیی تەکنەلۆجیای کۆمپیوتەر لەسەر سازاندنی بابەتە ڕۆژنامەوانییە چاپکراوەکان لە ڕۆژنامەی کوردیدا بەگشتی و ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) بەتایبەتی بە زمانی کوردی.

٣.ئامانجی توێژینەوە: ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە زانینی هەوڵدانە بۆ زانینی ڕادەی کاریگەرێتیی تەکنەلۆجیای کۆمپیوتەرە لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانیی لەهەردوو ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)دا، پەیوەست بەمەش ئاستی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرە لە سازاندنی بابەتە ڕۆژنامەوانییە چاپکراوەکاندا.

٤. گریمانەی توێژینەوە: گریمانەش بەشێوەیەکی گشتی گوزارشتە لەخەملاندنی ژیرانە و لێکدانەوەی ئەگەری، لەڕێگەی بەیەکەوە بەستنی هۆ و هۆکار وەکو لێکدانەوەی کاتی بۆ کێشە یان دیاردەی لێکۆڵراوە لەژێر ڕۆشنایی ئەو پرسیەی سەرەوە، توێژەر گریمانەی توێژینەوەکەی بەم شێوەیە دەخاتەڕوو:

أ.تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر کاریگەرێتیی لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی هەیە لە ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)دا.

ب. تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر کاریگەرێتیی لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی نییە لە ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)دا.

٥.جۆر و ڕێبازی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوەیەکی وەسفییە لەو چوارچێوەیەشدا توێژەر شێوازی ڕووپێوی و بەراوردکاریبەکارهێناوە، بەمەبەستی بەراوردکردن لەنێوان ڕادەی بەکارهێنانی ئامێری کۆمپیوتەر لە ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) دا.

٦.شێواز و ئامرازەکانی توێژینەوە: توێژەر پشتی بە کۆمەڵێك ئامراز و شێواز بەستووە بەمەبەستی هێنانەدی ئامانجی توێژینەوەکەی وەکو: (فۆڕمی سەرەتایی زانیاری کۆکردنەوە، فۆڕمی ڕاپرسی، دەستەی تایبەت--فۆکەس گرووپ و چاوپێکەوتن).

٧. سنوری توێژینەوە: أ- بواری کات: ماوەی ئەنجامدانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە کە لە کۆکردنەوەی زانیارییەکان و شیکردنەوەیان پێکهاتبوو، هەروەها دابەشکردنی فۆڕمی ڕاپرسی و وەرگرتنەوەی و ئەنجامدانی چاوپێکەوتن، لەنێوان (٢٠١٦/٨/١٦) بۆ (٢٠١٦/١٢/٢٠) خایاندووە.

ب- بواری شوێن: شوێنی ئەنجامدانی توێژینەوەکە بریتییە لە هەرێمی کوردستان/ شاری سلێمانی، ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە).

ت- بواری مرۆیی: پێکهاتووە لە سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) کە ژمارەیان (٢٤) سازێنەرە.

٨.هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوە: ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە ئەمانەن:

١. گرنگیی ئامێری کۆمپیوتەر لەنێو ژیانی مرۆڤدا بەگشتی و لەنێو کایەی ڕۆژنامەگەریی و پرۆسەی سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا بەتایبەت و ڕەنگدانەوەی لە بەرهەمە ڕۆژنامەوانییەکاندا.

٢. گرنگیی سازاندن وەك پرۆسەیەك لەبواری ڕۆژنامەوانیدا بەجۆرێك بەبێ ئەم پرۆسەیە ناتوانرێت ڕووداو و زانیارییەکان لە چوارچێوەی بابەت و ژانرێکی دیاریکراودا گوزارشتیان لێبکرێت.

٣. گرنگیدانی دەزگا و ناوەندە ڕۆژنامەوانییەکان بە بوونی بەشی تایبەت بە سازاندن و کارمەندی تایبەت لەو بوارەدا.

٩. کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

أ- کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوە: کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوەکە بریتییە لە سازێنەرانی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە و ڕۆژنامەیەکی هەفتانە لە شاری سلێمانیدا کە ئەوانیش ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و ڕۆژنامەی (ئاوێنە)یە، کە (٢٤) سازێنەرن، توێژەر لەبەر کەمی سامپڵی توێژینەوەکەی هەموو کۆمەڵی توێژینەوەکەی وەك سامپڵ وەرگرتووە، بەشێوازی ڕووپێوی گشتگیر (اسلوب مسح الشامل او الحصر الشامل-comprehensive inventory)، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هەڵبژاردنی سامپڵ بەم ڕێگایە لەباشترین جۆرەکانی سامپڵە.

ب-تایبەتمەندییەکانی سامپڵی توێژینەوە: خاسیەتی دیمۆگرافی یاخود زانیارییە گشتییەکان لە پێوەرە سەرەکییەکانی توێژینەوەی مەیدانین، لەم توێژینەوەیەدا و پەیوەست بە سامپڵی توێژینەوەکە زانیارییەکانی (توخم، تەمەن، ئاستی زانستی، ساڵانی خزمەت، پۆلێنی پیشەیی) دەخرێنەڕوو، وەك خشتەی (١).

خشتەی (١)

خاسیەتی دیمۆگرافی و تایبەتمەندیی کەسی

| تایبەتمەندی بەربژێران | بڕگە پێشنیارکراوەکان | کوردستانی نوێ | | ئاوێنە | | کۆی گشتی | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | د | ٪ | د | ٪ | | |
| توخم | نێر | ١٦ | ٨٨,٩ | ٤ | ٦٦,٧ | 20 | 83.3 |
| | مێ | ٢ | ١١,١ | ٢ | ٣٣,٣ | 4 | 16.7 |
| تەمەن | ١٨-٢٢ ساڵ | ١ | ٥,٦ | ١ | ١٦,٧ | 2 | 8.3 |
| | ٢٣ -٢٧ ساڵ | ١ | ٥,٦ | ١ | ١٦,٧ | 2 | 8.3 |
| | ٢٨-٣٢ ساڵ | ٢ | ١١,١ | ١ | ١٦,٧ | 3 | 12.5 |
| | ٣٣ ساڵ و زیاتر | ١٤ | ٧٧,٨ | ٣ | ٥٠ | 17 | 70.8 |
| ئاستی زانستی | هەڵگری بڕوانامەی بنەڕەتی | ٠ | ٠ | ١ | ١٦,٧ | 1 | 4.2 |
| | هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیی | ٨ | ٤٤,٤ | ١ | ١٦,٧ | 9 | 37.5 |
| | هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم یان بەکالۆریۆس | ١٠ | ٥٥,٦ | ٣ | ٥٠ | 13 | 54.2 |
| | هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمی باڵا یان ماستەر یان دکتۆرا | ٠ | ٠ | ١ | ١٦,٧ | 1 | 4.2 |
| ژمارەی ساڵانی خزمەت | کەمتر لە ٥ ساڵ | ٢ | ١١,١ | ١ | ١٦,٧ | 3 | 12.5 |
| | لە ٥ ساڵ بۆکەمتر لە ١٠ ساڵ | ٢ | ١١,١ | ٢ | ٣٣,٣ | 4 | 16.7 |
| | لە ١٠ ساڵ بۆکەمتر لە ١٥ ساڵ | ٤ | ٢٢,٢ | ١ | ١٦,٧ | 5 | 20.8 |
| | ١٥ ساڵ و زیاتر | ١٠ | ٥٥,٦ | ٢ | ٣٣,٣ | 12 | 50.5 |
| پۆلێنی پیشەیی | سازێنەر | ٧ | ٣٨,٩ | ١ | ١٦,٧ | 8 | 33.3 |
| | بەرپرسی لاپەڕە | ١٠ | ٥٥,٦ | ٤ | ٦٦,٧ | 14 | 58.3 |
| | بەرپرسی سازاندن | ٠ | ٠ | ١ | ١٦,٧ | 1 | 4.2 |
| | بەڕێوەبەری سازاندن | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | 0 | 0 |
| | سکرتێری سازاندن | ١ | ٥,٦ | ٠ | ٠ | 1 | 4.2 |

. ڕاستی و جێگیری توێژینەوە

١- ڕاستیی ڕواڵەتیی Face validity: توێژەر ڕاستیی ڕواڵەتیی بۆ هەڵسەنگاندنی ڕاستیی فۆڕمی ڕاپرسییەکەی بەکاریهێناوە بەرلەوەی ئەو فۆڕمە بکرێتە بنەمای کارکردن پیشانی چەند پسپۆڕ و شارەزاییەکی بواری ڕاگەیاندن دراوە پاشان بەگوێرەی پێویست گۆڕانکاری لەبڕگەکاندا کراوە و ڕاستی فۆڕمەکە دەکاتە (٩٢,١٪ ) ئەمەش ڕێژەیەکی بەرز و زانستیی و پەسەندکراوە.

خشتەی (٢)

ڕاستیی ڕواڵەتیی بۆ بڕگەکان بەگوێرەی ڕای پسپۆڕان

| ژمارەی بڕگەکان | | | |
|---|---|---|---|
| | پسپۆڕەکان | ڕێژەی سەدی | |
| | پەسەندکراوەکان | پەسەندنەکراوەکان | |
| ٢٢٨ | ٢١٠ | ١٨ | ١٠٠ |

. جێگیریی توێژینەوەکە Reliability Statistics: توێژەر جێگیریی فۆڕمی ڕاپرسی توێژینەوەکەی بەڕێگەی ڕێکی ناوەکی (الاتساق الداخلی Internal Consistency) بە بەکارهێنانی هاوکێشەی (ئەلفاکرونباخ-Cronbach's alpha ) دەرهێناوە بەو شێوەیەی کە لە خشتەی (٣) دا ڕونکراوەتەوە:

خشتەی (٣)

ئەنجامی هاوکێشەی ئەلفاکرونباخ بۆ جێگیریی فۆڕمی ڕاپرسی

| بڕگەکان | ژمارەی بڕگەکان | پێوانە و ڕادەی جێگیرییان |
|---|---|---|
| بڕگەکانی تەوەری دووەم | 158 | 0.94 |
| بڕگەکانی تەوەری سێیەم | 18 | 0.772 |
| بڕگەکانی تەوەری دووەم و سێیەم | 176 | 0.947 |

ئەنجامەکانی خشتەی (٣) ئەوە دەردەخەن کە بەهای هاوکێشەی (ئەلفاکرونباخ) بەرزە بۆ بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسییەکە کە لەنێوان (٠,٧٧٢-٠,٩٤٧).

١١.چەمکەکانی توێژینەوە: توێژەر بەپێویستی دەزانێت لە تێڕوانینی زانستی و گۆشەنیگای بۆ توێژینەوەکەی چەمکەکانی توێژینەوەکەی پێناسە بکات واتە تەنها پێناسەی ئیجرائی چەمکەکانی کردووە کە پەیوەندیی بە واقعی توێژینەوەکەوە هەیە بەم شێوەیە:

-کاریگەری: مەبەست کارکردنی بگۆڕێکی سەربەخۆیە (المغیرالمستقل) لەسەر بەگۆڕێکی وابەستە (المتغیر التابع) بەهۆی هۆکارێکی دیاریکراوەوە، جا ئەو هۆکارە دیار بێت یان نادیار، ماددی بێت یان مەعنەوی، بەهێز بێت یان لاواز، لەپێناو دەرکەوتنی کاریگەرییەکەی، ئەرێنی بێت یان نەرێنی، بۆ دەستکەوتنی ئەنجامێکی دیاریکراو لەسەر بابەتێك یان دیاردەیەك.

-تەکنەلۆژیا: تەکنەلۆژیا ئامرازێکی ماددییە، لەئەنجامی خستنەگەڕی توانا و شارەزایی و زانین (المعرفە) ی کەڵەکەبووی مرۆڤایەتی بەرهەمهێنراوە بەئامانجی پڕکردنەوەی پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکانی مرۆڤ، بۆ زاڵبوون بەسەر کێشە و بەربەستەکانی ژیانی ڕۆژانەیدا


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

-کۆمپیوتەر: ئامێرێکی ئەلیکترۆنییە و یەکێکە لە بەرهەمەکانی سەدەی بیستەم، گۆڕینی داتاکان بۆ زانیاریی لە جێگەیەکی بچووکدا بەخێراییەکی بێسنور ئەنجام دەدات، ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە قۆناغەکانی سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا هەر لە (کۆکردنەوەی مادەکان و ڕێکخستن و پۆلێنکردن و داڕشتنەوە و پێداچونەوەیان و تادەگاتە دەرهێنان و چاپکردنی ڕۆژنامە).

-ڕۆژنامە: ئەو چاپکراوە خولیەیە کە بەشێوەیەکی بەردەوام و لەکاتێکی دیاریکراودا ڕۆژانە یان هەفتانە دەردەچێت کە هەواڵ و بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری...هتد لەخۆدەگرێت و ئاراستەی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵ دەکرێت بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەیان لەو ڕوداوانەی کە لەناوخۆ و جیهان ڕوددەدەن.

-سازاندنی ڕۆژنامەوانی: هەنگاوێکە لەهەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەوانی کە مەبەست لێی داڕشتن و ڕێکخستنەوە و سازاندنەوەی ماددە بەدەستهاتووە کۆکراوەکانە کە لەسەرچاوە جیاوازەکانەوە وەرگیراون، پاش ئەوەی کە پێداچوونەوەی کۆتاییان بۆدەکرێت و ناونیشان و وێنەی گونجاویان بۆ دادەنرێت لەشێوە و بۆتەی جیاوازدا ڕێکدەخرێنەوە و دواجار وەك پەیامێکی ڕۆژنامەوانی ئاراستەی وەرگران دەکرێت.

دووەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

## •تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر

١.چەمکی تەکنەلۆژیا: بەکارهێنانی ئەم چەمکە بۆ یەکەم جار بۆ سەرەتاکانی سەدەی حەڤدە دەگەڕێتەوە(یاسین، ٢٠١٥،ص٤٥)، وشەی تەکنەلۆژیا لە وشەی یۆنانی (Technelogos) وەرگیراوە، (Techno) بەواتای پیشە یان لێهاتوویی دێت(یونس،٢٠٠٣،ص٣٢)،یان ڕێگا و هۆ و ئامراز(الحطامی ،ص٨٣) ، وشەی (Logos) بەواتای زانست یان لێکۆڵینەوە یان گەشەپێدان دێت، بەم جۆرەش وشەی تەکنەلۆژیا بەواتای زانستی لێهاتوویی، یان هونەر دێت، کە بەشێوەیەکی لۆژیکی لە لێهاتوویی دەکۆڵێتەوە بۆ بەجێهێنانی پیشەیەکی دیاریکراو(عثمان،٢٠١١،ص٤٧).پاش دەرکەوتنی شۆڕشی پیشەسازی چەمکی تەکنەلۆژیا لە کلتوری یۆنانییەوە چووە نێو زمانی ئینگلیزیەوە و شێوەیەکی نوێی وەرگرت کە زۆر جیاواز نەبوو لە شێوە بنچینەییەکەی، لەزمانی ئینگلیزیدا پاش یەکگرتنی هەردوو وشەکەی پێشوو یەك وشەیان پێکهێنا کە ئەویش (Technology)یە و بەگۆڕینی بنەماکەشی واتاکەشی گۆڕانی بەسەردا هات و بوو بە " هەر داهێنانێك یان شێوازێکی لۆژیکیی بۆ ئەو ڕووداوانەی کە کاریگەرێتییەکی ڕێکخراویان هەیە و دەکرێ دووبارە بکرێنەوە"، ئەمە لەکاتێکدا هەردوو وشەکە پێکەوە لە پاشخانی یۆنانی دا بەواتای (توێژینەوەی لێهاتوویی یان پیشەیی یان زانستی لێهاتوویی، یان گەشەپێدانی لێهاتوویی و پیشەیی ) دێت(بن زاید،٢٠١٠،ص٤٠-٤١) ، پاشان دەچێتە نێو زمانەکانی ترەوە و وەردەگێڕرێتە سەر زمانی عەرەبی و دەبێتە ( تقنیە، تقنیات، تقانە، تقانات)، بەواتای " زانستی جێبەجێکردن، یان ڕێگەیەکی هونەری بۆ گەیشتن بە مەبەستێکی دیاریکراو، یان کۆمەڵێك ئامرازی بەکارهێنراوە بۆ بەدەستهێنانی هەموو ئەو شتانەی کە پێویستن بۆ ژیانی مرۆڤ و خۆشگوزەرانی"(عبده،بدون تأریخ،ص١٠) بەڵام بەکارهێنانی ئەم وشەیە لە زۆربەی کتێبە ئەدەبییەکانی زمانی عەرەبیدا باو بووە، ئەمەش ئاسانتر و باشتر بووە بۆ تێگەیشتن و بەکارهێنانی وەك وشەیەکی جیهانی کە هەموو زمانەکان لێی تێبگەن و بەکاریبهێنن وەك ئەوەی کە لەزمانی کوردیدا هەیە لەگەڵ گۆڕینی پیتی (ج) بە پیتی (ژ) و بە (تەکنەلۆژیا) دەنووسرێت(عثمان،٢٠١١،ص٤٧). بەشی یەکەم (Techno) بە تێپەڕبوونی سەدەکان وەك خۆی ماوەتەوە، بەڵام بەشی دووەمی وشەکە (Logos) گۆڕاوە بۆ(Logy) کەبوەتە پاشکۆی ناوی زانستە جیاوازەکان کە بەواتای زانست دێت و بۆ هەر بوارێك زیاددەکرێت، پاش ئەوەی زانستە جیاوازەکان چەمکەکەیان بە واتا ئینگلیزییەکەی وەرگرت و لە بوارەکانی (پیشەسازی، کشتوکاڵ، پزیشکی، ئەندازیاری، دەرمانسازی) دا بەکاریان هێنا و هەریەکەیان تەکنەلۆژیای تایبەت بە خۆی هەبوو(بن زاید،٢٠١٠،ص٤١). بەڵام وەك زاراوە تەکنەلۆژیا بریتیە لە زانیاری و شارەزایی کەڵەکەبوو، کەرەستە و ئامرازی ماددی و ڕێکخراو و ئیداری (کارگێڕی) کە مرۆڤ بەکاریدەهێنێت بۆ ئەنجامدانی کار و پیشەیەك لەژیانی ڕۆژانەیدا بۆ تێرکردنی پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکانی لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵدا(علم الدین، ت. م. الاتصال جماهیری،ص١٥).

٢.چەمکی کۆمپیوتەر: وشەی کۆمپیوتەر وەرگیراوە لە (Computer) ی ئینگلیزی بەواتای ژماردن - حسابکردن دێت بەپێی کۆمەڵەی

زانستی عێراقی وەرگێڕراوە بۆ (حاسب یان حاسوب) لەزمانی عەرەبیدا.( الدنانی،٢٠٠٣، ص١٦). بە بڕبڕەی پشتی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان دادەنرێت(یاسین،٢٠١٥، ص٩١). یەکێکە لە بەرهەمەکانی سەدەی بیستەم، دەچێتە نێو سەرجەم بوارەکانەوە، لەبەرئەوەی هیچ بوارێك نییە کە کارەکانی بەشێوەیەکی تەواو ئەنجام بدات بەبێ بەکارهێنانی کۆمپیوتەر، کۆمپیوتەر ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری هەیە لە دیزاین و دروستکردنی سیستەمی زانیاری نوێدا، دەبێتەهۆی زیادکردنی خێرایی و وردی و متمانە بۆ تەکنەلۆژیای زانیارییەکان، هەموو توانا بەرزەکان لە جێبەجێکردندا تێیدا ڕێکدەخرێن، کۆمپیوتەر هاتووە بۆ بەدیهێنانی شۆڕشی گەیاندنی سێیەم. کۆمپیوتەر ئامێرێکی ئەلیکترۆنییە کە پێکهاتەکانی پەیوەستن بە داخڵکردن و دەرهێنانی داتا و زانیارییەکان، کە بەگوێرەی بڕیار و ڕێنمایی دیاریکراو لە وەرگرتن و هەڵگرتنی زانیارییەکاندا کاردەکات، لە ڕێوشوێنی چارەسەرکردندا دەتوانێت بگات بە زانیاری و ئەنجامی داواکراو بەخێرایی و بە وردی(المزاهرە، ٢٠١٤، ص١٠١-١٠٢).

پێکهاتە سەرەکییەکانی کۆمپیوتەر: بەشێوەیەکی گشتی کۆمپیوتەر دوو پێکهاتەی سەرەکی لەخۆدەگرێت کە بریتین لە:

یەکەم: پێکهاتەی ماددی (Hardware Elements): ئەو پێکهاتە ماددیە دیارانەیە کە گوزارشت لە پارچەیەکی کانزایی و پلاستیکی دەکەن کە دەتوانرێت ببینرێن و دەستیان لێبدرێت لە ئامێری کۆمپیوتەردا بەشەکانی لە کاغەزی شووشەیی و سلیکۆن پێکدێت(المزاهرە، ٢٠١٤، ص١٠١-١٠٢). کە دەتوانین کورتیان بکەینەوە لەمانەی خوارەوەدا(مکاوی، ٢٠٠٦ ، ص٦١-٦٦):

١.ئامێری داخڵکردنی زانیاریComputer Input Devices: بۆئەوەی ئەو زانیاریانەی کە چارەسەردەکرێن بە کۆمپیوتەر بەسوودبن، پێویستە ئاڵوگۆڕبکرێن لەگەڵ کەس و ئامێرەکانی تردا، ئەم ئاڵوگۆڕکردنەش ناودەبرێت بە (زانیاری کردنە ناو کۆمپیوتەر و دەرهێنانەوەی (Input/output).ئەم ئامێرە لە چەند بەشێك پێکدێت کە بریتین لە: (کیبۆرد، ماوس، سکانەر، مایکرۆفۆن، شاشەی لەمس)

٢.یەکەی چارەسەرکردنی ناوەندی (The Central Processing Unit): یەکەی چارەسەرکردنی ناوەندی (CPU) بە دڵی کۆمپوتەر دادەنرێت، کەدەست دەگرێت بەسەر دەرچوونی زانیارییەکان و خەزنکردنیان و هەڵسوکەوتکردنی کۆمپیوتەر لەگەڵیاندا، کە بەرنامەی (لیستی ڕێنماییەکان) دەخوێنێتەوە و دەیانگۆڕێت بۆ کردار یان بەدواداچوون، ئەمانەش هەڵدەستن بەکرداری ئەژمارکردن و هەڵگرتنی زانیارییەکان بەژمارە و پیتەکان، یەکەی دەستبەسەراگرتن (Control Unit) و یەکەی زانستی ژمارە (Arithmetic Logic Unit).

یەکەی چارەسەرکردنی ناوەندی لە دووبەشی سەرەکی پێکدێت(المزاهرە،٢٠١٤، ص١١٠):

أ.چارەسەرکەر (المعالج- Processor)

ب.میمۆری (الذاکرە -Memory ): پێکدێت لە:

-میمۆری هەڕەمەکی (RAM-Random Access Memory)

-میمۆری تەنها خوێندنەوە (ROM: Read Only Memory)

-پەناگە میمۆری (Cache Memory)

٣.ئامێری خستنەدەرەوەی زانیاری Computer Output: ئەم ئامێرە چەند شێوەیەك لەخۆدەگرێت، باوترینیان بریتیە لە شاشەی پیشاندان، کەبریتیە لە بۆرییەکی تایبەت و هێما ئەلیکترۆنییەکان دەگۆڕێت بۆ وێنەی بینراو، بەکاردەهێنرێت بۆ پیشاندانی وێنە و دەقی نووسراو و پیتەکان و ژمارەکان، ئەم شاشەیە دەکرێت لەیەك ڕەنگ پێکهاتبێت یان ڕەنگاوڕەنگ بێت، ئەمە جگەلەوەی ئامێری خستنەدەرەوەی زانیاری هەریەك لە (پرنتەر، بیستۆك)یش لەخۆدەگرێت.

٤.یەکەی خەزنکردنی ناوەندی (Storage units): خەزنکردنی بەرنامەکانی نێو کۆمپیوتەر لەیەکەیەکدایە پێی دەوترێت (Memory)، هەروەها ئەم یەکەیە زانیاریش خەزن دەکات کە دەتوانرێت لەکاتی پێویستدا بەکاربهێنرێت، زانیارییە نێردراوەکان لە ژمارەیەك تۆمارکەری تایبەتی نێو کۆمپیوتەرەکەدا دادەنێت کە لە سندوقی هەڵگرتن دەچێت کە لەوێشدا شێوازێکی تایبەتی هەیە بۆ ناسینەوەی هەر تۆمارێك(مکاوی و علم الدین، ٢٠٠٠، ص٩٥،٩٣).


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

چەند جۆرێك لەیەكەی خەزنكردن هەیە كە بریتین لە(المزاهرە،٢٠١٤ ، ص ١١٢):

Hard Disk-أ

Floppy Disks-ب

CD-ROM-ت

پ-یەكەكانی میمۆری سەرەكی (Storage units)

دووەم: پێكهاتە فكرییەكانی كۆمپیوتەر(Computer Software) (بەرنامەكان): كۆمەڵێك زانیاری و كردارە كە بەكاردەهێنرێن بۆ دەستخستنی بەرهەمی داواكراو لە كۆمپیوتەردا كارەكانی بەپێی لیستێك لە رێنمایی كە ناودەبرێت بە(Computer Software Program) ئەنجام دەدات كە دەتوانرێت بگۆررێن لەهەركاتێكدا كە بمانەوێت، و كاتێك گۆرانكاری لە لیستی رێنمایی بەرنامەكاندا كرا كۆمپیوتەر دەتوانێت ئەركەكانی دیكەی جێبەجێ بكات، كۆمپیوتەر سێ جۆر بەرنامە لەخۆدەگرێت(مكاوی و علم الدین، ٢٠٠٠، ص٩٨-٩٩):

١.بەرنامەی كارپێكردنی سیستەم Operating Systems: بریتییە لە لیستێك رێنمایی كە رێگە بە بەكارهێنەری كۆمپیوتەر دەدات دەست بگرێت بەسەر میمۆری كۆمپیوتەردا چ بەشێوەی سیدی بێت یان شریت، هەروەها بەسەر پرنتەر و ئامێرەكانی دیكەدا، هەروەها رێگە بە سیستەمی كاركردنی كۆمپیوتەرەكە دەدات بەهاوكاری لەگەڵ بەرنامەكانی دیكەدا، وەكو بەرنامە بەجێهێنەرەكان، كە پێویستە دیزاینی كاركردنی گونجاو بێت لەگەڵ تایبەتمەندییەكانی كۆمپیوتەر و مەبەست و بەكارهێنانەكانیدا، هەندێك كاتیش كاركردنی زیاتر لە سیستەمێك لەناو كۆمپیوتەردا رێگەپێدراوە، بەكارهێنەر ئەو جۆرەیان هەڵدەبژێرێ كە گرنگە بەلایەوە.

٢.بەرنامە كرداریيەكان Applications Programs: ئەم بەرنامانە بە مێشكی كۆمپیوتەر ناودەبرێن و جۆراوجۆرن و لەسەر شریتێكی موگناتیسی یان سیدی رەق یان نەرم هەڵدەگیرێن، دەتوانرێ ئەم بەرنامانە لە رێگەی نووسینگەكانی فرۆشتنی ئامێری كۆمپیوتەرەوە بەدەست بهێنرێن، بەرنامە كرداریيەكان پێكدێن لەبەرنامەكانی:

أ.چارەسەركردنی وشەكان ( Word Processing)،

ب. بەرنامەكانی داتابەیس (Databases)

ت.بەرنامەكانی زیرەكی دەستكرد

٣.بەرنامە جێبەجێكارییەكان كە بەكارهێنەر لەكۆمپیوتەردا دەیان نووسێت

## •سازاندنی رۆژنامەوانی:

١.چەمكی سازاندن: چەمكی سازاندن شێوازی نوێی وەرگرتووە لەگەڵ دەركەوتنی نووسینی راگەیاندن لە سەرەتای نیوەی سەدەی نۆزدەدا(حداد،٢٠٠٢،ص٦٩) ، سازاندن لەزمانی ئینگلیزیدا بە (Editing) ناودەبرێت لە سازێنەر (Editor) ەوە هاتووە "واتە ئامادەكردنی نووسینەكانی كۆتایی بۆ بڵاوكردنەوە"(ابو زید و عبدالمجید،٢٠٠٠،ص٤). سازاندن لە زمانی عەرەبیدا بە (تحریر) ناودەبرێت كە سەرچاوەی وشەكە لە كرداری (حرر)ەوە وەرگیراوە واتای وشەكانی (العتق، اشده، الغالي و النفیس، اتقان الكتابه) دەگەیەنێت بە واتای (ئازادكردن، بەهێزی، بەنرخ و گرانبەها، كارامەیی نووسیین)، هەروەها لە فەرهەنگی گشتی زمانی عەرەبی دا سازاندن پێداچوونەوەیەكی رەخنە ئامێزە بۆ دەق كە تێیدا بەڵگەنامە لەسەرچاوە جیاوازەكانەوە تێكەڵ بەدەق دەكرێت، بەڵام لە زاراوەدا (د. محمد منیر حجاب) پێی وایە سازاندن هەمیشە بریتییە لە دوو كردار: بیركردنەوە لە لایەك و دەربڕین لە لایەكی تر(حجاب،٢٠٠٤،ص١٢٠)، سازاندن دارشتنێكی تۆكمە و باشە بۆ نووسین بەجۆرێك كە رێساكانی زمانەوانی رەنگ بدەنەوە تێیدا(الربیش،بدون تأريـخ، ص٥).

٢.سازاندنی رۆژنامەوانی: سازاندنی رۆزنامەوانی هەنگاوێكە لە هەنگاوەكانی بەرهەمهێنانی رۆژنامەوانی كە كارێكی رۆژانە یان هەفتانەیە بەپێی ماوەی دەرچوونی رۆژنامەكە سازێنەر هەڵدەستێت بە سازاندنەوە و دارشتنەوەی مادده رۆژنامەوانییەكان كە لە سەرچاوە جیاوازەكانەوە وەرگیراون بۆ ئەوەی لەشێواز و بۆتە و قاڵبی گونجاودا دایانبرێژێتەوە، پاشان پێداچوونەوە و وردبوونەوە لەوەی كە

دایرشتووە(ربیع،٢٠٠٥،ص١٦).

بواری سوود وەرگرتنی سازاندنی ڕۆژنامەنووسی لە تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر:

لەگەڵ دەرکەوتن و گەشەکردنی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێدا گۆڕانکاری زۆر بەسەر پرۆسەی سازاندنی ڕۆژنامەنووسیدا هاتووە، بەجۆرێك کە پێشتر کاری سازاندن دژوار و ئاڵۆزبووە، پاش ئەوەی کە هەواڵێك ئامادە دەکرا بەڕێگایەکی دەستی لەسەر لاپەڕە و دواتر لەسەر ئامێرێکی کلاسیکی کۆن چاپدەکرا، بەڵام سازێنەری ئەمڕۆ کۆمپیوتەر بەکاردەهێنێت لە سازاندنی هەواڵ و بابەتە ڕۆژنامەوانییەکاندا کە بووەتە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی و ئاسان بووە و دەتوانرێت ڕستەی نوێی بۆ زیاد یان کەم بکرێت یان وشە و ڕستەی لێ لاببرێت، هەروەها سازێنەری ڕۆژنامە لەڕێگەی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و لە چوارچێوەی سیستەمی بڵاوکردنەوەی مەکتەبی دەتوانێت هەواڵەکان ئەمباربکات و بگەڕێتەوە بۆی لەهەرکاتێکدا کە بیەوێت ئەمەش بە سازاندنی ئەلیکترۆنی دەناسرێت و لەچوارچێوەی سیستەمێکی تۆڕی جێبەجێدەبێت(الرحبانی، ٢٠١٢، ص١٧٨).

ئەم سیستەمە ڕێگەدەدات بە دڵنیابوونەوە لەوەی کەپێی دەوترێت سازاندن لەڕێگەی گرووپی کارەوە (Work group) کە دەتوانێت دەقێکی ڕۆژنامەوانی ئامادەبکرێت لەلایەن چەندین سازێنەرەوە ئەمەش بە بەکارهێنانی بەرنامەی بڵاوکراوەی مەکتەبی (ئینتەرلیف٦Interleaf) کە ڕێگەدەدات بە چەندین بەکارهێنەر بگەنە هەمان دەق کە پێشتر لەسەر یادگەی کۆمپیوتەرەکە ئەمبارکراوە بۆ هەر دەستکاریکردنێك بەجۆرێك دەقەکە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پەرە بەخۆی دەدات هەر کاتێك گۆڕانکاری تێدابکرێت، پێداچوونەوە بەو گۆڕانکارییانەشدا بکرێت لەسەر دەقەکە ئەنجامدراون(خطاب، ٢٠١٠، ص٨١-٨٢).

لەڕێگەی پشت بەستن بەم سیستەمە تۆڕییە کە بە هاوتەریی کاردەکات لەگەڵ سیستەمی بڵاوکردنەوەی مەکتەبی سازێنەر دەتوانێت بەم کارانەی خوارەوە هەستێت(هەمان سەرچاوە، ص٨٢-٨٣):

١.نووسینی بابەتی ڕۆژنامەوانی لەڕێگەی بەکارهێنانی کیبۆرد یان مایکرۆفۆن کە لەڕێگەیەوە دەقەکە بەشێوەی نامەی دەنگی داخڵ دەکرێت کە بەرنامەی ناسینی دەنگ و چارەسازی وشەکان هەڵدەستێت بە وەرگێڕانی بۆ زمانی نووسراو کە ئەتوانرێت بخرێتە سەر دەق مەبەست، پاشان گۆڕانکاری سازاندن لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر بە جوڵاندنەوەی وشەکان یان دێڕەکان یان پەڕەگرافەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تری دەقەکە، و دیاریکردنی بەشێك لە دەقەکە لەڕێگەی دانانی هێڵ لەژێریدا یان بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی وشە یان بردنی بۆلای ڕاست و چەپ و ناوەڕاستی لاپەڕە و گۆڕینی ماوەی نێوان پەرەگرافەکان.

٢.پێداچوونەوەی زمانەوانی لە بابەتی ڕۆژنامەوانی پاش نووسینی بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانەی تێیدان بە بەکارهێنانی بەرنامەی هەڵەچنی ڕێنوسی و زمانەوانی (Spelling Checker)، ئەم بەرنامانەش فەرهەنگی ڕێنووسییان تێدایە کە لیستێك لە وشە لەخۆدەگرن کە دەگاتە (٧٢ هەزار) وشە و دەتوانرێت زیادبکرێن بەهۆی بەکارهێنەرەوە، هەروەها هەڵەچنی زمانەوانییان تێدایە کە بەیارمەتی بەکارهێنەر دەتوانرێت دەقەکە ڕێك بکرێت و هەڵە زمانەوانییەکانی چارەسەربکرێت بەبێ گەڕانەوە بۆ هەڵەچنی زمانەوانی لە بەناوبانگترین ئەو بەرنامانەش بەرنامەی (سیبویە)یە بۆ هەڵەچنی زمانەوانی و ڕێنوسی کە ڕاوبۆچوونی پێویست دەخاتە بەردەم بەکارهێنەر بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵە ڕێنوسییەکان کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

پاشان هەڵەچنی ڕەوانبێژی بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵە ڕەوانبێژییەکان لەچوارچێوەی بەکارهێنانێکی دروستی هەڵەی ڕەوانبێژی، هەروەها ڕاستکردنەوەی خاڵبەندی و ئامارکردنێکی ورد وەك ژمارەی وشە بەکارهێنراوە دووبارەکان کە ئامرازێکی باشە بۆ بەڕێوەبردنی دەق نوسراو بەزمانێکی سادە و بەهێز کە یارمەتیدەرە بۆ گەیشتن بە باشترین دەق لەڕووی زمانەوانی و ڕەوانبێژییەوە.

٣.زیادکردنی زانیاری نوێ لەسەر بابەتی نێو مەلەفەکان یان لابردنی هەندێ زانیاری تێیدا لە وشە و دێڕەکان یان گۆڕانکاری لە ڕێکخستنی برگەی چیرۆکە نووسراوەکە لەپێناو بنیاتنانی دەقەکە، چونکە چیرۆکی ڕۆژنامەوانی وەك زانراوە هەرەمی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ سازاندنی پێویستە جێبەجێبکرێت.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

٤.دەوڵەمەندکردنی دەقی ڕۆژنامەوانی بەوێنەی فۆتۆگرافی یان وێنەی ئاماژەدار یان وێنەی ڕوونکردنەوە ئەگەر پێویست بوو ئەمەش لەڕێگەی هێنانی ئەو وێنانەی لەنێو کۆمپیوتەردان و پیشاندانیان و هەڵبژاردنی وێنەی گونجاو یان داخلکردنی وێنەی ڕاستەوخۆ لەڕێگای سکانەر یان لەڕێگای کێبڵەکانی ترەوە، وەك کامێرای ڤیدیۆ و ژمارەیی یان بنکەی زانیارییەکان لەسەر هێڵ یان لەڕێگەی پەیوەندی هێڵی بە ئەرشیفی وێنەکان لە ڕۆژنامە بۆ گەیشتن بەچەند هەڵبژاردەیەك و هێنانی گونجاوترینیان.

٥.دڵنیابوونەوە لە ڕاستی ڕووداو و ژمارە و مێژوویی دۆکیۆمێنتارییەکە کە دەقە ڕۆژنامەوانییەکە دەیگرێتەخۆی ئەمەش بەدڵنیابوونەوە لە ڕاستی داتاکانی ئەوکەسانە و شوێنەکانیان لەڕێگەی پەیوەندیی تۆڕی بە ئەرشیفی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی یان لەڕێگەی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەسەر هێڵ کە تۆمارە ڕەسمی و حکومی و دۆکیۆمێنتە گشتییەکان لەخۆدەگرێت کە لەسەر تۆڕەکە هەن.

٦.سیستەمی سازاندنی ئەلیکترۆنی تۆڕی دەتوانێت سازێنەر یان سازێنەری بەرپرس لە سازاندنەوەی دووبارە ئاگاداربکاتەوە کە بابەتی تر هەیە هاوشێوەی ئەمەیە لەلایەن چەند سەرچاوەیەکی دیکەوە نێرراوە بەهەمان ڕێگەش نووسراوە، پاشان ناردنی بۆ ژووری هەواڵ بۆئەوەی پێکەوە گرێ بدرێن و بکرێن بەیەك دەق یان ئەوکارەی کەپێی دەوترێت (پشتوێنی هەواڵی کۆکراوە) بۆ چەند لاپەڕەیەکی دیاریکراو پاشان ناونیشان و وێنەیەکی گونجاوی بۆ هەڵبژێرێت کە سازێنەر دەتوانێت چاکترینیان دیاری بکات (بەبێ ئەوەی لەسەر مێزی نوسینگەکەی هەستێت) بە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر.

ڕوونە کە کاری سازاندن پەرەیسەندووە بەهۆی پشتبەستنی سازێنەری ڕۆژنامە بە تەکنەلۆژیای سەردەم، پێشتر سازێنەر هەڵدەستا بە کۆکردنەوەی ئەرکەکانی سازاندن و بەجێگەیاندنیان لەڕێگەی خوێندنەوەی لاپەڕەکانەوە، لەکاتێکدا کە یارمەتیدەرە ئەلیکترۆنییەکان هاتنە نێوکارەکەیەوە یارمەتی سازێنەر دەدەن بۆ کۆنترۆڵکردنی هەموو کردارە تەقلیدییەکان.

لەم ساڵانەی دوایدا بەکارهێنانی کۆمپیوتەری زۆر بچووك بڵاوبوویەوە لەوانەش کۆمپیوتەری کەسی تایبەت بەکاری ڕاگەیاندن و کۆمپیوتەری فرە فرمان وەك کۆمپیوتەری دیجیتاڵی(البكری، ٢٠٠٣، ص٨٩-٩٠).

پیشەسازی بڵاوکردنەوەی چاپکراو لەماوەی ساڵانی حەفتا و هەشتاکاندا پەرەیسەند و گەشەسەندنی زیاتری بەخۆوە بینی و کاریگەرێتییەکانی قوڵتربوویەوە لەچاو گەشەسەندنەکانی پیشەسازی بڵاوبوونەوە لەکاتی داهێنانی چاپخانەوە تاوەکو سەرەتای حەفتاکان، بەجۆرێك بووتە شۆڕشی پەیوەندی سێیەم لەمێژووی مرۆڤایەتی بەپێی بۆچوونی زانای پەیوەندی بەریتانی بەناوبانگ (ئەنتۆنی سمس)، شۆڕشی یەکەم لەمێژووی پەیوەندی مرۆڤایەتی بریتییە لە داهێنانی نووسین، دووەم داهێنانی چاپخانەیە، تەکنەلۆجیای زانیارییەکان هات بەهۆی کۆمپیوتەرەوە بۆئەوەی شۆڕشی سێیەم لەپەیوەندیدا ڕووبدات (علم الدين،٢٠٠٤ ، ص٩٤(

لەوکاتەوەی کە کۆمپیوتەر بووەتە ڕەگەزێکی سەرەکی لە هەموو بوارەکانی ژیانەدا ڕۆژنامە یەکەم بوار بووە کە سوودی لێ بینیوە، ڕۆژنامەنووسانیش لە دەستە یەکەمینەکانن کە توانیویانە سوود لە تایبەتمەندی و لایەنە باشەکانی کۆمپیوتەر وەربگرن لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا کە لەڕێگەیەوە پیشەسازی ڕۆژنامەوانی پەرەیسەندووە و لەچەند بوارێکی کردەیی و جێبەجێکردنێکدا بەکارییهێناوە وەك ئەمانەی خوارەوە:

١.چارەسەرکردنی وشەکان (Word Processing): لەم دواییانەدا کۆمەڵێك بەرنامە دەرکەوتن کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێن لەهەندێك لایەنی چارەسەری سازاندنی ڕۆژنامەنوسی بۆ دەقی ڕۆژنامەوانی لە گرنگترینیان بەرنامەی (سیبویه) کە هەڵدەستێ بە چەندین ئیش لەوانە: چاککردنەوەی هەڵەی زمانەوانی، هەڵەچنی، خاڵبەندی، کە یەکێکن لە لایەنە سەرەکییەکانی پرۆسەی سازاندنی ڕۆژنامەوانی بەتایبەتی لەکاتی بەرزبوونەوەی ئاستی زانستی خوێنەران و ئارەزوویان بۆ خوێندنەوەی ئەو ڕۆژنامانەی کە ڕاست و ڕوونن لەڕووی زمانەوانییەوە. (مكاوى و علم الدين، ٢٠٠٠، ص٩٨-٩٩)

ئەم بەرنامەیە ڕێگە بە چارەسەرکردنی وشە نووسراوەکان دەدات زۆر پێشکەوتووتر و خێراتر لە ئامێری چاپ (Type writer)، کاتێك دەقەکان چاپدەکات بە بەکارهێنانی "تابلۆی چارەسەری وشەکان" دەقە چاپکراوەکە لەسەر شاشەیەکی چاودێر پیشاندەدات، پاشان ئەم

دەقە لە یادگەی کۆمپیوتەرەکەدا ئەمباردەبێت، دەتوانرێت هەر گۆڕانکارییەك لەسەر دەقە چاپکراوەکە بە ئاسانی ئەنجامبدرێت لەڕێگەی دووبارە چاپکردنەوە و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان پێش ناردنی زانیارییەکان بۆ ناو کۆمپیوتەرەکە بە گواستنەوەی دەقە چاپکراوەکە - لەڕێگەی پرنتەرەوە- بۆ سەر کاغەز (مکاوی و السید،٢٠٠٦، ل٧١-٧٢).

ئەم بەرنامەیە توانای جێبەجێکردنی چەند کارێکی هەیە ئەکەر فەرمانی پێبکرێت لەوانەش(خلیل و اللبان، ٢٠٠٠،ص٧٧-٧٨):

١.دیاریکردنی ناونیشانی ڕۆژنامەوانی گونجاو بۆ دەقە ڕۆژنامەوانییەکە بە هەموو ژانرەکانییەوە (هەواڵ، ڕاپۆرت، ڕێپۆرتاژ، وتار...).

٢.دانانی کورتکراوەی گونجاو لەناو هەموو دەقە ڕۆژنامەوانییەکەدا کە ئەمانە دەگرێتەوە:

أ.کورتکراوەی وشە، بەتایبەتی لەنێو سەردێڕدا.

ب.کورتکراوەی ڕستە، بەتایبەتی لەنێو پێشەکیدا.

ت.کورتکراوەی برگەکان لەناو هەموو دەقەکەدا.

٣.ڕاستکردنەوەی زمانەوانی و شێوازی لە دەقەکەدا کە بگونجێت لەگەڵ ڕێزمان و تایبەتمەندییەکانی نووسینی ڕۆژنامەوانی و داواکارییە تایبەتمەندەکانی هونەری ڕۆژنامەوانی.

٤.جێبەجێکردنی هەندێك ڕێکخستنی شێوەیی لەدەق ڕۆژنامەوانی لە گرنگترینیان:

أ.دابەشکردنی دەق بەسەر برگەکاندا.

ب.دڵنیابوون لە وردیی بەکارهێنانی خاڵبەندی لەشوێنی پێویستی نێو دەقدا.

٥.دیاریکردنی وێنەی گونجاو بۆ بابەتە ڕۆژنامەوانییەکە.

٢. بڵاوکراوەی مەکتەبی (Desktop Publishing):چەمکی بڵاوکراوەی مەکتەبی (Desktop Publishing-DTP) ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و بەرنامەکانی لە بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەدا، کە کاریگەرێتیی لەسەر شێوازی کارکردن لە ڕۆژنامە و بەرهەمهێنانیدا هەیە یان لەسەر ئاستی چۆنیەتی هەڵگرتنی بابەتە بڵاوکراوەکان لە ڕۆژنامەدا بە ئامانجی دووبارە بەکارهێنانەوەیان لەکاتی پێویستدا وەك سەرچاوەیەك لە سەرچاوەکانی زانیاری سەرەتایی کەڕێگە بە دەرهێنەری ڕۆژنامە دەدات کۆپییەکی لە ڕۆژنامەکە هەبێت لەسەر شاشە بەو شێوەیەی کە دەیەوێت چاپی بکات لەسەر کاغەز، و دەشتوانێت بە ئاسانی هەر گۆڕانکارییەك کە بیەوێت ئەنجامی بدات لەسەر شاشە، ئەمەش بووەهۆی گەشەدان بە پیشەسازی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە، بەجۆرێك کە ئەم کارە پێشتر پارەیەکی زۆری تێدەچوو دەدرا بە کۆمپانیاکانی (گرافیك)، بەشە سەرەکییەکان لە سیستەمی بڵاوکردنەوەی مەکتەبی ئەمانەن: (کۆمپیوتەر، چاپخانەی لەیزەری، بەرنامەی بڵاوکراوەی مەکتەبی)، ئەمڕۆ سیستەمی بڵاوکراوەی مەکتەبی خاوەنی تەکنیکێکی باڵایە کە ئەویش ئامرازی (سکانەر و مۆدۆم) ە بۆ گۆڕینی ئاماژەکان. (العلیان، ٢٠٠٥، ص٢٩).

توێژەر بە پێویستی دەزانێت ڕوونکردنەوە بدات لەسەر جیاوازی نێوان بەکارهێنانی کۆمپیوتەر وەك ئامێرێك بۆ نووسینی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان، هەروەها بەکارهێنانی کۆمپیوتەر وەك بەرهەمهێنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان بەجۆرێك لە یەکەمیاندا سازێنەر هەڵدەستێ بە چاپکردنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان لێرەدا کۆمپیوتەر تەنها ئەرکی چاپکردن جێبەجێدەکات، بەڵام لەحاڵەتی دووەمدا کۆمپیوتەر سەرەڕای چاپکردن هەڵدەستێ بە جێبەجێکردنی ئەو کردارانەی کە پەیوەستن بە دیزاینی ڕۆژنامە و دەرهێنان و دابەشکردنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان لە دەق و وێنە و هێڵکاری لەناو پەڕەکاندا (شیخانی، ٢٠١٠،ص٤٥١)

دەتوانرێت سێ تێڕوانینی سەرەکی بۆ بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بۆ سازاندنی ڕۆژنامەی چاپکراو وێنا بکرێت، هەموو تێڕوانینەکان لایەنێك و ئەرکێکی بنەڕەتیان لەبواری سازاندندا هەیە کە ئەمانەن(خلیل،١٩٩٧، ص١٧٨):

أ. تێڕوانینێ کە کۆمپیوتەر وەك ئامێرێکی (Hardware): بەکاردەهێنرێت لە بەڕێوەبردنی کاری سازاندنی ڕۆژنامەوانی لەنێو ڕۆژنامەدا، پەیوەست بەم تێڕوانینەوە لەبواری سازاندنی ئەلیکترۆنیشدا.

ب. تێڕوانینێ کە کۆمپیوتەر وەك ئامرازێکی گەیاندنی تۆڕی (Telecommunication Network) کە دەتوانێت بگاتە سەرچاوەی زانیاری جۆراوجۆر لەسەر ئاستی چەندێتی و چۆنیەتی، پەیوەست بەم تێڕوانینە بەکارهێنانی کۆمپیوتەرە لە پاڵپشتی رووماڵی رۆژنامەوانی بۆ بابەتێك لەکاتی سازاندنیدا.

ت. تێڕوانینێ کە کۆمپیوتەر وەك بەرنامە (Software): پاکێج و لێهاتوویی سیستەم ئەتوانێت چەندین کرداری سازاندنی مێشکی کە سازێنەر بەکاریدەهێنێت ئەنجامبدات، پەیوەست بەم تێڕوانینە بەکارهێنانی کۆمپیوتەرە لە سازاندنی maddە رۆژنامەوانییە چاپکراوەکاندا بەبێ سازێنەر.

هەنگاوەکانی تێپەڕبوونی مادده سازێنراوەکە لە حاڵەتی پشتبەستن بە گەیەنەرە ناوخۆییەکان کە لەنێو تۆڕی ناوەندییدا ئەبێت ئەمانەن(عبده،بدون تأريـخ،ص٣٣):

١.سازێنەر هەڵدەستێت بە نووسینی بابەت لەسەر شاشەیەك کە بەستراوەتەوە بە ئامرازێکی ناوەندی دیکە لەڕێگەی تۆڕێکی ناوخۆییەوە کە دەکرێت ئاماژەبێت بە شاشەیەکی بینراو (VDT) یان شاشەیەك کە بەسترابێت بە کیبۆردەوە.

٢.بابەتی رۆژنامەوانی کە لەچەندین لاوە هاتووە کۆدەکرێتەوە بەهۆی کۆمپیوتەری ناوەندییەوە (Central Computer) لەکاتی بوونی هەر راستکردنەوەیەك لەهەر بابەتێکی رۆژنامەوانی دیاریکراودا، راستەوخۆ (Online) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سازێنەر دەستکاری بکات.

٣.لە حاڵەتی راستکردنەوەدا دووبارە کۆپییەکی کۆتایی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمپیوتەری ناوەندی بۆ دانانی لە شێوەیەکی گونجاودا تا بخرێتە مەلەفی گشتییەوە کە ئاسان بێت بۆ بەکارهێنان بۆ سەرجەم بەشەکان بۆ هەستان بە کارێکی پەیوەست بەوەوە.

بەڕێوەبردنی کاری سازاندن بەم شێوەیە بڕێکی زۆر لە نەرمی و خێرایی و لێهاتوویی تێدایە لەکارکردن لەڕێگای چاککردنی توانای ئەم شێوازانەوە(خليل ، ١٩٩٧،ص١٨١):

أ.شێوازی چاککردن: ئەمەش بە گەڕاندنەوەی کۆپییەکی بابەتە رۆژنامەوانییەکە لە کۆمپیوتەری ناوەندییەوە پاش گێڕانەوەی بۆ بەرپرسی سازاندن کە لەسەریەتی گۆڕانکاری پێویستی تێدابکات، پاشان بەخێرایی بیگەڕێنێتەوە بۆ کۆمپیوتەری سەرەکی کە تێیدا بابەتی رۆژنامەوانی کۆدەکرێتەوە، لێرەدا کردارەکانی گۆڕانکاری بەخێرایی و بەئاسانی جێبەجێدەکرێن بە سوودوەرگرتن لەو توانایەی کە بەرنامەی جێبەجێکاری وشەکان هەیەتی.

ب.شێوازی سوودوەرگرتنی راستەوخۆ لە ئەرشیف: سازێنەر دەتوانێت لەڕێگای پەیوەندییەکی خێرای بەردەستەوە ببەسترێت بە ئەرشیفەوە بۆ گەیشتن بە هەندێك زانیاری کە یارمەتیدەرە بۆ ئامادەکردن و سازاندنی بابەتی رۆژنامەوانی بە ئاستێکی زۆر بەرز.

ت.شێوازی گەڕاندنەوەی کۆتایی بابەتەکە لەسەر لاپەڕە: سازێنەر دەتوانێت بابەتی رۆژنامەوانی لەشێوەی کۆتایدا ببینێت لە بەشی بەرپرسی هونەری و پێشنیاری گۆڕانکاریکردن تێیدابکات بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری تا بابەتەکە بەپێزبێت.

پ.شێوازی ئەرشیفکردنی راستەوخۆی بابەتێك: هەرکاتێك بابەتێکی رۆژنامەوانی گەیشتە شێوەی کۆتایی ئەتوانرێت کۆپییەکی لە مەلەفی تایبەتی بنێررێت بۆ ئەرشیفی رۆژنامەکە.

ج.شێوازی بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی: ئەگەر رۆژنامەنووس بیەوێت دەتوانێت کۆپییەکی ئەلیکترۆنی لە هەموو یان هەندێك لە بابەتە رۆژنامەوانییەکانی بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەڕێگەی کۆمپیوتەری مەرکەزییەوە بڵاوبکاتەوە کە بابەتە رۆژنامەوانییەکەی تێداکۆکراوەتەوە، لەکاتێکدا کە ئەم کۆمپیوتەرە بەسترابێتەوە بە تۆڕێکی فراوانەوە (WAN wide area network) و بگەیەنرێت بەدەرەوەی رۆژنامەکە.

ح.شێوازی هاوکاری نێوان سازێنەر و سەرجەم ئەندامانی رۆژنامە: شێوازی کلاسیکی بۆ کاری سازێنەر لەڕێگەی کاغەزەوە رێگربوو بۆ گرتنەبەری رێگاکانی تر کە بابەتی رۆژنامە ئاسان دەکات، پاشان بینیی سازاندنی بەشی بەشێوەیەکی زۆر، بەڵام لە حاڵەتی سازاندنی ئەلیکترۆنی کە لە چوارچێوەی سیستەمێکی تۆڕیدا بابەتەکە جیاوازە بەجۆرێك کە تێڕوانینی سازێنەر زیاتر گشتگیرە، ئەوەی بەسەر سازێنەردا جێبەجێدەبێت لەم کارەدا بەسەر لایەنەکانی دیکەی رۆژنامەکەشدا جێبەجێدەبێت.

بەکورتی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بەگشتی توانیویەتی ڕۆڵێکی گرنگ لە هەموو قۆناغەکانی پیشەسازی و بەرهەمهێنان و دەرچوواندنی ڕۆژنامەوانیدا بگێڕێت، بەتایبەتی ئامێری کۆمپیوتەر لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە تاوەکو ئێستا کاریگەرێتییەکی زۆری لە قۆناغەکانی سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا بەجێهێشتوە، بەجۆرێك کە دەتوانرێت بوترێت بەبێ بوونی ئەم ئامێرە کاری سازاندن ئاڵۆز و دژوار بووە، بەڵام لەئێستادا بە هۆی بوونی بەرنامە تایبەتمەندەکانییەوە شۆڕشێکی گەورەی لەم بوارەدا دروستکردووە و توانیویەتی گۆڕانکاریی و ئاسانکارییەکی زۆر لەپرۆسەکەدا بکات، سەرەنجام وایکردووە کە سازێنەری ڕۆژنامە بە کات و ماندوبوونێکی کەم سازاندنێکی ورد و بێکەموکوری پێشکەشبکات.

## سێیەم: خستنەڕوی ئەنجامەکانی بەشی مەیدانی و شیکارکردنیان

ڕادەی بەکارهێنانی جۆرەکانی کۆمپیوتەر لەکاری سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا

لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) دا کۆمپیوتەری جۆری (دیسکتۆپ) بەشێوەیەکی (بەردەوام) لەلایەن سازێنەرانەوە بەکاردەهێنرێت، بەڵام سازێنەرانی ڕۆژنامەی (ئاوێنە) بەشێوەیەکی (بەردەوام) کۆمپیوتەری جۆری (لاپتۆپ) بەکاردەهێنن،ئەمەشدەبێتە خاڵی جیاواز و دیاری نێوان هەردوو ڕۆژنامەکە،توێژەر وایدەبینێت کەبەکارهێنانی ئامێری (کۆمپیوتەر) لەکاری سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا بەشێوەیەکی بەردەوام ئەوە دەردەخات کە شێواز و چۆنیەتی ئەنجامدانی کاری ڕۆژنامەوانی بەگشتی و سازاندن بەتایبەتی گۆڕاوە، بەجۆرێك کە لە ئێستادا زیاتر پشت بە تەکنەلۆژیای (کۆمپیوتەر) دەبەسترێت بەراورد بە ڕابردوو کە بەشێوەیەکی مەیدانی زۆرینەی کارە ڕۆژنامەوانییەکان ئەنجامدەدران.

خشتەی(١)

ڕادەی بەکارهێنانی جۆرەکانی کۆمپیوتەر لە کاری سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا

| برگەکان | | کوردستانی نوێ | | | | | ئاوێنە | | | | | کۆی گشتی | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | بەردەوام | هەندێکجار | بەدەگمەن | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەرەیی | بەردەوام | هەندێکجار | بەدەگمەن | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەرەیی | بەردەوام | هەندێکجار | بەدەگمەن | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەرەیی |
| کۆمپیوتەر(دیسکتۆپ) | د | ١٤ | ٣ | ١ | ٢،٧٢ | ٠،٥٧٥ | ٥ | ٠ | ١ | ٢،١٦ | ٠،٨١٦ | ١٩ | ٣ | ٢ | ٢،٧٠ | ٠،٦٢٤ |
| | ٪ | ٧٧،٨ | ١٦،٧ | ٥،٦ | | | ٨٣،٣ | ٠ | ١٦،٧ | | | ٧٩،٢ | ١٢،٥ | ٨،٣ | | |
| لاپتۆپ | د | ٥ | ١١ | ٢ | ٢،١٧ | ٠،٦١٨ | ٦ | ٠ | ٠ | ٣ | ٠ | ١١ | 11 | 2 | ٢،٣٧ | ٠،٦٤٦ |
| | ٪ | ٢٧،٨ | ٦١،١ | ١١،١ | | | ١٠٠ | ٠ | ٠ | | | ٤٥،٨ | ٤٥،٨ | ٣ ،٨ | | |

## بەکارهێنانی جۆرەکانی کۆمپیوتەر لە سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا

بەکارهێنانی کۆمپیوتەر جۆری (دیسکتۆب) لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) دا بەیەکێك لە گرنگترین ئامرازەکانی سازاندنی ڕۆژنامەوانی دادەنرێت کە بەرێژەی (٨٧,٥٪)، جیاوازی لە ڕێژەی بەکارهێنانی کۆمپیوتەری ( لاپتۆب) دەبێتە خاڵی جیاوازی نێوان هەردوو ڕۆژنامەکە بەجۆرێك لە ڕۆژنامەی (ئاوێنە)دا ڕێژەکە زیاترە، ئەمەش بەهۆی جیاوازی لە خولی دەرچوونی نێوان ڕۆژنامەکانە بە شێوەی ڕۆژانە و هەفتانە بەوپێیەی کە سازێنەرانی ڕۆژنامەی ئاوێنە بۆ ئامادەکردنی بابەتەکانیان زۆر پەیوەست نین بە ئامادەبوونیان لەنێو دەزگاکەیاندا و زیاتر کۆمپیوتەری کەسی (لاپتۆب) بەکاردەهێنن

توێژەر هۆکاری زۆری بەکارهێنانی کۆمپیوتەری جۆری (دیسکتۆب) و (لاپتۆب) لەهەردوو ڕۆژنامەکەدا بۆئەوە دەگەڕێنێتەوە کە کاری سازاندنی ڕۆژنامەوانی لەکارێکی میکانیکیی دەستییەوە بۆ کارێکی ئەلیکترۆنی گۆڕاوە، بەهۆی ئامرازی کۆمپیوتەرەوە بەجۆرێك کە لە سەرجەم قۆناغەکانی کاری سازاندندا بەکاردەهێنرێت و ئاسانکاری وخێراییەکی زۆر بە پرۆسەکەش دەبەخشێت، سەرەڕای ئەوەش بەکارهێنانی ئینتەرنێت و تۆڕەکانی پەیوەندیکردن بەهۆیەوە ئاسانتردەبێت، بەوپێیەی ڕۆژنامەنوسان لەدەزگاکانی کارکردندا زیاتر کارەکانیان ئەنجامدەدەن و کۆمپیوتەری دابینکراویش لەجۆری (دیسکتۆب)ە هەربۆیە زۆرترین بەکارهێنانی هەیە بەراورد بە (لاپتۆب).


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

خشتەی (٢)

بەکارهێنانی جۆرەکانی کۆمپیوتەر لەکاری سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا

| برگەکان | | کوردستانی نوێ | | | | | ئاوێنە | | | | | کۆی گشتی | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | پلەیەکی زۆر | پلەیەکی مامناوەند | پلەیەکی کەم | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەیەکی زۆر | پلەیەکی مامناوەند | پلەیەکی کەم | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەیەکی زۆر | پلەیەکی مامناوەند | پلەیەکی کەم | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
| دیسکتۆب | د | ١٦ | ١ | ١ | ٢،٨٣ | ٠،٥١٤ | ٥ | ٠ | ١ | ٢،٦٧ | ٠،٨١٨ | ٢١ | ١ | ٢ | ٢،٧٩ | ٠،٥٨٨ |
| | ٪ | 88.9 | 5.6 | 5.6 | | | 83.3 | ٠ | ١٦،٧ | | | ٨٧،٥ | ٣،٢ | ٨،٣ | | |
| لاپتۆب | د | ٨ | ٧ | ٣ | ٢،٢٨ | ٠،٧٥٢ | ٣ | ٢ | ١ | ٢،٣٣ | ٠،٨١٦ | ١١ | ٩ | ٤ | ٢،٢٩ | ٠،٧٥٠ |
| | ٪ | 44.4 | 38.9 | 16.7 | | | ٥٠ | 33.3 | ١٦،٧ | | | ٤٥،٨ | ٣٧،٥ | ١٦،٧ | | |

## هۆکارەکانی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا

سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) ئامرازی کۆمپیوتەر بە (پلەیەکی زۆر) بۆ گەیشتن بە سەرچاوەکانی هەواڵ و نوسینی دەقەکان و سازاندنیان بەکاردەهێنن، هەروەها بە (پلەیەکی کەم) کۆمپیوتەر بۆچارەسەرکردنی وشەکان، بڵاوکراوەی مەکتەبی، دیزاین و گۆڕانکاری وێنەکان و هێڵکاری و برگەکانی ڕوونکردنەوە بەکاردەهێنن. لە بەرامبەردا بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بۆ مەبەستەکانی دیکە بە ڕێژەی جیاواز خاڵی جیاوازی نێوانیانە.

توێژەر هۆکاری زۆری بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بۆ (گەیشتن بە سەرچاوەکانی هەواڵ) بۆ کەمبوونەوەی پەیامنێران دەگەڕێنێتەوە بەهۆی کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ و دروستبوونی قەیرانی دارایی بەراورد بە ڕابردوو، ئەمەش بەهۆی کەمی ستافی ڕۆژنامەکە و بەکارهێنانی کۆمپیوتەر وەك ئامرازێك بۆ پەیوەستبوون بە ئینتەرنێتەوە بەمەبەستی گەیشتن بە سەرچاوەکانی هەواڵ و خێرایی لە دەستکەوتنی زانیارییەکاندا.

خشتەی(٣) هۆکارەکانی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە سازاندنی ڕۆژنامەنوسییدا

| برگەکان | | کوردستانی نوێ | | | | | ئاوێنە | | | | | کۆی گشتی | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | پلەیەکی زۆر | پلەیەکی مامناوەند | پلەیەکی کەم | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پ. زۆر | پلەیەکی مامناوەند | پلەیەکی کەم | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەیەکی زۆر | پلەیەکی مامناوەند | پلەیەکی کەم | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
| بۆ گەیشتن بە سەرچاوەکانی هەواڵ | د | ١٧ | ١ | ٠ | 2.94 | ٠،٢٣٦ | ٦ | ٠ | ٠ | ٣ | ٠ | ٢٣ | ١ | ٠ | ٢،٩٥ | ٠،٢٠ |
| | ٪ | ٩٤،٤ | ٥٦ | ٠ | | | ١٠٠ | ٠ | ٠ | | | ٩٥،٨ | ٤،٢ | ٠ | | |
| بۆ ئەمبارکردنی دەق و گێڕانەوەی | د | ١٤ | ٣ | ١ | 2.72 | 5750 | ٥ | ١ | ٠ | ٢،٨٣ | 408 | ١٩ | ٤ | ١ | ٢،٧٥ | ٠،٥٣ |
| | ٪ | ٧٧،٨ | ١٦،٧ | ٥،٦ | | | ٨٣،٣ | ١٦،٧ | ٠ | | | ٧٩،٢ | ١٦،٧ | ٤،٢ | | |
| چارەسەرکردنی وشەکان | د | ١٠ | ٢ | ٦ | 2.22 | ٠،٩٣٤ | ٣ | ١ | ٢ | ٢،١٧ | ٠،٩٨٣ | ١٣ | ٣ | ٨ | ٢،٢٠ | ٠،٩٣ |
| | ٪ | ٥٥،٦ | ١١،١ | ٣٣،٣ | | | ٥٠ | ١٦،٧ | ٣٣،٣ | | | ٥٤،٢ | ١٢،٥ | ٣٣،٣ | | |
| بڵاوکراوەی مەکتەبی | د | ٦ | ٩ | ٣ | ٢،١٧ | 707 | ٢ | ٢ | ٢ | ٢ | 894 | ٨ | ١١ | ٥ | ٢،١٢ | ٠،٧٤ |
| | ٪ | ٣٣،٣ | ٥٠ | ١٦،٧ | | | ٣٣،٣ | ٣٣،٣ | ٣٣،٣ | | | ٣٣،٣ | ٤٥،٨ | ٢٠،٨ | | |
| دیزاین و گۆڕانکاری وێنەکان و هێڵکاری و برگەکانی ڕوونکردنەوە | د | ١٢ | ٤ | ٢ | 2.56 | 705 | ٤ | ٠ | ٢ | ٢،٣٣ | 1.033 | ١٦ | ٤ | ٤ | ٢،٥٠ | ٠،٧٨ |
| | ٪ | ٦٦،٧ | ٢٢،٢ | 11.1 | | | 66.7 | ٠ | 33.3 | | | 66.7 | ١٦،٧ | ١٦،٧ | | |
| پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆ بە بنکەی زانیارییەکان | د | ٦ | ١١ | ١ | ٢،٢٨ | 575 | ٢ | ٣ | ١ | ٢،١٧ | ٠،٧٥٣ | 8 | ١٤ | ٢ | ٢،٢٥ | ٠،٦٠ |
| | ٪ | ٣٣،٣ | ٦١،١ | 5.6 | | | ٣٣،٣ | ٥٠ | ١٦،٧ | | | ٣٣،٣ | ٥٨،٣ | ٨،٣ | | |
| بۆ نووسینی دەقەکان و سازاندنیان | د | ١٥ | ٣ | ٠ | ٢،٨٣ | ٠،٣٨٣ | ٥ | ٠ | ١ | ٢،٨٣ | ٠،٨١٦ | ٢٠ | ٣ | ١ | ٢،٧٩ | ٠،٥٠ |
| | ٪ | ٨٣،٣ | ١٦،٧ | ٠ | | | ٨٣،٣ | 0 | ١٦،٧ | | | ٨٣،٣ | ١٢،٥ | ٤،٢ | | |
| بۆ پاڵپشتی لە ڕوومالّی ڕۆژنامەدا | د | ١٤ | ٢ | ٢ | 2.67 | ٠،٦٨٦ | ٤ | ١ | ١ | ٢،٥٠ | ٠،٨٣٧ | 18 | ٣ | ٣ | ٢،٦٢ | ٠،٧١ |
| | ٪ | ٧٧،٨ | ١١،١ | ١١،١ | | | 66.7 | ١٦،٧ | ١٦،٧ | | | ٧٥ | ١٢،٥ | ١٢،٥ | | |
| بەکارهێنانی بەرنامەی لێهاتوویی لە سازاندنی بابەتەکانی ڕۆژنامەدا | د | ٨ | ٧ | ٣ | ٢،٢٨ | ٠،٧٥٢ | ٣ | ٢ | ١ | ٢،٣٣ | ٠،٨١٦ | ١١ | ٩ | ٤ | ٢،٢٩ | ٠،٧٥ |
| بەکارهێنانی بەرنامەی لێهاتوویی لە سازاندنی بابەتەکانی ڕۆژنامەدا | ٪ | ٤٤،٤ | ٣٨،٩ | ١٦،٧ | ٢،٢٨ | ٠،٧٥٢ | ٥٠ | ٣٣،٣ | ١٦،٧ | ٢،٣٣ | ٠،٨١٦ | ٤٥،٨ | ٣٧،٥ | ١٦،٧ | ٢،٢٩ | ٠،٧٥ |
| بۆ کارپێکردنی ئینتەرنێت و پەیوەندیکردنی بە سەنتەرەکانی زانیاری یان ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن | د | ١٤ | ١ | ٣ | ٢،٦١ | ٠،٧٧٨ | ٣ | ٢ | ١ | ٢،٣٣ | ٠،٨١٦ | ١٧ | ٣ | ٤ | ٢،٥٤ | ٠،٧٧ |
| بۆ کارپێکردنی ئینتەرنێت و پەیوەندیکردنی بە سەنتەرەکانی زانیاری یان ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن | ٪ | ٧٧،٨ | ٥،٦ | ١٦،٧ | ٢،٦١ | ٠،٧٧٨ | ٥٠ | ٣٣،٣ | ١٦،٧ | ٢،٣٣ | ٠،٨١٦ | ٧٠ | ١٢،٥ | ١٦،٧ | ٢،٥٤ | ٠،٧٧ |
| بۆ پەیوەستکردنی بە تەواوی ئامێرە بەکارهاتووەکانی دیکە لە پرۆسەی سازاندندا | د | ٧ | ٧ | ٤ | ٢،٩٤ | ٠،٢٣٦ | ١ | ٢،٣٣ | ٠،٨١٦ | ٢،٣٣ | ٠،٨١٦ | ٥ | ٢،٢٠ | ٠،٧٧ | ٢,٢٠ | ٠,٧٧ |
| بۆ پەیوەستکردنی بە تەواوی ئامێرە بەکارهاتووەکانی دیکە لە پرۆسەی سازاندندا | ٪ | ٣٨،٩ | ٣٨،٩ | 22.2 | ٢،٩٤ | ٠،٢٣٦ | ٥٠ | 33.3 | ١٦،٧ | ٢،٣٣ | ٠،٨١٦ | ٤١،٧ | ٣٧،٥ | ٢٠،٨ | ٢,٢٠ | ٠,٧٧ |

## بەکارهێنانی بەرنامەکانی کۆمپیوتەر

سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) بە (پلەیەکی زۆر) بەرنامەی (مایکرۆسۆفت وۆرد) بۆ سازاندنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان بەکاردەهێنن، پێدانی (پلەیەکی کەم) بە هەریەك لە بەرنامەکانی (ڕۆژنامەوانی بۆ پیشاندان وپەیوەندی لەنێوان دەرهێنەر و ڕۆژنامەنووسدا، هەڵەچنی زمانەوانی و بەڕێوەبردنی کاری سازاندن) خاڵی جیاوازی نێوانیان دەبێت.

توێژەر وایدەبینێت کە بەرنامەی تایبەت بەزمانی کوردی بۆ سازاندن و ڕێکخستنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان و هەڵەچنی ڕێنوسی و زمانەوانی

بوونی نییە ئەمەش وادەکات بەرنامەی (مایکرۆسۆفت) زۆرترین بەکارهێنانی هەبێت، بۆ نووسینی دەقە ڕۆژنامەوانیەکان و سازاندنەوەیان لەلایەك و بۆ مەبەستی پێداچوونەوەی زمانەوانەوانی و هەڵەچنی ڕێنوسیش لەلایەکی دیکەوە.

خشتەی (٤)

بەکارهینانی بەرنامەکانی کۆمپیوتەر

| برگە | | کوردستانی نوێ | | | | | ئاوێنە | | | | | کۆی گشتی | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | پلەیەکی زۆر | پلەیەکی مامناوەند | پلەیەکی کەم | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەیەکی زۆر | پلەیەکی مامناوەند | پلەیەکی کەم | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەیەکی زۆر | پلەیەکی مامناوەند | پلەیەکی کەم | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
| بەرنامەی چاەرەسەرکردنی وشەکان (Microsoft word) | د | ١٦ | ٢ | ٠ | 2.89 | 302 | ٦ | ٠ | ٠ | 3 | 0 | ٢٢ | ٢ | ٠ | ٢،٩١ | ٠،٢٨ |
| | ٪ | ٨٨،٩ | ١١،١ | ٠ | | | ١٠٠ | ٠ | ٠ | | | ٩١،٧ | ٨،٣ | ٠ | | |
| بەرنامەی هەڵەچنی ڕێنوسی (Spelling Checker) | د | ٦ | ٧ | ٥ | 2.06 | 802 | ١ | ٣ | ٢ | ٨٣,1 | ٠،٧٥٣ | ٧ | ١٠ | ٧ | ٢ | ٠،٧٨ |
| | ٪ | ٣٣،٣ | ٣٨،٨ | ٢٧،٨ | | | ١٦،٧ | ٥٠ | ٣٣،٣ | | | ٢٩،٢ | ٤١،٧ | ٢٩،٢ | | |
| بەرنامەی هەڵەچنی زمانەوانی (سيبوية) | د | ٢ | ٨ | ٨ | ١،٦٧ | ٠،٦٨٦ | ١ | ١ | ٤ | ١،٥٠ | ٠،٨٣٧ | ٣ | ١٠ | ١١ | ١،٦٦ | ٠،٧٠ |
| | ٪ | ١١،١ | ٤٤،٤ | ٤٤،٤ | | | ١٦،٧ | ١٦،٧ | ٦٦،٧ | | | ١٢،٥ | ٤١،٧ | ٤٥،٨ | | |
| بەرنامەی (Adobe reader) بۆ خوێندنەوەی مەلەفەکان بە (Pdf) | د | ٦ | ٩ | ٣ | ٢،١٧ | ٠،٧٠٧ | ٣ | ١ | ٢ | ٢،١٧ | ٠،٩٨٣ | ٩ | ١٠ | ٥ | ٢،١٦ | ٠،٧٦ |
| | ٪ | ٣٣،٣ | ٥٠ | ١٦،٧ | | | ٥٠ | ١٦،٧ | ٣،٣ | | | ٣٧،٥ | ٤١،٧ | ٢٠،٨ | | |
| بەرنامەکانی چارەسەری وێنەکان (اليستريتورAdob.Photoshop (picasa0lightroom٠ | د | ٤ | ٥ | ٩ | ١،٧٢ | ٠،٨٢٦ | ١ | 3 | ٢ | ١،٨٣ | ٠،٧٥٣ | ٥ | ٨ | ١١ | ١،٧٥ | ٠،٧٩ |
| | ٪ | ٢٢،٢ | ٢٧،٨ | ٥٠ | | | ١٦،٧ | ٥٠ | ٣٣،٣ | | | ٢٩،٨ | ٣٣،٣ | ٤٥،٨ | | |
| بەرنامەی بەڕێوەبردنی کاری سازاندن | د | ٥ | ٧ | ٦ | ١،٩٤ | ٠،٨٠٢ | ١ | ١ | ٤ | ١،٥٠ | ٠،٨٣٧ | ٧ | ٥ | ١٢ | ١،٨٣ | ٠،٨١ |
| | ٪ | ٢٧،٨ | ٣٨،٩ | ٣٣،٣ | | | ١٦،٧ | ١٦،٧ | ٦٦،٧ | | | ٢٩،٢ | ٢٠،٨ | ٥٠ | | |
| | د | ٦ | ٢ | ١٠ | ١،٧٨ | ٠،٩٤٣ | ١ | ٣ | ٢ | ١،٨٣ | ٠،٧٥٣ | ٢ | ١ | ١٢ | ١،٧٩ | ٠،٨٨ |

ڕیزبەندکردنی ئامراز و شێوازەکانی پەیوەندیکردن بەپێی بەکارهێنانیان لە سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا

ئامرازی (کۆمپیوتەر) زۆرترین بەکارهێنانی هەیە لە هەردوو ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)دا ڕیزبەندی (یەکەم) ی بەدەستهێناوە بەهۆی زۆری بەکارهێنانیانەوە لەکاری سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا بەشێوەیەکی بەردەوام، هاوڕابوونی سازێنەرانی هەردوو ڕۆژنامەکە لە بەکارهێنانی ئامرازی کۆمپیوتەر لە ڕیزبەندی یەکەمدا و (تۆڕەکانی پەیوەندیکردن) لە ڕیزبەندی سێیەمدا، هەروەها کەمی لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی (تلکس، تیلیتێکست ، تیلی فۆتۆ، فاکس مەیل، ڤیدیۆ تێکست، تیلی فاکس) بە ڕیزبەندی (نۆیەم و دەیەم و یازدەیەم و دوازدەیەم و سیازدەیەمدا) خاڵی هاوبەشی نێوانیانە، بەکارهێنانی ئینتەرنێت بە ڕیزبەندی دووەم لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا و ئامرازی مۆبایل لە ڕۆژنامەی ئاوێنەدا بە هەمان ڕیزبەندی خاڵی جیاوازی نێوانیانە.

توێژەر هۆکاری جیاوازی لە پێدانی پلەی دووەم بە ئامرازی (مۆبایل) و (ئینتەرنێت) لە ڕۆژنامەی (ئاوێنە) و (کوردستانی نوێ) دا بۆئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە ڕۆژنامەی ئاوێنە بەستافێکی کەمەوە کاری ڕۆژنامەوانی ئەنجامدەدەن، لەو چوارچێوەیەشدا وەرگرتنی زۆرینەی لێدوانە ڕۆژنامەوانییەکان بەهۆی ئامرازی مۆبایلەوە دەبێت بەسوودوەرگرتن لە تۆڕەکانی پەیوەندیکردن، ئەمەش وایکردووە تۆڕەکانی پەیوەندیکردنیش پلەی سێیەم بەدەستبهێنن، بەڵام ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بەوپێیەی خاوەنی ستافێکی گەورەترە و ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە و ڕۆژانە نوێترین هەواڵ بڵاودەکەنەوە و بەکارهێنانی ئینتەرنێت بەپلەی دووەم دێت کە بۆ مەبەستی وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری سوودی لێوەردەگرن.

خشتەی (٥)

ڕیزبەندکردنی ئامراز و شێوازەکانی پەیوەندیکردن بەپێی بەکارهێنانیان لە سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا

| بڕگەکان | کوردستانی نوێ | | | ئاوێنە | | | کۆی گشتی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ٪ | ڕیزبەندی | دووبارەبوونەوە | ٪ | ڕیزبەندی | دووبارەبوونەوە | ٪ | ڕیزبەندی |
| کۆمپیوتەر | ١٦ | 88.9 | یەکەم | ٥ | 83.3 | یەکەم | ٢١ | ٨٧،٥ | یەکەم |
| ئایپاد | ١٠ | 55.6 | هەشتەم | 3 | 50 | هەشتەم | ١٣ | ٥٤،٢ | هەشتەم |
| مۆبایلی زیرەك | ٣ | 16.7 | پێنجەم | 3 | 50 | دووەم | ٤ | ١٦،٧ | پێنجەم |
| ئامرازەکانی گواستنەوە و ئەمبارکردنی فایلەکان | 4 | 22.2 | شەشەم | 4 | 33.3 | شەشەم | ٦ | ٢٥ | شەشەم |
| کامێرا | ٥ | 27.8 | حەوتەم | 5 | 33.3 | حەوتەم | ٧ | ٢٩،٢ | حەوتەم |
| تەلەفۆن | 6 | ٢٢،٢ | چوارەم | ٣ | 50 | چوارەم | ٩ | ٣٧،٥ | چوارەم |
| تلکس | ٨ | 44.4 | نۆیەم | ٥ | 83.3 | نۆیەم | ١٣ | ٥٤،٢ | نۆیەم |
| تیلیتێکست | ١٠ | 55.6 | دەیەم | ٥ | 83.3 | دەیەم | ١٠ | ٦٢،٥ | دەیەم |
| تیلی فۆتۆ | ٩ | 50 | یازدەیەم | 4 | 66.7 | یازدەیەم | ١٣ | ٥٤،٢ | یازدەیەم |
| تیلی فاکس | ١٢ | 66.7 | دوازدەیەم | ٥ | 83.3 | دوازدەیەم | ١٧ | ٧٠،٨ | دوازدەیەم |
| ڤیدیۆ تێکست | ١١ | 61.1 | سیازدەیەم | 4 | 66.7 | سیازدەیەم | ١٥ | ٦٢،٥ | سیازدەیەم |
| فاکس مەیل | 12 | 66.7 | چواردەیەم | 5 | 83.3 | چواردەیەم | ١٧ | ٧٠،٨ | چواردەیەم |
| تۆڕەکانی پەیوەندیکردن | 5 | 27.8 | سێیەم | ٢ | 33.3 | سێیەم | ٧ | ٢٩،٢ | سێیەم |
| ئینتەرنێت | 8 | 44.4 | دووەم | 4 | ١٦،٧ | پێنجەم | ١٠ | ٤١،٧ | دووەم |

## چوارەم: سەلماندنی گریمانە و خستنەڕووی ئەنجامەکانی پێوانەی ئاماری (المقاییس الاحصائیە)

پیشاندانی ئەنجامی پێوەری کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی و شیکارکردنی ئەم بەشە ئەو ئەنجامانە لەخۆدەگرێت کە توێژەر پێی گەیشتووە بەگوێرەی ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکەی کەبریتین لە زانینی ڕادەی کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی لە ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)دا، توێژەر بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە پێوەری ئاماری (المقیاس) بەکاردەهێنێت ئەمەش بە گرتنەبەری ڕێوشوێنە پێویستەکان بۆ ئەو مەبەستە.

بەمەبەستی هێنانەدی ئەم ئامانجانە توێژەر گریمانەیەکی سەرەکی دادەنێت کە بریتین لە:

١. تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر کاریگەرێتیی لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)دا هەیە.

تەوەری یەکەم: کاریگەرێتیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی

١. بەشێوەیەکی گشتی بەمەبەستی زانینی کاریگەرێتیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەرلەسەر پرۆسەی سازاندنی ڕۆژنامەوانی توێژەر پشتبەست بە بەکارهێنانی (t.test) ڕادەی کاریگەرێتیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەری بۆ دەردەکەوێت، بۆ ئەم مەبەستەش ناوەندی ژمێرەی بڕگەکانی تەوەری دووەم و سێیەمی فۆڕمی ڕاپرسییەکەی دەرهێناوە بۆ هەردوو ڕۆژنامەکە کە دەگاتە (٢٨٥,٠٠٠)، بەراورد بە ناوەندی ژمێرەیی ناوەندی گریمانەیی دەگاتە(٢٧٠,٠٠٠)، لەکاتێکدا لادانی پێوەرییان دەگاتە (٢٩,٠٩٥)، بەهای (t) ئەژمارکراو دەگاتە (٢,٥٢٦) کە گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی کە دەکاتە (٢,٠٦٩) ، بەهای ئەگەری (sig) بچووکترە لە (ئاستی دلالی) (٠,٠١٩ >٠,٠٥ )، واتە کاریگەرێتیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی لەڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ و ئاوێنە) دا هەیە و


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

گریمانەکە بەبوونی ئەو کاریگەرێتییە سەلمێنراوە.

٢. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ناوەندی ژمێرەی بڕگەکانی دووەم و سێیەمی فۆڕمی ڕاپرسییەکە لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا دەگاتە (٢٨٢,٥٠٠)، بەراورد بە ناوەندی ژمێرەیی ناوەندی گریمانەیی دەگاتە (٢٧٠,٠٠٠)، لەکاتێکدا لادانی پێوەرییان دەگاتە (٢٩,٢٦٤)، نرخی (t) ئەژمارکراو دەگاتە (١,٨١٢) کە بچووکترە لە بەهای (t) خشتەیی کە دەکاتە (٢,١١٠) ،بەهای ئەگەری (sig) گەورەترە لە (ئاستی دلالی (٠,٠٥>٠,٠٨٨ ).

٣. ڕۆژنامەی ئاوێنە: ناوەندی ژمێرەی بڕگەکانی دووەم و سێیەمی فۆڕمی ڕاپرسیەکە لە ڕۆژنامەی (ئاوێنە)دا دەگاتە (٢٩٢,٥٠٠)، بەراورد بە ناوەندی ژمێرەیی ناوەندی گریمانەیی دەگاتە (٢٧٠,٠٠٠)، لەکاتێکدا لادانی پێوەرییان دەگاتە (٢٩,٨٧١)، بەهای (t) ئەژمارکراو دەگاتە (١,٨٤٥) کە بچووکترە لە بەهای (t) خشتەیی کە دەگاتە (٢,٥٧)، بەهای ئەگەری (sig) گەورەترە لە (ئاستی دلالی) (٠,٠٥>٠,١٢٤) .

خشتەی (٢٩) ئەوە دەردەخات کە تارادەیەك جیاوازی هەیە لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر لەنێوان ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)دا، بەجۆرێك ڕێژەی بەکارهێنانەکە لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) دا زیاترە لە ڕۆژنامەی (ئاوێنە)، چونکە لادانی پێوەری بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا کەمترە بەراورد بە ڕۆژنامەی (ئاوێنە)، (٢٩,٢٦٤> ٢٩,٨٧١)، هۆکارەکەی بۆ چەند خاڵێك دەگەڕێنێتەوە:

١. جیاوازی لە کاتی دەرچوونی نێوان هەردوو ڕۆژنامەکە کە (ڕۆژانە و هەفتانە)ن کاریگەرێتیی لەسەر ڕادەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر هەیە لە سازاندنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکاندا.

٢. جیاوازی لە ئامانج و شێوازی کارکردنی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی حیزبی بەراورد بە ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی ناحیزبی هۆکارێکی دیکە دەبێت لە جیاوازی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر لە هەردوو ڕۆژنامەکەدا.

٣. جیاوازی لە پێکهاتە و ڕێکخستنی کارگێڕی و ستافی سازاندنی هەردوو ڕۆژنامەکە لە ڕووی قەبارە و شێوازی کارکردنەوە.

بەروانین لە خشتەی (٢٩) ئەوە دەردەکەوێت کە لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)دا بەهای (T) ئەژمارکراو گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی(٢,٥٦> ٢,٠٦)، واتە بەهای ئەگەری (sig)بچوکترە لە (٠,٠٥)، (٠,٠٥<٠,٠١) واتە تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر کاریگەرێتی لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی لەڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)دا هەیە بەم ئەنجامەش گریمانەی توێژینەوەکە دروستدەردەچێت، وەك خشتەی (٢٩).

خشتەی (٢٩)

ئەنجامی پێوەری کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی

| برگەکانی تەوەری دووەم و سێیەم | ناوەندی ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەری | بەهایT | | نمرەی ئازادی | برگەکانتەوەری دووەم و سێیەم | ناوەندی ژمێرەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | بەهای t ئەژمارکراو | بەهای t خشتەیی | | | |
| کوردستانی نوێ و ئاوێنە | ٢٨٥،٠٠٠ | ٢٧٠،٠٠٠ | ٢٩،٠٩٥ | ٢،٥٢٦ | ٢،٠٦٩ | ٢٣ | ٠،٠١٩ | داله |
| کوردستانی نوێ | ٢٨٢،٥٠٠٠ | ٢٧٠،٠٠٠ | ٢٩،٢٦٤ | ١،٨١٢ | ٢،١١٠ | ١٧ | ٠،٠٨٨ | دال نيیە |
| ئاوێنە | ٢٩٢،٥٠٠٠ | ٢٧٠،٠٠٠ | ٢٩،٨٧١ | ١،٨٤٥ | ٢،٥٧١ | ٥ | ٠،١٢٤ | دال نيیە |

## دەرەنجامەکان

### دەرەنجامی بەشی مەیدانی

١.سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) بەشێوەیەکی (بەردەوام) ئامرازی (کۆمپیوتەر) بۆ سازاندنی بابەتەکانیان بەکاردەهێنن .

٢. (بەپلەیەکی زۆر) و بەرێژەی (٨٧،٥٪)سازێنەرانی هەردوو ڕۆژنامەکە کۆمپیوتەری جۆری (دیسکتۆپ) بەکاردەهێنن بۆ سازاندنی بایەتەکانیان.

٣. ڕێژەی بەکارهێنانی کۆمپیوتەری جۆری (لاپتۆپ) لە ڕۆژنامەی (ئاوێنە)دا زیاترە و بەرێژەی (١٠٠٪)بەراورد بە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) کە بە ریژەی (٢٧،٨٪).

٤. ئامرازی کۆمپیوتەر زۆرترین بەکارهێنانی هەیە لەلای سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردسانی نوێ) و (ئاوێنە) زۆرینەشیان بۆ گەیشتن بەسەرچاوەکانی هەواڵ و بۆ ئەمبارکردنی دەق و گێڕانەوەی، هەروەها بۆ بەدوایدا بۆ نوسینی دەقەکان و سازاندنیان بەکاریدەهێنن.

٥ بەرنامەی (مایکرۆسۆفت ۆرد) زۆرترین بەکارهێنانی هەیە لەهەردوو ڕۆژنامەکەدا بەراورد بە بەرنامەکانی دیکە وەك(هەڵەچنی ڕێنوسی، (Adobe reader)، چارەسەری وێنەکان، بەرنامەی ڕۆژنامەوانی بۆ پیشاندان و پەیوەندی لەنێوان دەرهێنەر و ڕۆژنامەنوسدا). کە لە کاری سازاندندا بەکاردێن

٦. ئامرازی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و تۆڕەکانی پەیوەندیکردن لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا پلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم وەردەگرن، بەڵام لە ڕۆژنامەی ئاوێنەدا کۆمپیوتەر و مۆبایل و تۆڕەکانی پەیوەندیکردن هەمان پلە وەردەگرن.

٧. هەمیشە بەکارهێنانی ئامرازی کۆمپیوتەر دەبێتەهۆی باشترکردن و خێراترکرنی کاری سازاندن و کەمکردنەوەی تێچوون و کات لە ڕۆژنامەدا، هەروەها پێکەوەبەستنی ستافی ڕۆژنامەکە و ئاڵوگۆڕکردنی خێرای زانیارییەکان لەکاتی سازاندنی پەیامە ڕۆژنامەوانییەکاندا.

### دەرەنجامی گریمانەی توێژینەوە

١. تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ کاریگەرێتیی جیاوازی لەسەر کاری ڕۆژنامەوانی و پرۆسەی سازاندن لە ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)دا بەجێهێشتووە، بەجۆرێك کە گۆڕانکاری لە پێکهاتە و ڕێکخستنی کارگێڕی و کاری دیزاین و دەرهێنانی ڕۆژنامەکاندا دروستکردووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە رووی چۆنیەتی و جۆرایەتییەوە کاری سازاندنی خێرا و باش و ئاسانترکردووە بەکات و تێتچوونێکی کەمترەوە لەجاران.

## پێشنیاز و ڕاسپاردەکان

یەکەم: پێشنیازەکان: لەچوارچێوەی ئەو ئەنجامانەی سەرەوەدا توێژەرچەند پێشنیازێك دەخاتەڕوو:

١. توێژەر پێشنیازدەکات بۆ بەڕێوەچوونی کاری سازاندنی ڕۆژنامەوانی لەڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)دا بەشێوەی سیستەمی تۆڕی

کەتێیدا سەرجەم سازێنەران بەهۆی تۆڕێکی ناوەندییەوە ببەبەسترێنەوە بە کۆمپیوتەری ناوەندییەوە، چونکە بەڕێوەبردنی کاری سازاندن بەم شێوەیە برێکی زۆر لە نەرمی و خێرایی و لێهاتوویی تێدایە.

٢. توێژەر پێشنیازدەکات بۆ ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) کەرێککەوتن لەگەڵ کۆمپانیا و دامەزراوەکانی بواری تەکنەلۆژیا بکەن بەمەبەستی بەرهەمهێنانی ئەو ئامرازە تەکنەلۆژییانەی کە گونجاون لەگەڵ سروشتی کارکردنی سازێنەراندا لە کوردستاندا، وەك جێگیرکردنی زمانی کوردی هاوشێوەی زمانەکانی دیکەی نێو کۆمپیوتەر تا سازێنەران سوودمەدبن لە بەرنامە تایبەتمەندەکان بەبواری سازاندن، وەك بەرنامەی (سیبویە) و هاوشێوەکانی.

٣. توێژەر پێشنیازدەکات بۆ ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) بۆ ناردنی سازێنەران بۆ خولی تایبەتی بۆ بەهێزکردنی توانیان لەبواری سازاندن و بەکارهێنانی زیاتری ئامێری کۆمپیوتەر.

## دووەم: ڕاسپاردەکان

توێژەر لە چوارچێوەی ئەو ئەنجامانەی سەرەوە چەند ڕاسپاردەیەك دەخاتەڕوو بۆ توێژەرانی دیکە:

١. ئەنجامدانی توێژینەوەی دیکە لەسەرئامرازەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی کوردی لێرەوە توێژەر چەند پێشنیازێك ڕادەسپێرێت:

أ- کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر لەسەر سازاندن لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆدا.

ب- کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر لەپرۆسەی بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەواندا.

ت- کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر لەسەر سازاندن لەڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیدا.

٢. ئەنجامدانی هەمان توێژینەوە، بەڵام سامپڵی ڕۆژنامەکانی پارێزگای هەولێر یان دهۆك وەربگیرێت.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: فەرهەنگ

١)حجاب، محمد منير. (٢٠٠٤). المعجم الاعلامى، القاهره، دارالفجر للنشر و التوزيع.

دووەم: کتێبی عەرەبی و وەرگێڕاو بۆ زمانی عەرەبی

١)ابوزيد، فاروق و عبدالمجيد، ليلى. (٢٠٠٠). فن التحرير الصحفى، القاهره، بدون مكان النشر.

٢)البكرى، إياد شاكر. (٢٠٠٣). تقنيات الاتصال بين زمنين، ط١عمان، ،دار الشروق للنشر و التوزيع.

٣)حداد، نبيل. (٢٠٠٢). فن الكتابه الصحفيه، عمان، دار الكندى.

٤)خطاب، امل محمد. (٢٠١٠). تكنولوجيا الإتصال الحديثه و دوروها فى تطوير الأداء الصحفى، القاهره، دار العالم العربى

٥)خليل، محمود ابراهيم و اللبان، شريف درويش. (٢٠٠٠). اتجاهات حديثه فى الإنتاج الصحفى، القاهره، العربى للنشر و التوزيع.

٦)خليل، محمود. (١٩٩٧). الصحافه الألكترونيه، اسس الأنظمه التطبيقيه فى التحرير الصحفى، القاهره، العربى للنشر و التوزيع.

٧)الدنانى، عبدالملك ردمان. (٢٠٠٣). الوظيفه الإعلاميه لشبكه الإنترنت، ط١، القاهره، دار الفجر للنشر و التوزيع.

٨)ربيع، عبد الجواد سعيد محمد. (٢٠٠٥). فن الخبر الصحفى، القاهره، دار الفجر للنشر و التوزيع.

٩)الرحبانى، عبير. (٢٠١٢). الإعلام الرقمى(الإلكترونى)، عمان: دار أسامه للطبع و التوزيع.

١٠)علم الدين، محمود. (١٩٩٠). تكنولوجيا المعلومات و صناعه الإتصال الجماهيرى، بدون مكان النشر، العربى للنشر و التوزيع.

١١)علم الدين، محمود. (٢٠٠٤). الفن الصحفى، القاهره، مطبوعات قطاع الثقافه مؤسسه اخبار اليوم.

١٢)العليان، ربحى مصطفى. ( ٢٠٠٥).إداره المعرفه، عمان،دار صفاو للنشر و التوزيع.

١٣)المزاهره، منال هلال. (٢٠١٤). تكنولوجيا الإتصال و المعلومات، ط١، عمان، دار المسيره للنشر و التوزيع و الطباعه.

١٤)مكاوى، حسن عماد و السيد، ليلى حسين. (٢٠٠٦). الاتصال و نظرياته المعاصره، ط٦، بدون مكان النشر،دار المصريه اللبنانيه.

١٥)مكاوى، حسن عماد و علم الدين، محمود سليمان. (٢٠٠٠). تكنولوجيا المعلومات و الإتصال، بدون مكان طبع.

١٦)يونس، ابراهيم عبدالفتاح. (٢٠٠٣). التعليم بين الفكر و الواقع، القاهره،دار قباء.

**سێیەم: نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا:**

١)بن زايد، فريد. (٢٠١٠). واقع استخدام التكنولوجيات الحديثه للاعلام و الاتصال فى الصحافه المكتوبه بالجزائر، رساله ماجستير غير منشوره، الجزائر، جامعه منتورى قسنطينه، كليه العلوم الانسانيه و الاجتماعيه، قسم علوم الاعلام و الاتصال.

٢)الحطامى، عبداباسط محمد عبدالوهاب. (٢٠٠٣). استخدام تكنولوجيا الإتصالات فى الإنتاج الإذاعى و التلفزيونى اليمنى/ دراسه تطبيقيه)، رساله دكتوراه منشوره، القاهره، جامعه الأزهر.

٣)حميد، حكيم عثمان. (٢٠١١). دور تكنولوجيا الاتصال فى أتطوير العمل الأعلامى فى الوسائل الاعلام الكوردستان، اطروحه دكتوراه منشوره، سليمانيه، جامعه السليمانيه، كليه العلوم الإنسانيه قسم الإعلام.

٤)ياسين، محمد اسماعيل. (٢٠١٥). استخدامات تكنولوجيا الإتصال فى تطوير شكل و مضمون الصحف الفلسطينيه اليوميه، دراسه ميدانيه، رساله ماجستير غير منشوره، غزه، جامعه الإسلاميه غزه، كليه الآداب، قسم الصحافه.

**چوارەم: توێژینەوەكان**

١)شيخانى، سميره. (٢٠١٠). الاعلام الجديد فى عصر المعلومات، مجله جامعه دمشق، المجلد٢٦، العدد الاول +الثانى.

پێنجەم: پێگەی ئەلیكترۆنی

١)بەبێ ناوی نوسەر. بەرواری سەردان(٢٠١٦/٢/١٠). تعريف ومعنى تحرير فى معجم المعانى الجامع معجم عربى عربى، تحرير http://www.activeparenting.com/APSF_authorhttp://www.almaany.com/ar/dict/ar-a.

٢)الربيش، جرشيد. بەرواری سەردان(٢٠١٦/٢/١٩). التحرير الأدبى العربى، http://www.squ.comlforumluploadedl.doc .

٣)عبده، نسرين محمد. بەرواری سەردان(٢٠١٥/١٢/١٥). اثر التطور التكنولوجى على فن التحرير الصحفى، (http://www.aluka.com)

**شەشەم: چاوپێكەوتن**

١)ئەندامانی دەستەی نوسەران لە رۆژنامەی(كوردستانی نوێ) بەشێوازی(فۆكەس گرووپ)، (٢٠١٦/٨/٢٩)، كاتژمێر(١١:٠٠)، سلێمانی، بارەگای رۆژنامەی كوردستانی نوێ.

٢)ئەندامانی دەستەی نوسەران لە رۆژنامەی(ئاوێنە) بەشێوازی(فۆكەس گرووپ)، (٢٠١٦/٩/٤)، كاتژمێر(١٠:٣٠)، سلێمانی، بارەگای رۆژنامەی(ئاوێنە).


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360